


# بەشێک لەپەیام و وتارەکانی

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست


١- نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ..................................... ٤

٢- بۆ کۆچی دوایی برای بەرێزم خدر حەسەنزادە ......................................................................... ٩

٣- سوپاس و داوای لێبووردن ........................................................................................... ١١

٤- دوو بۆنە و دوو ئاواتی پیرۆز .......................................................................................... ١٣

٥- وتوویژ گۆڤاری تیشک ................................................................................................ ١٦

٦- لەسەر وتوویژەکانی نێوان تاران و کوردستان ......................................... دیمانە: عەلی لەیلاخ ........... ٣٥

٧- مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر بەرێز! ........................................................... ٤١

٨- غەمێکی نوێ ............................................................................................................. ٤٣

٩- یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات و چەند قسەیەک ................................................................. ٤٥

١٠ - میداڵی دەرەجە یەک ................................................................................................. ٥٢

١١- کەلێنێکی گەورە ..................................................................................................... ٥٨

١٢- رێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان .......................................... ٦١

١٣- دەرسەکانی شەوی یەڵدا و ١٧ی خەرمانان ........................................................................... ٦٥

١٤- مەرگێکی ناوادە و داخێکی گران ...................................................................................... ٦٩

١٥- دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی مومتاز حەیدەری ................................................................. ٧٢

١٦- یادی کوێخا عەلی کەسایەتیی خۆشناوی ناوچەی مەنگوڕایەتی ........................................ ٧٥

١٧- دوور و نزیک دەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"........................................................................ ٧٧

١٨- یادیک و وەفایەک(بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتو ئامین ماملێ ........................................................ ٨١

١٩- ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ......................................... ٨٤

٢٠- پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان ........................................................... ٨٨

٢١- زۆر بە کورتی ............................................................................................... ٩٠

٢٢- پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو ...... دیمانە: عەلی بداغی .... ٩٣

٢٣- لە بێدەسەڵاتیم ................................................................................................ ١٠٥

٢٤- سوپاس بۆ هەمووان .......................................................................................... ١٠٧

٢٥- ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان" ...................................................................................... ١٠٩

٢٦- بۆ کاک مووسا بابەخانی ....................................................................................... ١١٣

٢٧- ئەو "هەژار"ەی من ناسیومە .................................................................................... ١١٥

٢٨- مەرگی کەریم شڵماشی کۆستێکی تازە ........................................................................... ١٢٢

٢٩- میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو هەپەیڤین: دیاکۆ دانا ................ ١٢٤

٣٠- مەرگی عەبدولکەریم شێخانی: خەسارێکی گەورە .................................................................. ١٣٠

٣١- بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیارەنگ ................................................................................ ١٣٣

٣٢- بە بیانووی بەخشینی خەڵاتی زێڕینی «بلە» بە مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان ........................................... ١٣٥

## نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا




**خوشکان و برایانی بەڕێز!**

**بەخێربێن بۆ کۆنفڕانسی یادی دوکتۆر قاسملوو. بەدڵەوە سوپاسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس دەکەم کە ئەم کۆنفڕانسە بەشکۆیەی بۆ ڕێزگرتن لەیادی دوکتۆر قاسملوو ڕێک خستوە و سوپاسێکی زۆریش بۆ سێنای فەڕانسە کە کۆنفڕانسەکەی لە باوەش گرتوە. شتێکی سروشتییە کە ئەنستیتووی کورد لە پاریس یادی دوکتۆر قاسملوو ڕێکبخا و سێنای فەڕانسە ش میوانداریی بکا. دوکتۆر قاسملوو نەک هەر دۆستایەتییەکی گەرمی دەگەڵ بەڕێز دوکتۆر کەنداڵ نەزان سەرۆکی ئەنستیتووی کورد هەبوو، بەڵکوو لە دانانی ئەنستیتووشدا هاوبیر و هاوکارێکی چالاکی بوو. فەڕانسەش ئەو وڵاتەیە کە د. قاسملوو بۆ دوا قۆناخەکانی خوێندن هەڵی بژارد و پتر لە هەموو وڵاتێکی بێگانە بە مێژوو و فەرهەنگەکەی ئاشنا بوو و لە میللەتەکەی نزیک بوو.**

**دۆستانی بەڕێز! ئەمن ئەو شانازییەم هەیە کە ماوەی ١٩ ساڵ لە نیزیکەوە هاوکار و هاوبیر، یان باشتر بڵێم قوتابیی دوکتۆر قاسملوو بووم. بۆیە بیرەوەریی تاڵ و شیرینم لە هەموو قۆناخەکانی ئەو ١٩ ساڵەی ژیان و خەباتی ئەو ڕێبەرە لەدستچووەی بزووتنەوەی کوردی ئێران هەیە. بەڵام لەسەر پێشنیاری ئەنستیتوو لە وتاری خۆمدا تەنیا باس لەو قۆناخە دەکەم کە لە بەغدای پێتەختی عێراق پێکەوە کارمان کردوە. ئێزن دەخوازم کاریگەریی قاسملوو لەسەر ژیان و خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دوو بەشی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب دابەش بکەم:**

## یەکەم، باری نێوخۆی حیزب:

ئەگەر پێشەوا قازی موحەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، دوکتۆر قاسملوو زیندووکەرەوە و بووژێنەرەوەی ئەم حیزبە بوو. ئەو لەکاتێکدا کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی کردەوەدا کەوتبووە حاڵەتێکی پاسیڤەوە و پتر لە بیرەوەریی ئەندامانی و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا مابوو، بە گرتنەدەستی نەخشی ڕێبەری گیانێکی تازەی بەبەر ئەم حیزبەدا کردەوە. پێش هەموو شتێک بەهاوکاری و هاوفکریی چەند تێکۆشەری دیکە توانی بەشە پەرش‌وبڵاوەکانی حیزب وەسەر یەک بخاتەوە و لەپێشدا یەکیەتیی ڕێکخراوەیی و دواتر بە کاری بەردەوامی فکری و فێرکاری یەکیەتیی سیاسی بۆ ئەم حیزبە بگێڕێتەوە.

پێگەیاندنی ئەندامان و کادرەکانی حیزب بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییشەوە، لە ڕێگای کردنەوەی دەورەی ڕاهێنان و فێرکردن و ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی بەردەوامەوە یەکی دیکە لەو خزمەتە بەنرخانە بوو کە قاسملوو بە حیزبەکەی و لەڕێگای ئەویشەوە بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانی کرد.

قاسملوو، هاوڕێیەکانیی فێر کرد کە تاکپەرستی و تەکرەوی لە حیزبدا ڕەت بکەنەوە و بناخەی ڕێباز و سیاسەتەکانیان لەسەر فکری بە کۆمەڵ و بڕیاری بە کۆمەڵ دابڕێژن، ئەو تێی گەیاندین کە دەبێ قازانجی گشتیی حیزب و کۆمەڵ وەپێش قازانجی خۆمان بخەین و بەر لەوەی بیر بکەینەوە کە حیزب چیی پێ بەخشیوین، بیر لەوە بکەینەوە کە چیمان بۆ حیزبەکەمان کردوە.

ئەو مامۆستا مەزنە بناخەی سەربەخۆیی فکری و سیاسیی بۆ داڕشتین و فێری کردین کە سەربەخۆیی حیزبەکەمانمان لە هەموو شتێک لەلا عەزیزتر و بەنرختر بێ. ئەو دەیگوت: سەربەخۆیی سیاسییش بۆ ئێمە گرنگە و بوونی دۆست و هاوپەیمانیشمان بۆ گرنگە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ناچار بین یەکێک لەم دووانە بۆ ئەوی دیکە وەلا بنێین، سەربەخۆییەکەمان دەپارێزین، چونکە ئەگەر سەربەخۆیی و کەسایەتیمان ڕابگرین دۆستمان هەر بۆ پەیدا دەبێ. ئەم باوەڕەی قاسملوو زۆرجار هەر لە حیزبەکەی خۆماندا دروست بوونی خۆی نیشان دا.

لە پێناو پاراستنی ئەو سەربەخۆییەدا بوو کە دەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات پێوەندیی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو، هەرگیز نەچووە ژێر باری هیچ داخوازێکی ناڕەوای ئەو دەوڵەتە و تەنانەت کاربەدەستانی عێراق و خودی سەددام حوسێن

چەند جاریان داوا کرد دوکتۆر قاسملوو لەسەر تەلەڤیزیۆن دەگەڵ سەرکۆماری عێراق دەرکەوێ، قبووڵی نەکرد. چونکە دەیگوت وەختێک لە باشووری کوردستان هەموو ڕۆژێ کورد دەگیرێ و دەکوژرێ و ماڵوێران دەکرێ، ئەگەر لەگەڵ سەرۆکی عێراق لە تەلەڤیزیۆن دەرکەوم، چ جوابێکم بۆ هەست و بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەبێ. هەر ئەو میراتە بەنرخەی د. قاسملوو بۆ هاوسەنگەرەکانی بوو کە دەگەڵ هەموو دژوارییەکانی سەر ڕێگا، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرگیز کارێک و تەنانەت قسەیەکیشی نەکرد، کە زیان بە کوردی باشوور و گەلانی دیکەی عێراق بگەیەنێ.

قاسملوو تێکۆشەرێکی چەپ و دێموکڕات و نەتەوەیی بوو کە بۆ دوو ئامانجی بەرزی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدیهێنانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا. بۆیە لە بەرنامەی حیزبەکەشیدا گونجاندی کە خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی دەبێ شان بەشانی یەکتر بچنە پێش و هەرگیز نابێ بەو بیانووە کە ڕزگاریی نەتەوەیی ئامانجێکی لەپێشترە، خەبات بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک پشت گوێ بخرێ.

دوکتۆر قاسملوو ناتەبایی نێوان کورد بوون و ئێرانی بوونی کە ئێستاش بۆ هێندێ کەس حەل نەبووە، بە باشی چارەسەر کردبوو. ئەو نە هیچ کات شەرمی لە ئێرانی بوون دەکردەوە و نە هیچ وەخت لەوە دەترسا بڵێ کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو میللەتانە و مافی خۆیەتی بیر لە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە و تەنانەت بەدەستیشیان بێنێ.

## دووەم بۆ دەرەوەی حیزب:

پێش ئەوەی دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات وەئەستۆ بگرێ، ئەم حیزبە بێجگە لە پێوەندییەکی نابەرامبەر دەگەڵ یەکدوو حیزبی کوردی و ئێرانی هیچ پێوەندییەکی سیاسی و دۆستانەی دەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی نەبوو. بەڵام قورسایی و شارەزایی ڕێبەری شەهیدمان ڕێز و ئیعتیباری بۆ حیزب گەڕاندەوە و لە هەر سێ بواری کوردی و ئێرانی و دەرەوەدا کردیە خاوەنی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی، لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی بەرامبەر و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی.

لە مەیدانی کوردستانی و ئێرانیدا حیزب توانی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و تێکەڵ بە ڕێزی دوو لایەنە دەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە ناسراو و خاوەن جێگە و پێگەکان دامەزرێنێ بەجۆرێک کە لە هەردوو بوارەکەدا وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی موعتەبەر و خاوەننفووز حیسابی بۆ بکرێ.

لە ماوەیەکی کورتی زەمانیدا حیزبەکەمان پێوەندییەکی بەربڵاوی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئورووپاییدا دامەزراند و بەحوکمی ئەوەی ناوەندی بڕیاری ئەم حیزبە لە بەغدا پێتەختی عێراق بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە دەگەڵ بەشێکی زۆری باڵیۆزخانەکانی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی سۆسیالیستی پێوەندی دامەزرێنێ کە ئەودەم ئەمە بە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی بۆ حیزبە کوردی و ئێرانییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەست دەژمێردرا.

## لە پێوەندی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکاندا

جێگە و پێگەی د. قاسملوو هەر لەنێو حیزبەکەی خۆیدا نەبوو. لەنێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقیشدا حیسابی لەسەر دەکرا و بە تایبەتی لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد یان بڵێین حیزبی بەعس و پارتی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجار بۆ چاری گیروگرفتەکان داوای هاوفکریی لێ دەکرا. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە، دواسەفەری خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵی پێشگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو. لەسەر داوای کاک ئیدریس و ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت، دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ماوەی مانەوەی شاندی پارتیدا دەگەڵ کاک ئیدریس لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بوو. تەنانەت بۆ گەڕانەوەش لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس هەستی بە نیگەرانی دەکرد دوکتۆر قاسملوو هەتا کەرکووکی دەگەڵ چوو و تەنیا دوای ئەوەی ئەوی تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی کردەوە، بۆخۆی گەڕایەوە بەغدا.

لە دواهەوڵیشدا بۆ چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، لیژنەیەکی سێکەسی دیاری کرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی ماماوەندی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: خوالێخۆشبوو خوسرەو تۆفیق لە پارتی دێموکراتی کوردستان، غانم عبدالجلیل لە حیزبی بەعس و دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. جێی ئاماژەیە کە ئەو لیژنەیە سێ ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە کرد و دای بە سەرکردایەتیی هەر دوو لا. بەڵام بەداخەوە هیچ کامێکیان پێی ڕازی نەبوون و لە ئاکامدا شەڕێک هەڵگیرسایەوە کە زیانەکانی بۆ کوردستان و عێراق لە هەموو قۆناخەکانی شەڕی نۆساڵەی نێوان ئەم دوو هێزە زیاتر بوو.

تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەشەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو چوارچێوەیەشی تێپەڕاند و لە هەوڵێکی کوردستانیدا، ساڵی ١٩٧٧ بە کەلک وەرگرتن لە پێوەندیی بەرینی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێزە

خەباتگێڕە کوردستانییەکان لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان، بەردی بناخەی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی کوردستانیی دانا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە دوکتۆر ئامادەی کردبوو، پەسند کرا و بەرپرسایەتی درا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەماوەی سێ مانگدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبانە کە لە کۆبوونەوەی بەیرووت ئامادە نەبوون ببینێ و وێڕای شیکردنەوەی بەرنامەی پەسندکراوی کۆبوونەوەی بەیرووت، هەموانیان بانگهێشتن بکا کە لە دووەم کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا بەشدار بن و دوای وەرگرتنی بیروبۆچوونیان لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەکە، هەموویان لەسەری ڕێک کەون و بۆ یەکەم جار بەرەیەکی کوردستانی بە بەرنامەیەکی واقیعبینانەوە دابمەزرێ. بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێ لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان، بوونە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەوجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە.

دۆستانی گرانقەدر! نەخشی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسیدا بۆ حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوەیەدا کە جێی باسەکەی ئێمەیە زۆر بەربڵاوتر و هەمەلایەنەترە. بەڵام کەمیی دەرفەتەکە ڕێگا نادا لەمە زیاتر لێی بدوێین و دەگەڵ تەواوکردنی قسەکانم زۆر سوپاستان دەکەم کە بە حەوسەلەوە گوێتان لێگرتم.

سڵاو لە یاد و گیانی نەمری د. قاسملوو و سڵامەتی و سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز. هەربژین.

لە ژمارە ٧٦٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## بۆ کۆچی دوایی برای بەڕێزم خدر حەسەنزادە



### بۆ ئاگاداریی ئازیزان و هەموو دۆستان!

بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووم کە سەعات ٩ و نیوی ئەمشەو ١٩ لەسەر ٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ تاقە برا گەورەم کە لە ژیاندا مابوو، بە ناوی خدر حەسەن زادە بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردوە. وەک لە کوردەواریدا دەڵێن دایک و باب لە ئینسانی پیر نابن، براش لەو ئازیزانەیە کە هەروەخت لە دەست بچن داخێکی گران لەسەر ڕووحی مرۆڤ دادەنێن. بەتایبەتی براکانی من کە هەموویان لە خۆم گەورەتر بوون هەقی زۆریان بەسەر منەوە هەبووە و لە منداڵیمەوە پشتوپەنام بوون و هەرچیم هەیە لەوانی دەناسم.

ئەوەی هەمیشە بۆ مەمانان تاڵ و جێگای کەسەر بووە، ئەوەیە کە لەو موسیبەتانەدا دەرفەتی ئەوەندەمان نەبووە لە دوا ساتەکانی ژیانی ئازیزانماندا لە پەنایان بین و دوا ماڵئاواییان لێ بخوازین. سەرباری ئەوەش کۆستی تازەی من لە هەلومەرجێکدایە کە لە کوردستان و تەواوی وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت هەموو دنیادا بەڵایەکی جیهانگیر لە ئارادایە کە دەرەتانی دانانی پرسە و وەرگرتنی سۆز و هاودەردیی دۆست و ئاشنایانیشی بۆ کۆستکەوتووان نەهێشتۆتەوە.

هەر بۆیە دەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە ناخۆشە و داوای شادیی ڕووحی برا گەورەی لەدەستچووم و ئاواتی سڵامەتی و تەمەندرێژی بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەی، هەموو لایەک ئاگادار دەکەم کە بە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەوە نیازم نیە مەجلیسی سەرەخۆشی دانێم و داوا لە سەروەران دەکەم لوتف و گەورەیی و هاودەردیی خۆیان بە ڕێگای تەلەفون و

ئامرازەکـانی دیـکەی پێوەندیـدا بە مـن و هەمـوو کەسـوکاری خوالێخۆشـبوو ڕابگەیەنـن و زەحمەتـی سـەردان و سەرەخۆشـیی حوزووری بە خۆیان نەدەن.

هیـوادارم هەمـوو دۆسـتان و ئـازیزانم لە بەڵا و موسیبەت بەدوور بـن و لە خـوای گەورە داوا دەکەم ئەو بەڵا گەورەیەش کە دنیای بەخۆیەوە خەریک کردوە، بە زوویی لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکاتەوە.

دەگەڵ حورمەتی زۆر بۆ هەمووان.

عبدالله حسنزاده

١٩ - ١٢ - ١٣٩٨ = ٩ - ٣ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

# سوپاس و داوای لێبووردن



**سەروەران و دۆستان و ئازیزانم!**

مەرگی کەسوکار و ئازیزان لە هەرکات و هەر تەمەنێکدا ڕووداوێکی سەخت و بەئازارە. ڕاگەیاندنی هەواڵی ڕووداوی نەخوازراویش لەو بەئازارتر. سێ ڕۆژ لەمەوبەر بە داخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی دوا براگەورەی بنەماڵەکەمانم ڕاگەیاند و هەر لەوکاتەدا بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەوە کە بە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پەتای کوشەندەی کۆڕۆنا، لە کوردستان و وڵاتانی ناوچە و پتر لە ١٠٠ وڵاتی دنیا هاتۆتە پێش ڕامگەیاند کە کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی دانانێم. ڕاستتان بوێ ئەو بڕیارە، کە هەم لە لای من و هەم لەلایەن جگەرگۆشەکانی برا کۆچکردووەکەمەوە پەیڕەوی کرا، بڕیارێکی سەخت بوو . چونکە لەو جۆرە پێشهاتانەدا هاودەردی و دڵدانەوەی دۆست و ناسیاوان و لەوەش زیاتر کەسایەتی و کۆڕوکۆمەڵەکان و بوونیان لە تەنیشت کۆستکەوتووەکان یارمەتییەکی زۆر بە سووکبوونی باری خەمی لە دەستدانی ئازیزان دەدا.

بەڵام بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە دیتمان هاودڵی و هاودەردیی هاوڕێیان و دۆستان و سەروەرانم لە کوردستان و ناوچە و دەیان وڵاتی بێگانە زۆر زوو جێگای بەتاڵی کۆڕی سەرەخۆشیی حوزووریی بۆ پڕ کردینەوە و لە ڕێگای ئامرازەکانی پێوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بارانی خۆشەویستی و سەروەری بە سەرمن و برازاکانم و تێکڕای ئەندامانی بنەماڵەکەماندا باری. لەو سێ ڕۆژەدا بە هەزاران (ئەگەر نەڵێم دەیان هەزار) پەیامی هاودەردی بە نامە و تەلەفون و مایل و کامێنت و کورتە پەیام و... بە دەست خۆم و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەم گەیشتوون کە بەڕاستی کۆستەکەیان لە

بیر بردووینەوە.

لێرەدا نە زمانم توانای دەربڕین و نە قەڵەمم هونەری نووسینی سوپاس و قەدرزانیی ئەو هەموو دڵدانەوە و هاودەردی و لوتف و گەورەیییەی سەرووەرانی هەیە و هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بە ناوی خۆم و لە جیاتی برازاکانم و یەک بەیەکی ئەندامانی بنەماڵەوە سەری کڕنووش دانەوێنم و لەوەش کە نەمتوانیوە و ناتوانم ڕاست بەڕاست وەڵامی هەموو سەروەران بدەمەوە و تەنانەت بۆم نەکراوە وەڵامی سەدان تەلەفون بدەمەوە، داوای لێبووردن بکەم. لە خوای گەورە داوا دەکەم پاداشی خێری هەمووان بداتەوە و لە بەڵا و موسیبەت بیانپارێزێ.

دووبارە ئارەزوو دەکەم بە زوویەکی زوو پەتای ماڵوێرانکەری کۆڕۆنا یەخەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەر بدا و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دەست ڕێژیمە کۆڕۆناسیفەتەکان و شەڕ و ئاژاوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان ڕزگاری بێ.

بەوپەڕی ئەدەب و ئیحتیرامەوە

عبدالله حسن‌زادە

۲۳ - ۱۲ - ۱۳۹۸ = ۱۳ - ۳ - ۲۰۲۰

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

## دوو بۆنە و دوو ئاواتی پیرۆز



لە بەرەبەری نەورۆز و ساڵی تازەداین. شار و بازاڕی کوردستانی ئازیز هەموو ساڵێ لەم ڕۆژانەدا دەبن بە یەک پارچە جموجۆڵ. ڕوو لە هەر لایەک دەکەی، ڕێ وەبەر ڕێدار ناکەوێ. کووتاڵفرۆشەکان و شیرنیفرۆشەکان و لەوانیش زیاتر بەرگدرووەکان بازاڕیان گەرمە. ئەگەر لێم تووڕە نەبن، دەڵێم سوودپەرستەکانیش دەرفەتێکی باشیان بۆ دەڕەخسێ بۆ ئەوەی کاڵاکانیان گران و قاسەکانیان پڕ کەن. هەموو کەس و هەموو بنەماڵەیەک خۆی بۆ ئاهەنگی نەورۆز و سەفەر بۆ گەشتی شارەکان و سەردانی دۆست و ئاشناکان، یان پێشوازی لە میوانە نەورۆزییەکان ئامادە دەکا. دەشت و دیمەن و باغ و چیمەنی وڵات بە وەنەوشە و گەزیزە و گوڵە مێلاقە دەڕازێنەوە، تا لە ڕۆژانی جەژندا ئەڤینداران و دڵداران چەپک چەپک کۆیان کەنەوە و بیانکەنە دیاری بۆ خۆشەویستانیان.

نەورۆزی ئەمساڵمان جیاوازە. دوژمنێکی نادیار و پەتایەکی زیانبار کە بەرۆکی هەموو مرۆڤایەتیی گرتوە و دەوڵەمەندترین و بەدەسەڵاتترین وڵاتانیشی بەخۆیەوە خەریک کردوە، پێویستیی بە بەرەنگاربوونەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە. هەموو شارەزایان و پسپۆڕان یەکدەنگن کە ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە شوێنی قەرەباڵغ و لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا پتر دەست دەوەشێنێ. بۆیە، ئەرکی خۆپارێزی و خەڵکپارێزی داوامان لێدەکا لە ڕۆژانی نەورۆزیشدا هەروەک ڕۆژانی پێش و پاش نەورۆز، لە ماڵەکانمان بمێنینەوە و خۆ لە ئاهەنگی بەکۆمەڵ و سازکردنی قەرەباڵغی بپارێزین.

بەڵام بێگومان نەورۆز، ئەو دۆستە لەمێژینە و ئەو میوانە ڕوحسووک و خوێن شیرینە ئەمساڵیش لە نێوماندا هەست بە غەریبی و نامۆیی ناکا. وەک میوانێکی مەحرەم و خۆماڵی لە کۆڕی گەرمی بنەماڵەکانماندا پێشوازیی لێدەکەین و لە ڕێگای ئامرازە زۆروزەوەندەکانی پێوەندییشەوە پیرۆزبایی لە ئازیزانمان دەکەین. بەوجۆرە لەڕاستیدا شێوەیەکی تازە بۆ ئاهەنگی نەورۆز دادێنین و ژیان بە هەموو جوانییەکانیەوە درێژە پێ دەدەین.

هەر لە یەکەم ڕۆژانی نەورۆز و ساڵی نوێدا بەتایبەتی بۆ ئێمە کوردی خۆرهەڵات و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆنەیەکی دیکەش هەیە کە هەموو ساڵێ لە نەورۆز و لەویش زیاتر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لەداردرانی پێشەوا قازی موحەممەددا کە بە «ڕۆژی شەهیدان» ناسراوە، بە گەرمی پێشوازیی لێکراوە. ساڵەکانی دیکە لە ڕۆژی شەهیداندا، لە هەر جێیەک بە پێی دەرەتان خەڵک دەچوونە سەر گڵکۆی ئازیزە لەدەستچووەکانیان، ڕێزیان لێ دەگرتن و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکردنەوە. بەڵام هەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر بە سڵامەتیی خۆمان و خەڵکەکەمان داوامان لێدەکا ئەمساڵ لەو بارەیەشەوە پێ لە جەرگی خۆمان بنێین و لە جیاتی چوون بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان لە ماڵەکانماندا یادیان بکەینەوە.

لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستاندا پتر لە ٤١ ساڵە پەتایەکی کوشەندەتر و کۆڕۆنایەکی مەترسیدارتر بە ناوی کۆماری ئیسلامی بەرۆکی خەڵکی گرتوە. ئەگەر (بەپێی ئاماری ڕەسمیی دەوڵەت) پەتای کۆڕۆنا تا نووسینی ئەم دێڕانە شتێک کەمتر لە ١٠٠٠ کەسی کوشتوە، کۆڕۆنا گەورەکە زۆر جار لە مانگێک و تەنانەت لە حەوتوویەکیشدا گیانی هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی خەڵکی ئەستاندوە. خۆ ئەگەر ئاوڕ لە کوردستان بدەینەوە، دێتەوە بیرمان کە کۆماری ئیسلامی زۆرجار لە ڕۆژێکدا و لە تەنیا شارێک و تەنانەت تاقە گوندێک پتر لەو ژمارەیەی کوشتوە کە لەم دوو مانگەدا بە پەتای کۆڕۆنا مردوون. کوشتارە بەکۆمەڵەکانی مەهاباد و بانە و سنە و سەقز و قارنێ و قەڵاتان و دەیان گوندی دیکە و ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی لە تاقە ڕۆژێکدا شاهیدی بۆ ئەم هەقیقەتە تاڵە دەدەن.

بەو پێیە و لەو پێوەندییەدا بەش بەحاڵی خۆم دوو ئاواتی پیرۆزم لەدڵدان کە ڕەنگە ئاواتی هەموو وڵاتپارێزێکی کورد و هەموو مرۆڤێکی شەریف بن. وەک کورد دەڵێ: «دوعایەکی دەکەم، وێکڕا بڵێن ئامین»:

- هەتا ساڵێکی دیکە و نەورۆزێکی دیکە و تەنانەت زۆر زووتریش کۆڕۆنای چووکەڵە (کۆڤید ١٩) بەرۆکی کوردستان و سەرانسەری دنیا بەر بدا و ساڵی دادێ، بە دابی ساڵانی ڕابردوو جەژنی نەورۆز و ساڵی نوێ پێکەوە و لە ئامێزی سروشتی جوانی کوردستاندا نوێ بکەینەوە.

- تا ساڵێک دواتر، هەوری ڕەشی کۆڕۆنای گەورە، واتە کۆماری ئیسلامی لە ئاسمانی کوردستان و سەرانسەری ئێران بڕەوێتەوە و هاتنی نەورۆز و کۆتایی دیکتاتۆری لەسەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی بکەینە جێژن.

لە ئێستاوە نەورۆزی هەمووان پیرۆز و هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز.

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

٢٧ - ١٢ - ١٣٩٨

١٧ - ٣ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

# وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە




## ژياننامە

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: کوڕی حەسەن، ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسێری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و لە منداڵییەوە خراوتە بەر خوێندنی مەدرەسەی مەلایەتی و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و ٧ ساڵ لە دوو دێ دەرسی گوتۆتەوە.

لە تەمەنی لاوییەتییەوە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردووە و بەشدار بووە لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماوەی سێ دەورە جێگری سکرتێر و سێ دەورەش سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە.

یەکێک لە قەڵەمە دیار و وەرگێڕەکانی کوردە کە خاوەنی زمان و شێوەی وەرگێڕانی تایبەتی خۆیەتی، پتر لە پازدە بەرهەمی نووسراو و وەرگێڕدراوی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە. بەشێک لە بەرهەمە ناسراو و وەرگێڕدراوەکانی ناوبراو: (حەمەدۆک، بیرەوەریی دوورخراوەیەک، دان چەرمو، گێلە پیاو، نزا بۆ ئارمین، کوردستان و کورد)....هتد.

لە ماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی پێ بەخشراوە کە یەکێک لەوان دوکتۆرای ئیفتیخاری لە بواری

وەرگێڕان لە زانکۆی کۆیە و هەروەها ئەندامەتیی ئیفتخاری لە ئاکادیمیای کوردی بوو. لە چوار دەیەی کۆتاییی سەددەی بیستەمدا هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی و تێکەڵاویی لەگەڵ مەسعوود محەممەد، د. عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ، د. کەمال مەزهەر و زۆری دیکە لە گەورە نووسەرانی باشووری کودستاندا هەبووە.

ئێستا سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە.

---

**تیشک**: سڵاو و ڕێز مامۆستا گیان هیوادارم کە باش بێت، سپاس بۆ ئەم دەرفەتە کە بۆ گۆڤاری تیشک ڕەخساندووتە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بگەینە خزمەتت و چەند پرسیارێک تاوتوێ بکەین.

**عەبدوڵا حەسەن‌زادە**: سپاست دەکەم، ئیشەڵڵا ئێوە سەرکەوتوو بن و دەستتان خۆش بۆ ئەو گۆڤارە جوانە کە چەند ژمارەیەکتان لێ دەرکردووە، تیشک کۆنە بەڵام بە شێوەی ئێستای تازەیە.

**تیشک**: مامۆستا گیان با پرسیارەکان لە کۆنەوە دەست پێ بکەین. حیزبی دێموکڕات لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بایەخێکی زۆری بە ڕەهەندی فەرهەنگیی کوردستان دا، دواتریش لە هەر باسێ کە ڕوو بە تاران دووپاتی کردووەتەوە، پێداگر بووە لەسەر ئەو بابەتە. هۆکارەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵا حەسەن‌زادە**:: بە باوەڕی من باشتر وایە بڵێین باری زمانی. چونکە فەرهەنگ دەتوانێ زۆر شت بگرێتەوە. هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە، ئەدەبیات، کەلەپوور، پیشە دەستییەکان و دابونەریت و هتد... هەریەکە جۆگەلەیەکی ڕووباری فەرهەنگن. بەڵام بۆچی لە هەموو دەرفەتەکاندا ئاوڕ لە زمان و پێشخستنی زمان و هەوڵی بەڕەسمیناسرانی زمانی کوردی دراوە؟ لە تاریفی نەتەوەدا دەگوترا نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێک دەڵێن کە خاوەنی خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش بن و هێندێ جار ئابووریی هاوبەشیشی لێ زیاد دەکرا. واتە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی، ئەو کاتە دەتوانێ خۆی بە نەتەوە بزانێ کە خاوەنی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە بێ. دیارە نەتەوەی کورد هەموو ئەو هاوبەشییانەی هەیە جگە لە ئابووریی هاوبەش، ئەویش بەو هۆیەوەیە کە کورد خۆی و خاکەکەی بەدوور لە ویستی خۆی لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە و ئابوورییەکەی لە هەر بەشێکی کوردستان، پاشکۆیەک لە سیستەمی ئابووریی وڵاتەکە بووە.

لە نێو ئەوانەدا نەخشی زمانی هاوبەش لە یەکیەتیی نەتەوەییدا لە هەموو مەرجەکانی دیکە کاریگەرترە. چونکە زۆر جار کۆمەڵە مرۆڤێک لە یەک وڵاتدا دەژین، مێژووی پێکەیشتنیان یەکە، ئابوورییەکی بەیەکەوەبەستراویان هەیە و لە ئاکامی سەدان و هەزاران ساڵ پێکەوەژیاندا دابونەریتی هاوبەشیشیان بۆ دروست بووە، بەڵام مادام زمانەکەیان هاوبەش نییە، خۆیان بە یەک نەتەوە نازانن و نامۆیی لە یەکتر دەکەن. هەر وڵاتانی کوردنشین بە نموونە بگرین، کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ڕیزە فاکتەرێکی هاوبەشی دەگەڵ هاونیشتمانە غەیرەکوردەکانی هەیە، بەڵام چونکە زمانەکە یەک نییە خۆی بە بەشێک لەو گەلانە نازانێ و هاونەتەوەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەش، زۆر وایە کۆمەڵە مرۆڤێک ڕیشەی نەتەوەیی و مێژووی کۆنیان بۆ نەتەوەیەک دەگەڕێتەوە بەڵام چونکە زمانەکەیان گۆڕاوە دەگەڵ هاوزمانە تازەکانیان هەست بە یەکیەتیی نەتەوەیی دەکەن. نموونە بە سەیدەکانی کوردستان بێنینەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بنەچەکە، ئەوان لە ئەولادی حەسن و حوسێنن و لە ڕیشەدا عەرەبن، بەڵام کە لێرەن و زمانیان کوردییە، بە سەیدێک بڵێی ئەتۆ کورد نی، بە گژتدا دێتەوە. کوردێک لێرە هەڵگرە بیبە هەر وڵاتێکی بێگانە، هەتا ئەو وەختەی زمانەکەی خۆی لەبیرە، دەگەڵ ئەوەی لە خاکەکەی نەماوە، پێوەندییە هاوبەشەکەی دەگەڵ هاوخوێنەکانی نەماوە، نەوە و نەتیژەشی هەر کوردن. بەڵام کە زمانەکە لەبیر چووەوە، نەسلەکانی دوایی ئەوپەڕەکەی وەک لە زمانی فارسیدا دەگوترێ خۆیان بە «کوردتبار» واتە بەڕەگەز کورد دەزانن.

کە وابوو، میلاکی سەرەکی بۆ بوونی کۆمەڵە ئینسانێک بە نەتەوە، زمانە. خۆ دەزانین لە کۆنیشەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نەتەوەی کورد لە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی بێبەش کراوە. بۆیە لە هەموو دەرفەتەکاندا، هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەکار بهێنرێ و بەتایبەتی بەڕەسمی بناسرێ، لە جێی خۆیدا بووە. ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە تاراوگە دەردەچێ،یانی ڕووناکبیرانی کورد وەک هەوڵێگ بۆ ئەوەی زمانی خۆیان بەکار بەرن، دەچن لە هەندەران ڕۆژنامەی کوردی دەردەکەن. کەوایە تەئکیدکردن لەسەر بەڕەسمیناسرانی زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە جێی خۆیدا بووە و ئیستاش هەر لە جێگای خۆیەتی.

**تیشک:** مامۆستا "عەبدوڵڵا پەشێو" کە پێموایە دۆستی نزیکی بەڕێزیشتانە لە نەوەدەکاندا وتوویەتی: ڕۆژنامەی کوردستان پارێزەری زمانی کوردییە. ئایا ئیستاش زمانی کوردیی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لەو ئاستەدایە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:**: هێندێک جار ناخۆشە پیاو بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێ بەتایبەتی لەسەر بابەتێک کە پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە و هی خۆیەتی. ئەوەی مامۆستا پەشێو لە نەوەدەکاندا گوتوویەتی جێی دڵخۆشییە، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا شتی زۆر زیاتریش لەسەر ئەوە هەبوو. گەورە نووسەرەکانی باشووری کوردستان یان بڵێین کوردستانی

عێراق دەیانگوت ئەو مەتڵەبەی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ دەکرێ ئێمە لەمێژە خوێندوومانەتەوە، لە مێژە بیستوومانە. بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی زمانەکەی لێ فێر بین. ڕەحمەتی "محەممەدی مەلا کەریم" بۆ خوێندن چووبووە شووڕەوی، لەوێرا نامەیەکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەدا چاپ بکرێ. نووسیبووی ژیان لێرە زۆر ناخۆشە، لەم دووروڵاتە تەنیا بەوە دەژیم کە چاپەمەنیی کوردیم بۆ دێ، سپاسی ئەوانەی کردبوو کە بۆی دەنێرن. پاشان گوتبووی بەڵام باشە ئەو زمانە بۆ وای لێهاتووە؟ ناوی چەند کەسی بردبوو، بە تەوازوعەوە دەڵێم یەکیان ئەمن بووم، نووسیبووی ئەمانە نەماون، حەسەنی قزڵجی نەماوە، هەژار نەماوە، هێمن نەماوە، ئەوی دی نەماوە؟ بۆ ناچن زمانیان لێ فێر بن؟ یانی گەورە نووسەرەکان قەبووڵیان بوو کە زمانی ڕۆژنامەی کوردستان زمانێکە دەبێ لێی فێر بن. بەڵام زۆر بە داخەوە دەڵێم نەخێر زمانی ڕۆژنامەی کوردستان و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات کە دەڵێم حیزبی دیموکرات ناوی تەواوی ناڵێم بۆ ئەوەیە دێموکراتەکە بە تەواوی بگرێتەوە، بەداخەوە زمانەکە لەو ئاستەدا نابینم.

یانی ئەگەر جاران ڕووناکبیرەکانی کوردی باشوور دەیانویست لە «کوردستان» فێری کوردی بن، ئیستا نووسەرەکانی ئێمە لەوانی باشوور فێر دەبن،ئەویش نەک لە کوردی زانەکان، بەڵکوو لە کوردی نەزانەکان، بەتایبەتی شتی سەیریش! بۆ نموونە کوردی ئێمەش دەڵێن: "کوجا مەرحەبا"! کجا مرحبا فارسییەکی غەڵەتە. بەداخەوە پیاوێکی گەورە بەکاری هێناوە. یەکەمجار گۆرانی مەزن بەکاری هێنا! بەڵام کوجا مەرحەبا یانی چی؟ فارس دەڵێ «کجا بر کجا»، تۆمەز لە ڕادیۆ گوێی لێ بووە، لە «بەرکوجا»کەی حاڵی نەبووە، بە مەرحەبای نووسیوە. کورد دەڵێ "چیی بەسەر چییەوە"، فارس دەڵێ "کجا بر کجا"، عەرەب دەڵێ "این هذا من ذاک" کەچی ئیستە ڕووناکبیرەکانی ئێمەش "کوجا مەرحەبا" بەکار دێنن. ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن، شەڕەنگێز، ڕووناکبیرەکانی ئێمەش دەنووسن ئامادەباشی، ئامادەباش فارسییە، بەڵام کەلیمەکە ئامادەباشە نەک ئامادەباشی، ئەوە نموونەیەکە لە دەیان و سەدان و بەداخەوە هەزاران نموونە، بۆیە بە هەموو داخمەوە دەڵێم زمان و ئەدەبیاتی میدیای حیزبی دێموکرات، ئێستا لەو ئاستەدا نەماوە.

**تیشک**: لە شاخ ڕادیۆ دەنگی کوردستانتان دامەزراند، بە پەسەندی دۆست و دوژمن میدیایەکی ڕاستگۆ بوو، ئەو سەردەمە خەباتی چەکداری و پاراستنی نهێنییەکانتان چۆن لەگەڵ میدیا یەک دەخستەوە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**:: ئەمن پێموایە ئەم دووانە ناتەباییان لەنێودا نییە، چونکە کاروباری خەباتی چەکداری دوو بەشی هەیە. بەشێکی نەخشەداڕێژییە، کە تەبیعەتەن بەنهێنی دەکرێ، بەشەکەی دیکەی عەمەلییە، تەقەی تفەنگ و شەستیر و ئارپی جی و تۆپ و تەیارە و ئەوانەیە کە بە ئاشکرا دەبیسترێ، کەوابێ، شتە نهێنییەکە لە کاری چەکدارانەدا نەخشەداڕشتنە کە عادەتەن لە بەینی چەند فەرماندەدایە، بەڵام بەڕێوەبردنەکەی شتێک نییە کە نهێنی بێ، عەلەنییە. لە

پاشان کاری حیزبییش هەر دەبێتە دوو بەش. بەشی زۆری بۆ ڕاگەیاندن و کارپێکردنە و بەشی کەمتری نهێنییە. بۆ وێنە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ڕێبەرییەکەی، ئۆرگانێکی دیکەی کۆ دەبێتەوە و بڕیار دەدا، ئەو بڕیارە لە سەدا پێنجی وایە کە دەبێ نهێنی بێ، ئەوی دیکەی بۆ ئەوە نییە لە زەین و مێشکی چەند کەسدا قەتیس بێ. بۆ ئەوەیە خەڵک بیزانن، دەبێ وابێ کە هەموو کەس بیزانێ. زۆر جار لەسەر نهێنیکاریی تێکۆشەرانی حیزبی، ئێمەش و حیزبی دیکەش بە هەڵە دەچن، پێیان وایە هەموو شتێک دەبێ نهێنی بێ. نەخەیر، لە سەدا یەکی ڕەنگە نهێنی بێ، ئەوی دیکەی دەبێ خەڵک بیزانێ. مەبەستم ئەوەیە ئەو دووانە پێکەوە ناتەبا نین، دەتوانرێ هەر دووکیان لە یەک کاتدا بەڕێوە بچن. با لێشی زیاد بکەم کە کاری میدیا بەشی هەرە زۆری گەیاندنی شتە ئاشکراکانە.

**تیشک**: لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا وتاری ڕۆژتان لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو کردووەتەوە، کە بەشی زۆریان، بەڕێزتان و شەهید دوکتور "سادق شەرەفکەندی" نووسیوتانە. ئەو بەرنامەگەلە چۆن بوون و بە چ شێوەیەک ئیدارە دەکران؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەوەی دەفەرموون ڕاستە، بەڵام هەر کامەیان بۆ دەورانێک، یانی ئەو وەختەی ئەمن بەرپرسی بەشی تەبلیغات بووم، ئەمن نووسیومن و ئەو کاتەی کاک دوکتور سەعیدی ڕەحمەتی، یان کەسێکی دیکە بەپرسی بووە، ئەو نووسیونی. زۆر بەکەمی ڕەنگە ڕێکەوتبێ کەسانێکی دیکەش نووسیبێتیان. ئەو وەختەی ئەمن بەرپرس بووم زۆر وەختان، ڕادیۆ و ڕۆژنامە لە جێیەک بوون کە هیچ ئۆرگانێکی دیکەیان بە دەورەوە نەبوو، مەسئوولییەتەکەی دەکەوتە سەرشانی من. ئێمە ئەو وەختە عەمەلیاتی چەکدارانەی زۆر پانوبەرینمان بە دەستەوە بوو، بۆیە بەشێکی ڕادیۆ، بەشێکی ڕۆژنامەش بۆ ئەخباری مەربووت بە عەمەلیاتی پێشمەرگە تەرخان دەکرا، کە ئەوە مەسئوولییەتەکەی لەسەر شانی من نەبوو. ڕەحمەتی کاک تەها عەتیقی ئامادەی دەکرد و لە ڕادیۆ دەخوێندرایەوە و پاشان پوختەیەکی لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرایەوە. بەڵام ئەوەی دیکە کە تەفسیری سیاسی بوو عادەتەن لە هەفتەدا شەش ڕۆژ دەنووسرا. دەتوانم بڵێم لە سەدا ٩٥ ی بگرە پتریشی هەر ئەمن دەمنووسی، پیاو کە لەنێو جەرگەی کارێکدایە، کارەکەی زۆر بۆ ئاسانە، هەموو ڕۆژێ کە تەفسیری سیاسیم دەنووسی، یان سەعات چوار و پێنجی ئێوارە دەمنووسی و دەمدانێ! یان ئەگەر لەبەر دەلیلێک، لەبەر سەفەرێک بۆم نەکرابایە، بەیانی لەسەر نان و چای بەیانی دەمنووسی. شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشیش لەم بارەیەوە بڵێم، ئەوە ئارشیوەکەی ماوە. هەموو جارێ تەفسیرەکان دوو لاپەڕە بوون لە دێڕی یەکەمی لاپەڕی یەکەم دەستی پێدەکرد و لە دێڕی ئاخری لاپەڕی دووەم کە جێی خەتێکی دیکەی نەدەما تەواو دەبوون. یادی بەخێر بێهروز کوردئەحمەدی لە ڕادیۆ دەیخوێندنەوە، دەیگوت زۆر سەیرە، هەموو جارێ کە ئەم تەفسیرانە دەخوێنمەوە یان دە دەقیقە و نیو، یان یازدە دەقیقە دەگرێ، لەوە پتر نابا. باوەڕ کە شەش وتار لە حەوتوودا بۆ من زۆر ئاسانتر بوو لەوەی ئێستا داوام لێبکەن وتارێک بنووسم، چونکە

ئەو کاتەی مرۆڤ لە نێو کارەکەدایە، ئەوەڵەن مەسئوولە و مەجبوورە تەعقیبی ئەخبار بکا، ڕادیۆی دیکە بگرێ، ڕۆژنامەی دیکە بخوێنێتەوە. باوەڕ کە نازانم ئەوەڵ جارەکان، دەنا قەت ئیحساسی قورساییم نەکردووە.

**تیشک:** چەندین ساڵ ڕۆژنامەی کوردستان ناوی بەشێک لە نووسەرانی بڵاو نەدەکردەوە، ئایا ئەمە جۆرێک پێشێلکردنی مافی نووسەرانی نێوخۆ نەبوو؟

**عەبدوڵا حەسەن‌زادە:** دەکرێ بڵێین نا، چونکی ئەو وەخت بڕیاری حیزبی ئەوە بوو، کە حیزب لە هەموو ئەو وتارانەی لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاو دەکرێنەوە بەرپرسە. یانی ئەوەی پێی دەڵێن ڕای ئازاد، ئەو وەختی لەنێو حیزبدا نەبوو. قەزییەکە ئەوە بوو هەرشتێکی دەنووسرێ نەزەری نووسەرەکە نییە، نەزەری هەمووان و نەزەری حیزبە. کەوا بێ پێویست ناکا ناوی لەسەری بنووسرێ. ئەگەر لە بیریشم بێ، ئەو دەورانە کەسیش داوای نەدەکرد و هەستیشی بەوە نەدەکرد کە زوڵمی لێ کراوە، ناحەقیی لێکراوە. بەڵام لە بارێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین بەڵێ! ئەو کەسەی کارێک دەکا، حەقی خۆیەتی کە ناوی لەسەری هەبێ، هەرچەند ئەوە لەسەر خودی من وا نییە، بە لانی کەمەوە لە سەدا ٩٥ی هەرچی نووسیومە یان بێ ناوە، یان ناوێکی خوازراوی لەسەرە. لە ڕاستیدا ئەو شتانەی بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، یان وتووێژن، یان ئەو قسانەن کە لە بۆنەیەکدا بۆ خەڵکم کردوون، یان لە هێندێ حاڵەتی دەگمەندا بە پێچەوانەی مەیلی خۆم ناومیان لەسەر نووسراوە. تەنانەت هێندێ جار گلەییم لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ کردووە کە بۆچی بابەتەکە بە ناوی منەوە بڵاو دەکەنەوە، بۆ بەناوی من بێ؟ ئەمن بۆخۆم وا بووم. بەڵام لە ساڵەکانی ١٣٧٢ - ١٣٧٣دا ئەو ڕایە هاتە پێشەوە کە تەنیا ئەوەی وەک سەروتار دەنووسرێ، حیزب بەتەواوی لێی مەسئوولە. وتارەکانی دیکە دەکرێ بەناوی نووسەر بن، مەسئوولییەتەکەشی بەشێکی بکەوێتە سەرشانی ئەو. با ئەوەش بڵێم کە هێندێ جار ئەم شێوەکارە مشکیشی تێدا دەکوژرێ، حیزب هەیە وتارەکان بەناوی نووسەرانەوە بڵاو دەکاتەوە. جا ئەگەر شتەکە گرتی دەڵێ بۆچوونی حیزبە و ئەگەر نەیگرت دەڵێ بیروڕای نووسەر خۆیەتی.

بەهەرحاڵ، لەو وەختی ڕا پەسەند کرا کە ئازاد بێ، ئەو کەسەی پێی خۆشە ناوی خۆی بنووسی و کەسێکیش پێی خۆش نییە ناوی نەنوسرێ. جا ئێستە شتێکی تازەش هەڵکەوتووە، کە لانیکەم لە ڕۆژنامەی حیزبیدا ئەمن بە دروستی نازانم. سەروتارە بەڵام ناوی نووسەرەکەی لەسەرە، سەروتار یانی ڕەئیی حیزبە، خۆ دیارە ڕەئیی حیزب، هەر دەبێ کەسێک بینووسێ، خۆ حیزب نایونووسێ، حیزب ئوسوولەن وجوودی نییە، دەوڵەت وجوودی نییە، ئەوانە مەوجوودێکی فەرزین، ئەوەی کە هەیە ئینسانەکانن، بەیاننییەی حیزبی یەکێک دەینووسێ بەڵام ئیمزای کەسی پێوە نییە، سەروتاریش وایە. کەچی ئێستە دەبینی سەروتارە بەڵام ناوی لەسەرە. لەبارەی سەروتارەوە حەز دەکەم دوو شتی دیکەش باس بکەم. هێندێ کەس پێیان

وایە یەکەمین وتاری لاپەڕی یەکەمی ڕۆژنامە سەروتارە، لە حاڵێکدا وا نییە، دەکرێ ژمارەیەکی ڕۆژنامە سەروتاری هەر نەبێ. وتاری یەکەم سەروتار نییە، وەختێک مەسەلەیەکی تازە دێتە پێش، حیزبی سیاسی یان دەوڵەتێک هەڵوێستی لەسەر دەردەبڕێ، وتارێک کە ئەو هەڵوێستەی تێدایە سەروتارە. وا باوە لە چاپیشدا کادری بۆ دادەنرێ، بە پیتی ڕەش دەنووسرێ و بە جۆرێک جودا دەکرێتەوە. بە پێچەوانەش دەکرێ لە ژمارەیەکدا دوو یان سێ سەروتار هەبن. لە هەر بابەتێکدا شتێک دەنووسرێ وەک سەروتار. وەک گوتم سەروتار بە تایبەتی بۆ حیزبی سیاسی ناوی لەسەر نانووسرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوە ڕای حیزبە و ڕای نووسەرەکەی نییە.

**تیشک**: خودی بوونی ناوی خوازراو لە ئیعتبار یا لە قورسایی و ئەهەمییەت و لە مەفهوومی وتارەکە کەم ناکاتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە ڕاستیدا ئەمە زیاتر لە مەسئوولییەتی نووسەرەکە کەم دەکاتەوە، جاری وا هەیە ئەگەر یەکێک لە ئێمە بیهەوێ شتێک بنووسێ لە ڕۆژنامەیەکی نێوخۆی وڵاتدا بڵاو بێتەوە لەبەر باری ئەمنییەتی ناوی خۆی نانووسێ، چونکە دەترسێ سانسۆرچییەکان یەخەی خاوەنڕۆژنامەکە بگرن یان ئەگەر کەسێک لەنێوخۆی وڵاتەوە مەقالەیەک بۆ تیشک دەنووسێ ناوی خۆی نانووسێ چونکە ئەگەر بینووسێ خەتەری ئەوە هەیە کە پێی بڵێن ئەتۆ بۆ لەگەڵ تیشکی ئورگانی حیزبێکی سیاسیی غەیرەقانوونی کار دەکەی؟ ئەوە پاساوی هەیە، بەڵام لە هێندێک جاردا نووسەر بۆ ڕاکردن لە مەسئوولییەت ناوی خوازراو بەکار دێنێ و نایهەوێ خۆی لێبکاتە ساحێب.

**تیشک**: مامۆستا وەک باس دەکرێت کە بەڕێزتان باوەڕتان بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی هەیە. ئایا بەو تایبەتمەندییانەی کە زمانی کوردی هەیەتی ئەو پلانە زمانییە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت یا سەر بگرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**:: جارێ ئەمن لەسەر ئەو تەعبیرە قسەم هەیە، ئەگەر باسی یەکدەستکردن بێ ئەمن قەت باوەڕم بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی نییە، ئەمن باوەڕم بەوە هەیە کە زمانی کوردی وەکوو هەموو زمانەکانی دونیا دەبێ زمانێکی ستاندارد یان زمانی خوێندنەوە و نووسینی هەبێ. ئەگەر ڕۆژێک هاتینە سەر ئەوە کە ئەو زمانە چۆن دروست بێ، ئەمن ڕای خۆم هەیە و خەڵکی دیکەش ڕای خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیڵێم ئەسڵی مەسەلەکەیە. با ئێمە چاوێک لە دەورووبەرمان بکەین، ئەمن هیچ لە تورکی نازانم، بەڵام هەردووکمان لە فارسی دەزانین، مەنتەقەکانی ئێران بگرە، زۆرجار ئەگەر بە زاراوەی مەحەللی قسە بکەن بە زەحمەت لە یەکتر حاڵی دەبن، کەچی هەموو ئێرانییەکان -غەیرە فارسەکانیشیان لەگەڵ بێ- بە یەک زمان دەنووسن، چونکە زمانەکانی دیکە ئازاد نین. بەڵام خەڵکی هەر ناوچەیەک بە شێوەزاری خۆیان نانووسن و بۆیە هەموویان لێک حاڵی دەبن. عەرەب نەک وڵاتێک، ٢٢ - ٢٣ وڵاتی هەیە، لەهجەکانیان

ئەوەندە لەیەک دوورن، باوەڕکە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە وڵاتێکی عەرەبی نییە بەڵام عەرەبی تێدا هەیە و عەرەب و کوردی تێدا دەژین، لەهجەی مووسڵ و لەهجەی بەسرە ئەوەندە لێک دوورن ئەگەر خەڵکەکەیان بە لەهجەی مەحەللی پێکەوە قسان بکەن موشکلی لێک حاڵیبوونیان دەبێ. بەڵام ٢٢ دەوڵەت بە زمانێک دەنووسن کە هەموو لە یەک حاڵی دەبن. جا ئەمە باسێکی دوورودرێژە، بەڵام ئەمن باوەڕم بەوە هەیە کە ناکرێ میللەتی کورد بێزمان بێ، ئێستا بێزمانە، ئێستە لە وڵاتی ئێمە، لە تورکیە و لە سووریەی ژێر دەسەڵاتی ئەسەددا زمانی کوردی پێی ناخوێندرێ، بەڵام لە باشووری کوردستان یان کوردستانی عێراق ئەو حەقە هەیە کە کورد بۆخۆی ساحەبی قەزییەکەیە، یەکجار زۆر جێی داخە و پێم کارێکی زۆر ناڕەوایە کە کتێب و تەنانەت کتێبی دەرسییش بە دوو لەهجە دەنووسرێ، ئەوە میللەتی کورد بەش دەکا.

ئەمن یەک دوو نموونە دێنمەوە کە ئەم باسە کەمێک درێژ دەکاتەوە، زەمانی شای یەکەمجار لە تارانێ، ڕادیۆی کوردی کرایەوە، بەرنامەیەکیان هەبوو «وەرن پێکەوە کوردی فێر ببین»، ڕستەیەکیان بە چوار زاراوە دەگوت، بەڵام بەرنامەیەکیان نەبوو بڵێ «بیایید همه باهم فارسی بیاموزیم» کە ڕستەیەک بە چەند لەهجە بڵێن، چونکە ئێران دەیەویست کورد بەشبەش بێ، بەڵام نەیدەویست فارس بەشبەش بێ. ڕادیۆی مەحەلییان دانابوون، سەردەمێک کە ئێوە بەبیرتان نایە، هەموو لەشکرێکی سوپا دەبوو ڕادیۆیەکی مەحەللیی هەبێ، لە بیرمە لە خانێ دوو لەشکر هەبوون دوو ڕادیۆی مەحەلیی هەبوون. ڕووناکبیرێکی کورد چووبووە کن مەقامێکی مەسئوول لە تارانێ گوتبووی باشە ئەو هەموو هەزینەیە بۆ دەکەن؟ با یەک ڕادیۆ هەبێ لە جیاتی هەمووان قسە بکات، گوتبووی بەڵێ بەڵێ، دەتهەوێ زمانی یەکگرتوو بۆ کورد دروست بکەی؟ ئەو خورمایەی ئەتۆ دەیخۆی دەنکەکەی لە گیرفانی مندایە.

لە دەورانی شەڕی ئێران و عێراقدا کە عێراق بە موشکلێکی زۆر گەورەی ئابووریدا تێدەپەڕی، دەوڵەت دوو ڕۆژنامەی دەردەکردن، یەکێکیان سەرپاک بە سۆرانی یەکێکیان سەرپاک بە بادینی، «ئاسۆ» و پێموابێ «سۆلاڤ». هەردووکیان بەخۆڕایی لە دەیانهەزار نوسخەدا بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هەر ئەو وەختە سەدام حوسێن بڕیاری دابوو کە هیچ بەرپرسێک حەقی نییە لە کۆبوونەوەکاندا بە لەهجەی مەحەللی قسە بکا. ئەو دەیەویست عەرەب یەک نەتەوە بێ بەڵام کورد دوو بێت. کەچی ئێستا کوردەکە بۆخۆی ئەو کارە دەکا. مەسەلەکە ئەوەیە دەنا یەکدەستکردن مانای ئەوەیە هەموو وەک یەک قسە بکەن، ئەمن چۆن شتی وا دەڵێم؟ خۆ نەک هەر سۆرانی و بادینی و کەلهوڕی و هەورامی و هی تر، لەنێو سۆرانییەکانیشدا هەولێر و سلێمانی وەک یەک قسە ناکەن یەکدەستکردن بەوەی دەڵێن و ئەمن قەت باوەڕم بەو یەکدەستکردنە نەبووە و نییە.

**تیشک:** لەسەردەمی خەباتی چەکداری لەو قۆناغەی ناوچەی ئازادکراو لە ژێر دەستی حیزبدا بوو، قوتابخانەکانتان

دامەزراند، سیاسەتی پەروەردەیی ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات چۆن بوو؟ ئایا ئەو قوتابخانانە ئەو کات نەدەبوونە بارگرانی لەسەر شۆڕشەکە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: لە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە دەست پێ دەکەم، دامەزراندنی ئەم قوتابخانانە، چاپی کتێب، دابینکردنی کەرەسەی خوێندن، پەیداکردنی جێوڕێ، تەئمینی مێز و سەندەڵی و هتد... هەموویان بارگرانییەکی زۆریان لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەکە هەبوو، بەڵام دەبوو گوشارەکە زۆر لەوە زیاتریش بێ تەحەممول بکرێ. چونکە دەبوو منداڵی کورد لەو فرسەتە کە بۆی پێش هاتووە کەڵک وەربگرێ، دەبوو بۆی بڕەخسێ وەک دەڵێن: بە زمانی کوردی ناوی کورد و کوردستان و پێشمەرگە بنووسێ. کەوابوو ئەوە زۆر شتێکی پێویست بوو، هەزینەکەی دەبوو تەحەممول بکەین. ئەوە شتێک نەبوو کە خۆمانی لێ ببوێرین.

بەڵام لەباری ئەوەی کە حیزب سیاسەتەکەی چی بوو؟ ئەمن پێمخۆشە ئەوە عەرز بکەم کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مەسئوول، لە قوتابخانەشدا، لە کتێبی مەدرەسەشدا ئەو سیاسەتەی بەڕێوە دەبرد کە لە شوعاری حیزب و لە بەرنامەی حیزبدا هەبوو. نموونەت بۆ بێنمەوە: لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا ئاڵای ئێران هەیە، دەرسێک هەیە دەڵێ ئێمە کوردین، ئێمە ئێرانیین. چونکە سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو. زۆر شتی حیزبی دێموکرات میراتی دوکتۆر قاسملوویە یان بە ئەسڵ میراتی " قازی موحەممەد"ە. چونکە قازی موحەممەد زۆر لە دوکتور قاسملووی ئوستادتر بووە، دوکتور قاسملوو خۆی بە شاگردی ئەو دەزانی، ئەو دەیگوت تەزادێک لە بەینی کوردبوون و ئێرانیبووندا نییە. ئێمە هەم کوردین هەم ئێرانیین. هەتا کاتێک دەوڵەتێکی کوردیمان دەبێ، ئێمە ئەو دوو هۆڤییەتەمان هەن. ئێستا -بەتایبەت لە دونیای دەرەوەدا- کابرا دەڵێ ئێمە ئێرانی نیین، کوردین. باشە، ئەمنیش دەڵێم کوردین بەڵام کامەمان پاسپۆرتێکمان لە گیرفاندایە کە نووسرابێ کورد؟ هۆڤییەتی ئێمە لە پاسپۆرتدا لە ناسنامەدا ئێرانی و تورک و عێراقی و سووری نووسراوە. هەڵاتن لەبەر ئەو واقعییەتە مەسەلەکە حەل ناکا. لە ڕاستیدا خەباتی ئێمە بۆ گۆڕینی ئەم واقعییەتەیە. بەڵام خۆ کە گوتم ئێرانیم مانای ئەوە نییە کورد نیم. مەبەستم ئەوەیە سیاسەتی پەروەردەییشمان ڕەنگدانەوەیەک بوو لە سیاسەتی بەرنامەییی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**تیشک**: یانی ئەو پەرەوەردەیەی کە ئەو کات هەبوو، پەروەردەیەکی حیزبی بوو یان نیشتمانی؟ یان هەردووکی بوو؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دەکرێ بڵێین بە مەعنایەک هەردووکیان بوو. چونکی شتی نەتەوەییی تێدا هەبوو، لە عەینی حاڵدا شتی نیشتمانییش هەبوو. ئێمە ئێستا مانای نەتەوەیی و نیشتمانی باش دەزانین. وەکوو گوتم هەم کوردایەتیی تێدا بوو

هەم ئێرانیەتیی تێدا بوو، دیارە ئەوە جوزئیاتێکە، دەرسی وا هەیە دەتوانێ لە کوردستانیش هەبێ لە عەرەبستانیش هەبێ، لە پاکستان و فەڕانسە و ئینگلستانیش هەبێ. بەڵام کە دەهاتە سەر مەسەلەی هۆڤییەت، سیاسەتی حیزبی دێموکرات چۆن بوو، کتێبە دەرسییەکانیشمان وا بوون.

**تیشک**: لە ساڵی ١٣٨١دا گۆڤاری چشمانداز ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر کوردستان بڵاو کردەوە و ئەوە دواتر بوو بە ڕەوتێک کە ڕێژیم ڕووداوەکانی کوردستان بە پێوەری خۆی بۆ خەڵکی کوردستان باس بکات، ئێوە ئەو کات وەڵامی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری چشماندازتان لەسەر کوردستان دایەوە بەڵام دواتر ئەو ڕەوتە کوێر بووەوە، نە وەکوو حیزب و نە وەکوو کەسایەتی وەڵامی ئەو چەواشەکارییانە نەدراوەتەوە، هۆکارەکەی چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەوەی گۆڤاری "چشمانداز" دەیکرد، زۆر دوژمنانە بوو لە حەقی میللەتی کورد و جێی داخیش ئەوە بوو کە هێندێ کوردیش تەئسیریان تێیدا هەبوو و ڕۆڵیان تێیدا دەگێڕا و ئەوەش کە جوابم دایەوە ئەگەر لە بیرت بێ لە شێوەی وتووێژێکدا بوو نەک ئەوە کە دانیشم و بە حەوسەلەوە هەموو شتەکانی جواب بدەمەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم حەقی خۆی نەدراوەتێ. بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر ئیرادیشی لەسەر بووبێ، کەڵکی خۆی هەبوو.

بە باوەڕی من دەبوو هەموویان جواب بدرێنەوە، بەڵام بۆ جواب نەدرانەوە؟ ئەمن ئەو وەختەی کە جوابم دایەوە مەسئوولییەتی یەکەمم لە حیزبدا هەبوو و بە ئەرکی خۆمم دەزانی، دواتر کە ژمارەکانی دیکەی دەرچوون ئەمن لەو مەرکەزەدا نەمابووم و ئەو بەرپرسیارەتییەم لەسەر شانی خۆم هەست پێنەدەکرد، بەڵام ئەوە کە حیزب یان بەرپرسانی حیزبی بۆ جوابیان نەداوەتەوە دەبێ لەوان بپرسرێ نەک لە من.

**تیشک**: ئەوەی ئێمە بیزانین بەڕێزتان خۆتان نووسراوەکانی خۆتان تایپ دەکەن، دیارە سیستەمی دیجیتاڵیش بەکار دێنن بۆیەش حەزم لێیە پرسیارێک لەسەر دیجیتاڵ و زمانی کوردی بکەین، هەندێ کێشەی وەک سێرچکردن، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ڕێنووسی کوردیشەوە هەیە. بۆ چارەسەری ئەم کێشانە بەڕێزتان پێشنیارتان چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەمن پێموایە لە باری فەننییەوە - کە بۆخۆم هیچی لێ نازانم- ئیمکانی عیلاجی ئەو مەسەلەیە هەیە، چەند ساڵ لەمەو پێش سیمینارێک لە زانکۆی سۆران هەبوو ئەمنیش یەکێک لە بانگکراوەکان بووم. لاوێک کە پێموابێ لە سوئێدەوە هاتبووەوە بەرنامەیەکی باشی هەبوو باسی ئەوەی کرد کە دەتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، بەرنامەیەکی داناوە کە دەکرێ سێرچ بە زمانی کوردی بکا. ئەگەر کەمێک لێکی بدەینەوە و وردتری باس بکەین ئەوە بوو

کە ئەگەر بە زمانەکانی دیکە وشەیەک دەنووسی ئیملاکەی نادروستە کامپیوتێرەکە خەتێکی سووری بە بندا دەکێشێ و لە عەینی حاڵدا پێت دەڵێ ئیملا دروستەکەی چییە، جێی ئافەرین بوو و خەڵکیش ئافەرینیان پێ گوت. بەڵام ئەمن نۆرە قسەم وەرگرت و گوتم هەزار جار دەستخۆشیت لێدەکەم و کارێکی یەکجار زۆر گەورەیە بەڵام ئەتۆ دەبێ ئەوەی ڕاگری و پتریش گەشەی پێبدەی و ڕاوەستی تا بزانین ڕێنووسی دروستی کوردی چییە؟ ئیستە ئێمە ئەوەمان نییە. بە باوەڕی من ڕێگەکە ئەوەیە کە ئەوانەی خاوەن سەلاحییەتن چ لەباری دەسەڵات و چ لەباری زانینەوە شتێک دابنێن بڵێن ئەمە ڕێنووسی کوردییە، جا ئەوجار ئەو بەرنامەیە لە ئینتێرنێت دابەزێ و ببێتە ڕێنووسی کوردی و سێرچی پێبکرێ. دەنا ئێستێ یەکێک شتێک دەنووسێ ئەمن پێم دروستە ئەتۆ پێت نادروستە. ئەو وەختەش کە بڕیارێکی ئاوا دەدرێ ڕەنگە یەکێک لە ئێمە نەزەری جودای هەبێ،بەڵام کە بوو بە بڕیاری ڕەسمی، بوو بە زمانی ڕەسمی و ڕێنووسی پەسندکراوی کوردی هەمووومان دەبێ پەیڕەویی لێبکەین.

کەوابێ لە حاڵەتی ئێستادا پێموایە دامەزراندن و دانانی ئەو بەرنامەیە موشکیلی ئێمە حەل ناکا، ڕەنگە ئەوەی ئەو بەرنامەیە ساز دەکا پێی دروست بێ، بەڵام ئەمن یان ئەتۆ یان کەسێکی دیکە پێمان دروست نەبێ یان هەر لە ڕاستیدا دروست نەبێ. چونکە ئەو بەرنامەسازە پسپۆڕی کامپیوتێرە و پسپۆڕی زمان و ئەدەب و ڕێنووسی کوردی نییە.

**تیشک**: ڕوانگەی مێژوویی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت زمانی کوردی و زاراوەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەوەی کە تا ئێستا بووە چۆناوچۆن بووە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ئەمن بە ناوی حیزبەوە قسە ناکەم. تا ئەو جێگایەی ئەمن ئاگام لێیە هەرچەند ڕەنگە بەو شێوەیە نەنووسرابێ و شەرح نەکرابێ، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان، زمانی کوردی و زاراوەی کوردیی لێک جودا کردۆتەوە. باوەڕی وا بووە کە دەبێ میلەتی کورد زمانی خۆی هەبێ و لە عەینی حاڵدا حورمەت لە هەموو زاراوە و بن زاراوەکان بگیرێ، هەموو لا ئازاد بن لە پێکەوەدوانی خۆیاندا زاراوە و بنزاراوەی ناوچەیی بەکار بێنن، تەنانەت لە باری فەننییەوە ئەو کاتەی نووسەرێک ڕۆمانێک دەنووسێ کە ڕووداوەکانی مەسەلەن لە خانەقین، لە قەسری شیرینن، دەبێ ئەوەی پێی دەڵێن ڕیوایەت یان گێڕانەوە بەو زمانە بێ کە دەبێتە زمانی ستانداردی کوردی، بەڵام کە قارەمانەکانی قسە دەکەن زۆر بەجێیە بە لەهجەی خۆیان قسە بکەن .حیزبی دێموکرات شتێکی خیلافی ئەوەی نەبووە و وابزانم هەتا ئێستاش نییەتی.

**تیشک**: بۆچوونێک هەیە وەکوو ڕاستبوون یان هەڵەبوونەکەی وەکوو پرسیارێک لە جەنابت دەکرێ بۆچوونێک هەیە، ڕەوتی

نەتەوەخوازی، ڕەوتی شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵات لە ژێر تەئسیری دوو فاکتەرا بووە، فاکتەری مەزهەب و فاکتەری زاراوە بە تایبەتی مەبەستیان زاراوەی سۆرانییە ئەڵێن لەو شوێنەیدا کە مهاباد بێت تادەگاتە مەنتقەی جنووب کە زاراوە کەمڕەنگ دەبێتەوە شۆڕش تا ئەوێ بەگوێرەی زاراوەکە هاتووە، لەو شوێنەشەوە کە بڵێین کە جنووبە و ئەگەر وای دانێین مەزهەب کە دەچێتە بەشی شیعەکەی بۆ خوارێ دیسان کەمڕەنگتر بۆتەوە ئایا ئەو بۆچوونە ئەساسی هەیە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: ئەمن وای بۆ دەچم و بە نووسینیش گوتوومە هەندێک شت تاریخ دەیانخوڵقێنێ و ئیرادەی من و تۆیان تێدا نییە، ئەگەر ئەو هەلومەرجەی لە دەیەی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە موکریان خوڵقا لە هەموو کوردستان هەبووایە، پێتەختی جمهوریی کوردستان مهاباد نەدەبوو، دەبوو کرماشان بێ. چونکە هەم شارەکە گەورە بوو، هەم وا بزانم ئەو وەختە مهاباد بە کەمی کەسانی خاوەنمەدرەکی لیسانسی لێ بوون، بەڵام هەر ئەو وەختی لە کرماشان بە دەیان و بە سەدان فەوقی لیسانس و دوکتۆرا هەبوون. بزووتنەوەی کورد بۆیە لە موکریان سەری هەڵدا چونکە لە دەورانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆشاییەکی دەسەڵاتی مەرکەزی لەوێ خوڵقا، لە جنوبی کوردستان ئەو بۆشاییە نەبوو، دەوڵەتی ناوەندی حاکم بوو، تەنانەت لە شیمالی کوردستانیش دەوڵەت حاکم بوو، حاکمییەتەکە لە ورمێ ئەگەر زەعیفیش بووبێ هەبوو، بەڵام بەشی ناوەندی لە سەقزەوە بیگرە تا دەگاتە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکی مەرکەزی تێدا نەبوو. بۆیە دەبینین کە حیزبی ئازادی لەوێ دروست دەبێ، کۆمەڵەی ژێ کاف لەوێ دروست دەبێ. پاشان هەر لەوێ کۆمەڵەی ژێ کاف ناو دەگۆڕێ بە حیزبی دێموکرات. خۆ هەموو شتێک نیشان دەدا کە کۆماری کوردستان دەیەویست پەل بهاوێ بۆ خوارتر بەڵام مانعی هەبوو، مەسەلەن کۆماری کوردستان دەیەویست بڕوات بەرەو سنە، بەڵام پێش ئینگلیسییەکان ڕووسەکان کە بەلای خۆوە پشتیوانی کۆمار بوون پێشیان پێ گرت، چونکە ئەوان قەراردادیان پێکەوە هەبوو، ئەم ناوچەیە مەنتیقەی نفوزی یەکێکیان بێ، ناوچەکەی دیکە مەنتیقەی نفوزی ئەوی دیکەیان بێ. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ حیزبی دێموکرات وەکوو لە موکریان تەشکیلات و نفوزی هەیە لە سنە و ئیلام و کرماشان نییەتی. هەر بۆیە دەبینین چەند جار کە حیزب تووشی پاشەکشە بووە، کاتێک دەستی پێ کردۆتەوە، یەکەم جووڵەکانی لە موکریان بوون. بزووتنەوەیەک کە دوچاری پاشەکشە دەبێ وەختێک دەیەوێ ببووژێتەوە لەو جێیەوە دەست پێ دەکا کە زەمینە موساعیدە. حیزبی دێموکڕاتییش هەربۆیە لە ناوەندەوە دەستی پێکردووەتەوە. دەنا بۆخۆت دەزانی ئێمە ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان لە کرماشان لەسەر کاری حیزبی گیراوە و ئیعدام کراوە. حیزبی دێموکرات بەرامبەر بەو مەڵبەندە گرنگە قەت بێغەم نەبووە.

ئەوەش کە گوایە عامیلی مەزهەب کاریگەر بووە، ئەوەندەی مەربووت دەبێ بە حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە بە هیچ جۆر شتی وا لەبەرچاو نەبووە. چونکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی موخالیفی دین نییە لە عەینی حاڵدا ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییشی نییە. حیزبی دێموکرات کار بۆ قەزیەی نەتەوایەتیی کورد دەکا، سەرفەنەزەر لە هەموو

عەقیدەیەکی دینی و مەزهەبی .ئەمن شتێکم لە بیرە کە بۆخۆم دیومە. لە جەریانی شەهیدکرانی ڕەحمەتی مەلا موحەممەدی ڕەبیعیدا، تەزاهوراتێک لە کرماشان هەبوو، ئەمن لە پاریس بووم. لەگەڵ مەسئوولی حیزب لە کرماشان قسەمان دەکرد بۆ ئەوەی بزانین وەزعەکە چۆنە. باسی کرد کە حەرەکەتێکی باش بووە و خەڵکێکی زۆر بەشدار بوون. دواتر تەلەفونی کرد گوتی کاکە ئەوە هێندێک هاتوون لە خەیابانێ شوعار لە دژی شیعە دەدەن. ئەگەر قەراری شیعەگەری و سوننیگەری بێ ئەمن شیعەم، ئەمن بۆ مەسەلەی میللی کار بۆ حیزبی دێموکرات دەکەم. دەمەوێ بڵێم ئەندامێکی ئاگاهی حیزبی لە کرماشانیش ئەوە شعووری بوو. بەڵام ڕەنگە یەکێکیش نائاگا بێ و بیخاتە ئەو قاڵبەوە. دەنا لە سیاسەتی حیزبەکاندا مەسەلەی مەزهەبی یان دینی بە هیچ جۆر دەخیل نییە.

**تیشک**: ڕۆڵی مێژوویی حیزبی دێموکرات لە پاراستنی زمان، شوناس و کولتووری کورد چۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**:: ڕەنگە ئەو ڕۆڵە مێژووییە زۆر کاریگەر و وەسیع نەبێ بە دەلیلی ئەوەی حیزب دەرفەتی کەمی بۆ خوڵقاوە بەڵام باوەڕی حیزبی دێموکرات بە پێویستیی بەرەوپێش بردنی زمان و ئەدەب و کولتووری کوردی حاشای لێ ناکرێ. هەر وەکوو لە پرسیاری یەکەمدا فەرمووت، لە دەورانی کۆماری کوردستاندا یەکێک لەو شتانە کە لە هەموویان پتر بایەخی پێدراوە مەسەلەی زمان بووە. ڕۆژنامە، گۆڤار، تەنانەت ڕادیۆیەکی مەحەللی هەبوو کە هەر لە مهاباد و دەوروبەری دەبیسترا، هەموویان بە کوردی بوون. کتێبی کوردی، مەدرەسەی کوردی. لە دەورانەکانی دیکەشدا حیزبی دێموکرات هەمیشە بایەخی بەو بابەتە داوە و نەقشێکی باشیشی هەبووە. ئەمن لە بیرمە لە دەورانی پاش ١٩٧٠دا کە ئێمە لە بەغدا ماڵێکمان هەبوو ناومان نەنابوو مەقەڕ یان بارەگای حیزبی دێموکرات، ماڵێک بوو لێی کۆ دەبووینەوە، هێندێک کتێبی کوردیمان چاپ دەکرد. لەگەڵ ئەوەی بنکە و بارەگایەک نەبوو، ناوێکی ڕەمزیمان دانابوو بەناوی بنکەی پێشەوا. ئەوانەی چاپمان دەکردن مۆرێکمان لێ دەدان «بنکەی پێشەوا». دیسان پێموایە ڕەحمەتی محەممەدی مەلا کەریم بوو نووسیی حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی کوردییە کە خزمەتی زمانی کوردی دەکا. حیزبەکانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتی خۆیان کردووە، بەڵام حیزبی دێموکرات خزمەتی زمانی کوردی دەکا، چونکی شت چاپ دەکا بێئەوەی ئەدەبیاتی حیزب بێ. کەوابێ، ئەگەر بەرهەمی زۆریشی نەبووە مەسەلەن وەکوو ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستان دەیبینین، بۆ ئەو سەردەمە ڕۆلێکی بە تەواوی جێگای قەبووڵ بووە.

**تیشک**: مامۆستا ئەم دوایانە هێرشێکی میدیایی کە زۆر جار پێی دەڵێن شەڕێکی نەرم لە دژی زمان و جلوبەرگ و کولتوور و تەنانەت مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد. لێکدانەوەتان بۆ ئەم هێرشە میدیاییە چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: باوەڕ بکە ئەو باسە هەر جەنبەیەکی ناخۆشی نەبوو. بە نەزەری من دوو جەنبەی ناخۆشی هەبوون. یەکێکیان ئەوە بوو لە ڕێژیمێکیدا کە باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی گەلان نییە، نەک هەر هی کورد هی ئازەرییش، هی عەرەبیش، هی بەلووچیش و هیچیان، جەسارەت دەگاتە جێیەک کە ئیجازە دەدەن لە ڕەسمیاتیشدا، لە ڕادیۆدا، لە فیلمدا، سووکایەتی بە هۆڤییەت یان کولتووری نەتەوەکانی داخلی ئێران بکرێ کە زاهیرەن هەر بەپێی قانوونی ئەساسیی، خۆیان ئەوانە هاونیشتمانن و ساحەبی حقووقی بەرامبەرن. ئەو بەشە زۆر ناخۆش بوو. ئاخر ئەوە کە یەکێک جەسارەت بکا لە کۆبوونەوەیەکدا، لە ماڵێک سووکایەتی بە زمان و ئەدەب و بە گشتی پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک بکا، لەگەڵ ئەوەی ئیجازە بدرێ لە میدیای ڕەسمیدا شتی وا بڵاو ببێتەوە فەرقێکی زۆری هەیە. دیارە ئەوە زۆر ناخۆش بوو. بەڵام شتێکی ناخۆشی دیکە - کە لەسەر ئەو قسەیە ڕەنگە بۆمبارانیش بکرێم- ئەوە بوو کە ئەوەی هێندێ کەسی کورد کردیان، لە وی باشتر نەبوو، چونکی ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین بەرپەرچدانەوە یان پەرچەکردار، ئەوەی کوردەکانیش یەکجار زۆر ناخۆش بوو. ئەوانیش دەستیان کرد بە سووکایەتی بە فەرهەنگی میللەتی فارس کە ئەوەش هەر ناڕەوا بوو، ئەمن ئەو عەیبەی لە خۆیییەکانی دەبینم پترم دێشێنێ لەوەی لە ڕەقیبەکان و دوژمنەکانی دەبینم. ئەوەشیان زۆر ناخۆش بوو کە سنوور نەما. بۆیە پێموایە ئەرکی حیزبەکانە ڕێنوێنی بدەن کە جوابدانەوە بەو حەرەکەتانە لە سنووری مەنتیق دەرنەچێ. مەسەلەن چەند جار حیزبی دێموکرات ئەوەی گوتووە کە بەڵێ دوژمن تێرۆری لە ئێمە کردووە، بەڵام ئێمە تێرۆر بە تیرۆر وەڵام نادەینەوە. ئەتۆ کە تێرۆرت پێ خراپە، ئەو وەختەی تێرۆریشت لەدژ دەکرێ نابێ تیرۆر بکەیتەوە، کە جنێوت پێ دەدەن نابێ جنێو بدەیەوە. پێموایە وەزیفەی حیزبەکانە لەو بارەیەوە کار بکەن.

**تیشک**: جیاوازییەک ئەگەر لە نێوان میدیای حیزبی و میدیای نەتەوەیی بەدی دەکرێ هۆکارەکەی چییە؟ بە باوەڕی جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تایبەتمەندییەکانی میدیایەکی نەتەوەیی چین بە دوور لە ڕوانینێکی حیزبی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: پێموابێ ئەو دووانە بەتەواوی فەرقیان هەیە. ئەمن هێندێک جار گوتوومە ڕۆژنامەی حیزبی شتێکی پیرۆزە، بەڵام ڕۆژنامە نییە، چونکی بە قەولی باوی ئێستا یەک ڕەهەندییە، باسی یەک سیاسەت دەکا، تەنیا مەوزووعاتێکی تایبەتی بڵاو دەکاتەوە، لە حاڵێکدا وشەی ڕۆژنامە دوو مەعنا دەدا. یەکێکیان ئەوەیە کە نامەی ڕۆژە و باسی مەسایلی ڕۆژ دەکا، واتە ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش دەرنەچێ باسی ڕۆژ دەکا: نان بە چەندییە، بەرق کوژایەوە، فڵانکەس کوژرا، چی بوو؟ هەمووی تێدابێ کە ڕۆژنامە حیزبییەکانمان وا نین و باسی نەزەراتی حیزب دەکەن و بە دەگمەن شتی وایان تێدا دەبێ و مەجالیشیان نییە کە مەسائیلی ڕۆژ باس بکەن. یەکی دیکەش ئەوەیە کە دەڵێن ڕۆژنامە لە موقابیل شەونامەدایە. ئێمە ئێستاش بە ڕۆژنامەکانی خۆمان دەڵێین ڕۆژنامە، بەڵام خۆ ناتوانین بە ڕۆژ لە وڵاتەکەی خۆمان بڵاویان بکەینەوە. لە داخلی ئێراندا ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکە تا ئێستاش شەونامەیە. کە وا بێ

میدیای نەتەوەیی ئەوەیە قەزایای نەتەوەیی و دوور لە هەموو تەعەهوداتێکی حیزبی و سیاسی بڵاو بکاتەوە و قازانجی نەتەوەیی پێش هەموو قازانجێکی دیکەی حیزبی و دینی و مەزهەبی و هتد.. بخات.

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەیبینین وەبەر قاعیدەیەکی دیکە دەکەوێ. ڕۆژنامەگەلی وەک «خەبات» و «کوردستانی نوێ» دەکەونە خانەی ڕۆژنامەی نیوەڕەسمی. یانی دەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی حیزبی سیاسین، چونکە بە ئازادی لەسەر خاکی خۆیان دەردەچن، هەر لەو کاتەدا میدیای نەتەوەییشن. ئەگەر سەرنجتان دابێ بێجگە لە هەڵوێستی حیزبەکان بیروڕای ئازدیشیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە و ئاوڕ لە هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژیش دەدەنەوە.

**تیشک**: یانی بە باوەری ئێوە ڕۆژنامەی کوردستان قەت هەوڵی داوە کە لە میدیایەکی حیزبی نێزیک ببێتەوە؟ یا ئایا دەکرێ؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە**: وا بزانم مەبەستتان ئەوەیە کە لە میدیای نەتەوەیی نزیک بێتەوە. بەڵێ، ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستانی دەورانی کۆمار بکەین تا ڕادەیەکی باش ئەو خەسڵەتەی پێوە دیارە، بەڵام لە پاش ئەو دەورەیە زۆر بە دەگمەن ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات مەجالی ئەوەی هەبووە باسی ئەو مەسەلانە بکا کە مەسەلەی خەڵکن. بەڵکوو نەزەراتی حیزبی باس کردووە و بۆچوونی حیزبی لە بارەی مەسائیلی وڵات و ئیدارەی وڵاتەوە هێناوەتە گۆڕێ و ڕووداوەکانی بەدەگمەن باس کردووە. ئەو کاتەی باسی ڕووداوێکیشی کردووە ئامانجی ئەوە بووە قسەی خۆی لە سەر بکا، لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی نەتەوەیی خەبەر بڵاو دەکاتەوە بێ ئەوەی تەفسیرێکی لەسەری هەبێ.

**تیشک**: دەوری میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان چۆن دەنرخێنن؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە**: میدیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا دوو مەودا و دوو مەجالی هەیە یەکێکیان لەو وەختانەدا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان خەباتی نهێنی یان بڵێین خەباتی شاخ بەڕێوە دەبا. پێمخۆشە لەسەر خەباتی شاخیش شتێک بڵێم: کە دەڵێن خەباتی شاخ مەبەست ئەوە نییە کە هەر لە شاخ و کێو بێ. ئێستێ ئێمە لە دەشتی کۆیەش خەباتی شاخ دەکەین خەباتی شاخ یانی خەباتی نهێنی، خەباتی «ناقانوونی»! لە دژی سیستەمێک و بۆ گۆڕینی ڕێژیمێک. خەباتی شاریش ئەوەیە کە لە وڵاتەکەی خۆتدای و دەتهەوێ بە ڕێگای قانوونیدا خەبات بکەی بۆ ئەوەی نەخشی زیاتر لە ئیدارەی وڵاتدا هەبێ، دەنگی زیاتر بەدەست بێنی و بەرنامەی خۆت بۆ پێشخستنی وڵات بەریە پێش. ئیستا

کورد لە کوردستانی عێراق خەباتی شار دەکا، کێشەکە لەسەر ئەوەیە ئیدارەی وڵاتەکەم، ئیدارەی مەنتەقەکەم و هەرێمەکەم چۆن بێ. ئیدی باسی ڕووخاندنی دەوڵەتی ناوەندی ناکا. کەوابێ ئەمان خەباتی شار دەکەن و ئێمە لە دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێریش هەر خەباتی شاخ دەکەین.

جا لە هەردوو حاڵەتەکەدا میدیا دەتوانێ نەخشی موسبەتی هەبێ، دەتوانێ نەخشی مەنفیی هەبێ. دەزانی بەداخەوە مەمانان تەنیا دەتوانین لەسەر میدیای کوردی لە ئێران و عێراق بدوێین و شارەزاییمان لە میدیای دوو بەشەکەی دیکەی کوردستان ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە. بە باوەڕی من میدیای کوردی لە شاخ کە پتر بە دەستی هێزە سیاسییەکان بووە، ئەگەر دەورانی شەڕی نەگریسی نێوخۆییی لێ دەربکەین لە هەردووکی ئەو بەشانەدا لە خزمەتی قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورددا بووە.

بەڵام ئەگەر بێینە سەر میدیای ڕەسمی، یان بڵێین میدیای ئاشکرا ئەم دوو بەشە جیاوازییان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە دەرەتان و ئیمکاناتێکی بەرتەسکی هەیە، دەگەڵ ئەوەی لەژێر زەڕەبینی هێزە سەرکوتکەرەکاندایە و دەگەڵ ئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا نییە، بە تەواوی لە خزمەتی ئامانجەکانی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەیدایە، بە پێچەوانەوە، میدیای کوردی لە باشوور -بە ئەدەبەوە دەڵێم و مەبەستم بێ حورمەتی نییە-، هەمیشە وا نییە. بۆنموونە لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەگ بە باشبوونی پەیوەندیی نێوخۆیی کوردەکان و هێزە کوردییەکان ناکا و هەر لەوکاتەدا لە خزمەتی ئارامکردنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و هەرێمەکە لەگەڵ دەوڵەتی فێدراڵیشدا نییە. جگە لەوەش، پێم وایە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هێندێ بوار هەن کە پێویستە فەرهەنگسازییان لەسەر بکرێ. کەچی میدیای کوردی ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

**تیشک**: مامۆستا لەو ڕووەوە کە شارەزاییەکی تایبەتتان هەیە ڕوانگەتان بە نیسبەت سانسۆر و زمانی کوردی لە میدیای داگیرکەردا چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: دیارە ڕوانگەی هەموومان بە نیسبەت سانسۆڕی دەوڵەتەکان زۆر ڕوون و سادەیە. با ئەوەش بڵێم کە ئەمن لەگەڵ وشەی داگیرکەر نیم، هەتا ئەو وەختەی شوعاری حیزبێکی سیاسی خودموختاری یان فیدرالیزم لە چوارچێوەی وڵاتدایە، ناکرێ بە دەوڵەتەکەی بڵێی داگیرکەر. ئەگەر شوعارەکەت کردە ڕزگاریی کوردستان ئەو وەختە دەکرێ بڵێی داگیرکەر. کەوابێ زیاتر باسی سانسۆڕی دەسەڵاتی حاکم بەسەر زمانی کوردیدا دەکەین. ئەو سانسۆڕە بەتەواوی ناڕەوایە چونکی هەر لەسەر زمان نییە لەسەر بەیانیشە. ئەو شتەی دەتەوێ بیڵێی ئەگەر بە فارسییشی بڵێی لێت قەبووڵ ناکا.

ئەوجار ڕێژیمی فەرمانڕەوا چی بۆ بکرێ لەسەر قەدەغەی زمان لەسەر تێکدانی زمانەکە دەیکا. بەڵام شتێکی سەیر بڵێم: ئەمن زۆر ئارەزوو دەکەم سانسۆڕی کورد لەسەر زمانی کوردی هەبێ، بە چ مەعنا؟ بەو مانایە کە مەرجەعێک بۆ زمان و ئەدەبی کوردی هەبێ کە هەم لە باری لێزانییەوە و هەم لە باری قسەڕۆیشتنەوە خاوەن سەڵاحییەت بێ. ئەو وەخت سانسۆر بخاتە سەر زمانی کوردی. ڕێگا نەدا هەموو نووسینێک بە هەر جۆرێک بنووسرێ چاپ بکرێ، هەموو کتێبێک چاپ نەکا، بە هەر زمانێک بنووسرێ بیدا بە کەسانێک کە بزانن بەڕاستی ئەو نووسراوە کوردییە، نێوەرۆکەکەی خزمەت بە پێگەیشتن و پێشکەوتنی فیکری کوردی دەکا یان نا؟ زمانەکەی کوردی فێر دەکا یان کوردی لە بیری خەڵک دەباتەوە کە بەداخەوە ئەوەمان نییە. ئێستێ تەماشا بکە، ئێمە بە هەزاران کتێبمان لە باشووری کوردستان بۆ بڵاو دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر کەمیان نەمرن، بەڵام هەموویان بە خەرجی ئەو میللەتە بڵاو دەبنەوە و زۆریشیان تێدان کە لەباری شکڵ و نێوەرۆکەوە خزمەت بە ئەدەبی کوردی ناکەن. ئارەزووم دەکرد کە سانسۆڕێکی ئاوا هەبووایە.

**تیشک**: مامۆستا لەتوێی وڵامی دوایین پرسیار کە فەرمووت ئەمن باوەڕم بە ئیستلاح یان چەمک یان مەفهومی داگیرکەر نییە مەگەر ئەو کاتە کە حیزبێکی سیاسی شوعارەکەی گۆڕیبێ، ئەوەیکە ئێستا بە واقع هەیە ئەوەیکە دەبینین لەنێوان ناوەند و پەراوێز کە مەبەستمان ناوچە نەتەوەییەکانە، بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ جورێکە لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، "داگیرکاریی نێوخۆیی" بوونی هەیە. ئایا ئێوە بە دوور لەو تەفسیرە کە بڵێین سپایەکی وڵاتێک هاتووە کوردستانی داگیر کردووە، ئایا ئێوە پێتان وایە یان ئەسڵەن باوەڕتان بەوە هەیە کە کوردستان یان ڕۆژهەڵات، کۆلۆنیەکی نێوخۆییە لە ئێراندا؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: لە وڵاتی ئێمەدا لە جیاتی کۆلۆنیالی موستەعمەرە بە کار دەبرێ کە وشەیەکی عەرەبییە، ئەمن پێموایە نەک هەر کوردستانی خۆمان، کوردستانی ئێران، بەڵکوو هیچکام لە بەشەکانی کوردستان موستەعمەرە نین، بەڵام هەموویان شێوەموستەعمەرەن. یانی وڵاتێکی خاریجی نەهاتووە داگیریان بکا، بەڵام لە نێوخۆی وڵات دەسەڵاتێک بەسەریاندا حاکمە کە تەسەڕڕوفاتی وەکوو تەسەڕڕوفاتی وڵاتانی ئیستعمارگەر دەچن. بۆ نموونە تەماشای کوردستانی ئێران بکە، دەگەڕێن داخۆ لە کوێ شوێنەوارێکی مێژوویی هەیە؟ ئەگەر دۆزییانەوە لەوێ مووزەی بۆ دانانێن، دەیبەنە شوێنێکی دیکە. ئیجازە نادەن ئەو وڵاتە وەکوو خۆی گەشە بکا، ئێستا هەر لە وڵاتی خۆمان کوردێک حەقی هەیە پرۆژەیەکی زۆر گەورەی سەنعەتی لە ئیسفەهان بەرێوە بەرێ، بەڵام ڕێگە نادەن لە کوردستان بە پووڵی کوردی ئەو پرۆژە سەنعەتییە گەورەیە بەڕێوە بچێ. ئەوە سیاسەتێکی ئیستعمارییە بەڵام وەکوو گوتم مادامێکی ئێمە داوای جودابوونەوە ناکەین، پێموایە کەلیمەی داگیرکەر یان بڵێین ئیستعمارگەر زۆر لە جێی خۆیدا نییە. چونکە ئەوە بەجۆرێک نیشانەی نەبوونی ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن هاوسەنگیی سیاسی (توازن سیاسی). دەبێ بڵێین سیاسەتەکەی ئیستعمارییە نەک بڵێین ئیستعمارگەرە.

**تیشک:** خودی مەسەلەی خودموختاری یان مەسەلەی فیدراڵیزم کە لە حیزبی دێموکراتدا هەردوو شوعارەکە بەقەول وەکوو بەرنامەی سیاسی کاری بۆ کراوە، جۆرێک لە کەمکردنەوەی ستەم بووە نەک لابردنی ستەم. ئایا پێتان وایە کە ئەوەی جەنابتان دەیڵێن شیبهی موستەعمەرەیە، دەتوانێت خروجی یان دەرکەوتەی ئەم بۆچوونە، سەربەخۆیی بێت یان دیسان فیدرالیزم بێت؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** پێموایە بەپێی هەلومەرج دەتوانێ هەردووکیان بێ. لانیکەم لە تیئۆریدا دەکرێ وەکوو چەند وڵاتی عەرەبیمان هەن، چەند وڵاتی کوردییشمان هەبن. ئێستا پێمان دەکرێ یان ناکرێ مەسەلەیەکی دیکەیە. بەڵام لەباری نەزەرییەوە بۆ نا؟ دەکرێ کوردستانی ئێران ببێتە دەوڵەتێکی کوردی، هی تورکیە، سوریە و عێراقیش هەر وا. دەکرێ بەڵام وەکوو فەرمووت کەمکردنەوەی زوڵمە نە لابردنی زوڵم. ئەمن پێموایە زوڵم بە ئیستقلالیش بە تەواوی لاناچێ، وڵاتە سەربەخۆیەکان زوڵمیان تێدا نییە؟ زوڵم لە عەرەبستانی سعودی پترە یان مەسەلەن لە کوردستانی تورکیە؟ لە کووبا زوڵم کەمتر هەیە تا لە ئێران؟ خۆ ئەوانە وڵاتی سەربەخۆن. بەڵام بە هەر حاڵ هەوڵی ئینسانی ئازادیخواز بۆ لابردنی ستەمە. دەکرێ لە وڵاتەکەدا هەر بمێنێ بەڵام بە حەدی ئەکسەری مومکین زوڵمی لەسەر لابچێ. بە تایبەتی زوڵمی نەتەوەیی، بەباوەری من ئەگەر دێموکراسی حاکم بێ مەجبوور نییە حەتمەن بە ئیستقلال لابچێ. چونکی دێموکراسی زۆر جار خراپ تەفسیر دەکرێ، دێموکراسی هێندێک وای لێ حاڵین کە هەر ئەوەیە کەمایەتی پەیرەوی لە زۆرایەتی بکا. ئەمە دوانوێنگەی دێموکراسییە، دێموکراسی واقعی قەبووڵ و بەجێگەیاندنی مافەکانی کەمایەتی لەلایەن زۆرایەتییەوەیە. ئەوەیە دێموکراسی. دێموکرات بەو کەسە دەڵێن کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام حقوقی ئەوانەی کە لەگەڵ وی نین ڕەعایەت بکا.

**تیشک:** لە چەندساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو پەرەسەندنی سوشیال میدیا لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەتی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە، توندوتیژییەکی زمانیی سەیر دەبیندرێت بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا، ئەو توندوتیژییە زمانییە چۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** پێموایە لە جوابی پرسیارێکی دیکەدا گوتم، ئەوە پتر دەمئێشێنێ، ئەگەر یەکێک موخالیفی منە لە فەیسبووکدا جنێوم پێ دەدا زۆر کەمتر لەوە دەمئێشێنێ کە لایەنگرێکی من جنێو بە کەسی دیکە دەدا. هەمووی مەحکووم دەکەم. ئەمە نیشانەی دواکەوتووییەکی زۆر قووڵە لە باری فەرهەنگییەوە، لە باری عەقلییەوە، لە باری ئەخلاقییەوە. لەجێدا جنێو و گۆپاڵ ئەوکاتە دەکەونە کار کە مەنتیق نامێنێ. ئەوەی ئێستە لە میدیادا دەیبینین زۆر جار بەڕاستی وای لێ کردووم ئارەزوو بکەم کە فەیسبووک نەبایە، ئینتەرنێت نەبایە. قەت لە بیرم ناچێ وا بزانم ٢٠ یان ٢٥ ساڵ دەبێ لە ڕۆژنامەی خەباتدا کاریکاتۆرێکم بینی زۆرم پێ جوان بوو. کابرا لە پشت کامپیووتێر دانیشتووە تەماشای شتێک وەک

فەیسبووک دەکات، - ئەوەدەم فەیسبووک نەبوو- ئەم جنێو بەو دەدا ئەو جنێو بەم دەدا. کابرا لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ ئەوە دیواری ئاودەستەکانی قەدیمە یان لاپەڕەی ئینتێرنێت؟ زۆر شتێکی جوان بوو. ئێستا وایان لێ کردووە، ئەوە شتێکی زۆر دواکەوتووانەیە و هیچ مەسەلەیەک چارەسەر ناکا. بەڵکوو گیروگرفتەکان قووڵتر و توندتر دەکا.

**تیشک**: ئەمن وەکوو دوایین پرسیار لای خۆمەوە، سیاسەتەکانی میدیای دەسەڵات یان دەسەڵاتدار بۆ پەرەپێدان بەو چەمکەی کە ئێمە بە کۆلۆنیالیزم ناوی دێنین و جەنابتان پێی دەڵێن شێوە موستەعمەرە چۆناوچۆن دەبینن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە**: سیاسەتی میدیای دەسەڵات وەک عەرزم کردی جاروبار ئەو شتانەی بە سەراحەت لێ دەردەکەون، جاروبار فیلمێک بڵاو دەکەنەوە لێدوانێک بڵاو دەکەنەوە. کابرا لە جێیەک قسەی کردووە، هەتا ئەو جێیەی بڵاو نەکراوەتەوە قسەی خۆیەتی، بەڵام کە لە میدیای ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە ئیدی ئەو خشوونەتە زمانییە، خشوونەتە میدیاییە دەبێتە قسەی دەسەڵات. میدیای دەسەڵات لە وڵاتی خۆماندا -باسی ئێران دەکەم- لە کولدا لە جیهەتی ئەوەدایە کە هۆڤییەتی نەتەوە غەیرەفارسەکان بسڕێتەوە. جا سەیرەکە لەوەدایە ئەوەی پێی دەڵێن ئینقلابی ئیسلامی، تەنانەت لە خەتی ئینقلابی ئیسلامی، لە خەتی خومەینییش لایداوە. خومەینی وەختی خۆی تێزێکی هەبوو کە دەیگوت میللیگەرایی زەمینەی ڕوشدی ئیمپریالیزمە، دەیگوت فارس و کورد و نازانم چی و چی هەموویان موسوڵمانن، بەڵام ئێستا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو فەلسەفە دینییەش کە هەیەتی -موناقەشەی ناکەین کە چۆنە- بە تەواوی شۆڤێنیستمەسلەکە. عەمیقەن موتەعەسیبن و دەیانەوێ هەموو هۆڤییەتێکی غەیرە فارس لە وڵاتی خۆیاندا بسڕنەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک ژمارە ٥٨ - ساڵی بیست و دووەم - زستانی ٢٧٢٠(٢٠٢٠ز)

## لەسەر وتووێژەکانی نێوان تاران و کوردستان

**دیمانە: عەلی لەیلاخ**

ناوەند سەرەڕای شۆڕشێک کە بۆ هەڵتەکاندنی سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بە نیسبەتی پرسی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی کرابوو، لە زۆر شتدا هەر هەمان خوێندنەوە و ڕوانگەی هەیە. پرسی نەتەوەکان و ماف و داوای جۆراوجۆرییەکانی ئێران یەک لەوان بوو.

دوای خۆڕاگری و بەربەرەکانیی کورد لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەهۆی شکستی هێزە چەکدارەکان لە قۆناغەکانی یەکەمی پەلامار بۆ سەر کوردستان؛ چەند دیدار و دانیشتنێک لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و نوێنەرانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێک هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک لە لایەنەکانی بەشدار لەم وتوویژ و چاوپێکەوتنانە بوو.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات یەک لەو کەسانەیە لەم دانیشتنانەدا بەشدار بووە کە بە بەشداریی "داریووش فرووهەر، هاشم سەباغیان و عیزەتوڵڵا سەحابی" وەک نێردراوانی دەوڵەت لەژێر ناوی "هەیئەتی حوسنی نییەت"دا پێک هاتبوو.

بە ڕای مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هەیئەتی ناوبراو دەسەڵاتی ئیجرایی نەبوو، بەڵکوو تەنیا هاتبوون بۆ پرسیار کردن و گوێگرتن و بەتەواوی ئەم بێدەسەڵاتییەیان پێوە دیار بوو.

**مامۆستا حەسەنزادە لەو بارەوە دەڵێ:**

"ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم حوسنی نییەتیان هەبوو یا نا، بەڵام لە ڕەفتاریاندا دیار بوو کە بۆ چارەسەری پرسی ئێمە (نەتەوەی کورد) نەهاتبوون؛ بەڵکوو دەوڵەتی مووەقەت لەبەر لاوازیی (پێگەی خۆیان) و گرینگیی کوردستان ئامادە بووە نوێنەرانی خۆی بنێرێ کە دواتر ئایەتوڵڵا خومەینی گلەیی لەو کارە دەکا و دەڵێ: "ئەمن گوتم سەرەتا گەمارۆ ئینجا

گفتوگۆ، (اول محاصر بعد مذاکره)." هەر ئەمەش ڕێگەی بۆ شەڕی سێ مانگە خۆش کرد."

**مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دی لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بە ئاماژە بە چۆنیەتیی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ گوتی:**

"ڕاستە ئێران وڵاتی گەلانی جۆراوجۆرە و لەسەر گۆڕانی سیاسیی ٥٧ کاریگەرییان هەبووە، بەڵام واقعیەتی شۆڕشی ٥٧ بە حوکمی ئەوەی موئەسساتی دینی و ئیسلامی جڵەوکێشی ئەو شۆڕشە بوون، لە ڕاستییدا شۆڕشی ئیسلامی بوو و خومەینیش ڕێبەری بوو. زۆر جار دەگوترێ ئەو شۆڕشە بە تاڵان براوە، قەت وا نییە کە بڵێین گەلانی ئێران شۆڕشیان کردوە و ئینجا ئیسلامییەکان دەستیان بەسەردا گرتوە؛ بەڵام ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان نابێ هەر بەوە بناسرێ کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار، چونکە لەو ڕۆژەدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بە گشتی و بە تایبەتی دەسەڵاتی ٥٣ ساڵەی پەهلەوی هات، کە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان ستەم و زوڵمی زۆریان لەو دەسەڵاتە چێشتبوو."

**لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا، بەڕێز حەسەنزادە بە ئاماژەدان بە ڕووداوەکانی شۆڕشی ٥٧ بە تایبەتی لە کوردستاندا گوتی:**

"بە بۆنەی مەرگی کاک عەزیز یووسفی، تێکۆشەری دێموکرات لە شاری مەهاباد نارەزایەتییەکان دەستی پێکرد و دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بەرجەستەبوونی پرسی کورد، لە یەکەم دیداردا و بەبێ ئەوەی بابەتێکی ڕێکخراو بێ، لە هەمان ڕۆژدا پادگانی مەهاباد دەستی بەسەردا گیرا. "هەیئەتی حوسنی نییەت" و نوێنەرانی حکوومەت پێیان وابوو کە بە ئەنقەست لەو ڕۆژەدا ئەو کارە کراوە، کە نیشان بدا "حوسنی نییەت' نییە! بەڵام هەر زوو پێیان گوترا کە ئەو ڕووداوە؛ ئەوەڵەن پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. دووەمەن ئێمە پادگانێکی بەقەول "طاغوتی" مان گرتوە. بۆ ئەگەر لە شارێکی دیکە وەکوو تاران و تەورێز شتی وا ڕوو دەدا بە حەماسەوە باسی دەکەن، بەڵام لە کوردستان بە گومانەوە؟ ئەزقەزا کاتێک پادگانی مەهاباد گیرا - یەکێک لە ناوەندە سەرکوتکەرەکانی نەتەوەی کورد- هەمان ڕۆژ ڕادیۆ تاران بە حەماسەوە باسی لەوە کرد کە پادگانی "طاغوتی" لە شاری مەهاباد لە لایەن هێزی گەلەوە دەستی بەسەردا گیراوە."

**بەڕێز مامۆستا لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژە هەستیارانە لە سەروبەندی دانیشتنەکانی نێوان نوێنەرانی تاران و کوردستان ئاماژەی بە داواکارییەکان کرد و گوتی:**

"نوێنەرانی تاران لە ڕاستیدا نەهاتبوون بۆ چارەسەری و زیاتر بۆ سەرنجدان بە دۆخەکە هاتبوون. بەڵام ئێمە وەکوو

حیزبی دێموکرات داواکارییەکانمان ڕوون بوو، چ ئەو کات کە داوای خودموختارییمان دەکرد لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا و چ وەکوو ئێستا کە باس لە فیدرالیزم دەکەین کە ئەویش هەر لە چوارچێوەی خاکی ئێراندایە. ئێمە سوور بووین بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بەڵام هەیئەتە جۆراوجۆرەکانی تاران هەنگاوی جیدییان هەڵنەهێنا و بەبێ دەسەڵاتی بڕیاردان سەردانیان دەکرد، چون لە سەرەوەی ئەوان کە خومەینی بێ، باوەڕی بە مافی گەلان نەبوو! هەروەها ڕادەی "حسن نیت" لە نێو هەیئەتەکاندا جیاوازیی هەبوو."

## ڕێزدار حەسەنزادە لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ پرسی نەتەوەیی و مافەکانی دیکەی گەلی کورد گوتی:

"هەر حەوتوویەک دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، هەیئەتێکی بەربڵاو و پێکهاتوو لە چین و سێنفە جیاجیاکان، سەردانی تارانیان کرد و دوکتور قاسملووشیان لەگەڵ بوو، بەڵام هەر بەخێرهاتنێکی تەشریفاتی و دواتر هاتبوونەوە. بەڵام لە دیدارەکانی دیکەدا بۆخۆم لەگەڵ بووم، هەم بۆ تاران و هەم بۆ قوم. لە دیداری قوم کە چاومان بە ئایەتوڵڵا خومەینی کەوت، ئەڵبەت پاش حەوتوویەک مۆڵەت وەرگرتن بۆ چاوپێکەوتن و، لە کاتێکیشدا کە ڕامانگەیاندبوو ئێمە ئەو ٨ کەسە نوێنەرانی دێموکرات نین، بەڵکوو نوێنەری چین و توێژەکانی خەڵکی مەهابادین و کۆمەڵێک داواکاریمان هەیە. پاش حەوتوویەک چاوەڕوانی، دەکرێ بڵێم لەو دیدارەدا تەنیا نیزیک بە دە دەقە دانیشت و گوێی لە قسەکانی ئێمە گرت.

لەو دە دەقەش عەینی ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە نابێ پەلە بکەن! پاشان بە فیکری خۆم ویستم زیرەکی بکەم و قسەیەکی لە زار دەربێنم گوتم: هەموو ئەوشتانەی کە دەفەرمووی نابێ پەلەمان هەبێ قەبووڵە. بەڵام تەنیا یەک پرسیار؛ ئێمە وەکوو خەڵکی کوردستان لە ڕێژیمی پاشایەتی زوڵمی جۆراوجۆرمان دیتوە، ئێستا دەمانهەوێ بزانین لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا چی دەبێ؟ کەس دڵی ئاو ناخواتەوە مەگەر لە زاری جەنابتەوە بگوترێ! خومەینی بەبێ ئەوەی وڵامێک بە "ئەرێ" یان "نا" بداتەوە، گوتی: هەر کەس دێ دەڵێ شا زوڵمی لە ئێمە کردوە. کورد دێ وا دەڵێ، تورک دێ وا دەڵێ و تەنانەت هێنایە سەر شارەکان و گوتی: ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی وا دەڵێ و... ئێمە بۆخۆمان لەم شاری قومە لە زەمانی پاشایەتی، هەقمان نەبوو بەئازادی مەراسمی ئایینیی تاسووعا و عاشوورا بەڕێوە ببەین. خومەینی بەو قسانە خۆی بوارد لە ئەسڵی پرسیاری من و مەوزووعاتی ئێمەی بەو جۆرە کردە "تەپ و تۆز" و دەتوانم بڵێم بە زیرەکییەوە خۆی لە ڕاستییەکان بوارد. خومەینی نە گوتی مافتان نادەینێ کە خەڵک پشتی لێ بکا و نە گوتی مافەکانتان دەدەینێ، هەتا لە سەری نەبێتە ماڵ."

لە درێـژەی بـابەتەکەدا باسـی دانیشـتنەکانی نـوێنەرانی تـاران و کـورد لە شـاری سنە کـرا، کە لە بەڵگەنامەکـانی کۆمـاری ئیسلامیدا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم خانی یوونسی ئەو کات ئوستانداری پارێزگای سنە بووە، لەگەڵ دژبەرانی رێژیم نەرمی نواندوە و ئەمنیەتی سنەیان تێک داوە.

**بەڕێزیان لەو بارەوە گوتی:**

"ڕاستە ئیبـراهیم خـانی یوونسـی لەو سـەروبەندەدا ئوسـتاندار بـوو بەڵام ئەو لەوێ نەبـوو بەڵکوو جێگـرەکەی واتە ئاغـای کولیجی لەوێ بوو کە هیچ نەقش و دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو. ئەساسەن ئەو هەیئەتە بۆ موزاکرە نەهـاتبوون، بەڵکوو ئەو هەیـئەتە لە ئاکـامی شـەڕی سـنە، گەیشـتبوونە سـنە و - لە تـاقەتی ئەم دیدارەشـدا نییە کە بـاس لە هۆکـاری ئەو شـەڕە بکەیـن-، ئەوان هـاتبوون بـۆ دامرکانـدنی شـەڕ بەڵام لە کـاتی دانیشـتنەکەدا هەم شـەڕ هەبـوو، هەمیش دەوڵەت هێنـدێک حەرەکەتی منداڵانەیان کرد وەکوو "شکاندنی دیواری سەوتی" بە فڕۆکە جەنگییەکـان؛ ئەویش ڕاست بەسەر ئەو شوێنەی کە دوو هەیئەت دانیشتبووین و قسەمان دەکرد."

**مامۆستا حەسەنزادە بە باس کردن لە بارودۆخی ئەو کاتی شاری سنە و دیدار لەگەڵ نوێنەرانی دیکەی کورد وەکوو کاک ئەحمەد موفتیزادە و ئەو تاوانانەی کە هێندێک لایەن باسی دەکەن، گوتی:**

"ئەگەر بمهەوێ وەکوو تـاریخ لەسەر کاک ئەحمەدی موفتیزادە باس بکەم دەبێ بڵێم کەسێکی نیشـتمانپەروەر بـوو، لە زەمـانی شـادا یەکێـک لە تێکۆشەرانی دژبەری ڕێژیمی پاشـایەتی بـوو. تەنـانەت بە تـاق و تەنیـا بە دەسـتخەتی خـۆی بەیاننـامەی دەنووسی و بە ئیمزای خۆی بڵاوی دەکردەوە و پیاوێکی بوێر و ئازا بوو. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە وەک بۆخـۆی دەڵـێ پاشخانێکی فیکریی ئایینیی هەبوو. ئەو حکوومەتەش [کۆماری ئیسلامی] بەناوی ئایینەوە هاتبوە سەرکار، هەر بۆیە ئەویـان بەجیـا دەدوانـد و تـا ڕادەیەک کاریگەرییـان لەسـەر دانـابوو کە هەرچەنـد مـن بۆخـۆم لـێم نەبیسـتوە بەڵام گوتبـووی: "خودموختـاری لە گیرفانمـدایە"! پاشـان نـاکۆکی کەوتە نێـوان کـاک ئەحـمەد و مەرحـووم شـێخ عیـزەدین حوسـەینی کە هۆکارەکەشی دەتوانێ سازمانە سیاسییەکانی ئەو کات بێ.

ڕۆژێک پێش دیداری سنە هەردووکیـان (کـاک ئەحمەد و شێخ عیـزەدین) لە سەقز یەکتریـان بینی و بڕیاریـان دا کە کەس بەجیـا بەنـاوی گەلـی کـوردەوە لەگەڵ دەوڵەت و میـدیاکان قسـە نەکـا. بەو جـۆرە ڕێـک کەوتـن، بەڵام شـەوەکەی لە تەلەڤیزیۆنەوە چاومان لێبوو کە کـاک ئەحمەد قسە دەکـا و خـودا هەڵنـاگرێ هەرچەنـد لە کۆبـوونەوەکە چـاکی قسـە کـرد

بەڵام لەوەی تەلەڤیزیۆن خراپی گوت و ئێمەی کوردی تاوانبار کرد. با ئەو ڕاستییەش بۆ مێژوو بڵێم کە ئێمەش هەڵەمان بووە بەڵام لانیکەم دەبێ پەنجا پەنجا دابەشی بکەن. خۆشباوەڕی و خۆشقەلبیی کاک ئەحمەد بووە هۆی ئەوەی ئەو لە ئێمە جیا بکاتەوە و هەر ئەو خەسڵەتەش بووە هۆی ئەوەی سەری لەو پێناوەدا دانێ."

**مامۆستا حەسەنزادە لە بەشی پێوەندیدار بە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ٥٧دا گوتی:**

"ئێمە بە ڕەچاوکردنی ڕووداوەکانی ئێران بڕیارمان دا بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەگەرچی درەنگ موافقەتی لەسەر کرا و، ئاخری کومیتەی زاگرۆس پێک هات - بە ڕاستگۆیی بڵێم حیزبی دێموکرات بە هۆی تەحلیلی جۆراوجۆر درەنگ گەڕاوە - و دوکتور قاسملوو گوتی دەبێ بگەڕێینەوە نێوخۆ، ئەو حەرەکەتە تا ئاخر دەڕوا.

پاش گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات، توانی ئاراستەیەکی جیاواز بە خۆپیشاندان و دروشمەکان بدا و، ڕاستە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی لە ئاستی ئێراندا کاریگەریی هەبێ، بەڵام لە کوردستان و بە تایبەتی لە مەهاباد نەقشی یەکلاکەرەوەی هەبوو.

**لە کۆتاییدا لەمەڕ نەرمی نواندنی نوێنەرانی کورد کە ئەو کات بەهێز بوون و دەوڵەتی ناوەندیش لاواز، گوتی:**

"قەت لایەنە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی لە دانیشتنەکاندا نەرمی نەنواندوە و، دەبێ ئەو واقعە قەبووڵ بکەین کە کورد لە ئێران هێزی سەرتر نییە و ئێمەش وەکوو هێزی کوردی نە توندوتیژییمان نواندوە نە نەرمیش و ئێمە تەسلیم نەبووین و، نوێنەرانی تارانیش نەهاتبوون بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کورد! هاتبوون بە گوتەی خۆیان بۆ "رفع غائلەی کوردستان" و بۆ یەک جاریش موزاکرە لەسەر مەسەلەی کوردستان نەکرا."

**دەگەڵ داوای لێبوردن:**

خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"! بەداخەوە وتاری من لە کۆنفرانسی یادی د. قاسملوو لە سێنای فەڕانسە کە ژمارەی پێشوو(٧٦٨) هەر لەم لاپەڕەیەدا دانرابوو، هەڵەیەکی زەقی تێکەوتوە کە خەتاکەی هی خۆم بووە.

**وێڕای داوای لێبوردن بەمجۆرە ڕاستی دەکەمەوە:**

١- لەدێڕی چوارەمی پاڕاگڕافی چوارەمی ستوونی ٣دا (١٩٧٢) دەکرێتە (١٩٧٧).

٢- ٥ دێڕی کۆتایی هەر ئەو پاڕاگڕافە بەمجۆرە ڕاست دەکرێتەوە:

ناوچە و بە تایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بوونە کۆسپی سەر ڕێگای پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەمجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە

عەبدوڵڵاحەسەنزادە

٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

## مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر بەڕێز!



**سڵاوێکی گەرمی برایانە**

**بە داخێکی گرانەوە لە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و تێکۆشەری گەورەی کورد و کادری لەمێژینەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مام جەمال ئاغا (جەمال حەکیم ئاغا) ئاگادار بووم. ڕابردووی خەباتگێڕانە و پڕسەروەریی جەمال ئاغا تۆمارێکی ئەوەندە دوورودرێژە کە تەنیا حیزبەکەی خۆی دەتوانێ ئاوڕی لێ بداتەوە و هەقی خۆی بداتێ. بۆیە ئەمن وەک دۆست و هاوڕێیەکی بچووکی ئەو نەمرە تەنیا دەتوانم لەسەر ساڵەکانی ١٩٨٠ بدوێم،ئەو کاتە کە بارەگای ڕێبەرایەتیی هەردوو حیزبی برا و هاوخەبات (دێموکرات و یەکیەتی) لە دۆڵی جافایەتی دراوسێی یەکتر بوون و هەردوو مەکتەبی سیاسی ناوبەناو سەردانی یەکتریان دەکرد.**

**لەو ساڵانەدا مامە جەمال کە یار و هاودەمی هەردوو ڕێبەری کۆچکردوو مام جەلال و دوکتۆر قاسملوو بوو، لە زۆربەی هەرە زۆری دیدارەکاندا بە شدار بوو و لەوێدا ئەمن دەگەڵ کەسایەتیی ئەو پیاوە ئاشنا بووم. جەمال ئاغا کە ئەزموونی چەند قۆناغی خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردی وەسەر یەک نابوو، بەڕاستی پیاوێکی ئاشنا بە مێژووی ڕابردووی بزووتنەوەی کورد و ماف وداخوازەکانی ئەم گەلە و شۆڕشە ڕەواکانی بوو.**

**ئەو کە جێگە و پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیی هەبوو و لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەمووان ڕێزیان بۆ دادەنا، لەنێو ریزەکانی شۆڕشی کوردیشدا جێگای ڕێزی هەموو ئەوانە بوو کە لەنزیکەوە دەیانناسی. سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەو پێگە**

کۆمەڵایەتییە و دەگەڵ جیاوازیی زۆری تەمەنی خۆشەویستی هەموو پێشمەرگە لاوەکانیش بوو، چونکە بۆ هەمووان مامێک و تەنانەت هاوڕێیەکی میهرەبان بوو.

لەمانە بگەڕێتەوە، جەمال ئاغا ئەدیب و ئەدەبدۆستێکی بە تواناش بوو، زۆر حەزی بە خوێندنەوە و باسی ئەدەبی دەکرد. ئەو هەروەها شێعری جوانیشی هەبوون کە هیوادارم ئەگەر تا ئێستاش نەکرابێ، دوای لەدنیادەرچوونی، بەرهەمە ئەدەبییەکانی کۆ بکرێنەوە و بەچاپ بگەن. لێرەدا وەک نموونە تاکە بەیتێکی وەبیر دێنمەوە کە لە بارەی شاری سلێمانییەوە نووسیویە. دەزانین کە ئەو ئاشقی هەموو کوردستان بوو، بەڵام سلێمانی دەگەڵ خوێن و گۆشتی تێکەڵ بوو:

«بەهەشتی زاتی پاکی خوا کە مەشهوورە لەبەر جوانی
کتومت ڕەنگی ڕێژراوە لەسەر شێوەی سلێمانی»

خۆ ناکرێ پیاو یادی جەمال ئاغا بکاتەوە و باسی سەخا و دڵفرەوانی و لەوانەش زیاتر قسەخۆشی و نوکتەزانییەکەی نەکا. زیادم نەگوتوە ئەگەر بڵێم هەرکەس جارێکی مەجلیسی جەمال ئاغا دیبێ هەمیشە بەئاوات بووە دەرفەتی دیدارێکی تازەی لەگەڵ ئەو گەورەپیاوە بۆ بڕەخسێ.

بەڕاستی سەرکۆنەی خۆم دەکەم کە لەو ساڵانەی کۆتایی تەمەنیدا نەچوومە سەردانی و پاساویشم ئەوە بوو کە بۆم قورس بوو خۆشەویستێکی وا، بە کەنەفتی ببینم. نەفرەتی دنیاش بۆ «کۆڕۆنا» دەنێرم کە ڕێگای نەدا هەموومان لەسەر گڵکۆکەی ئامادە بین و بەوجۆرەی شیاوی خۆی بوو، ماڵئاوایی دەگەڵ بکەین.


لە ناخی دڵمەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەی و هەواڵەکانی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی کورد و هەموو خەڵکی شارە خۆشەویستەکەی و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکەم. ڕووحی جەمال ئاغا شاد و تەمەندرێژی بۆ ئازیزانی و کوردستانیش سەرکەوتوو بێ.

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

٣ - ٤ - ٢٠٢٠

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

## غەمێکی نوێ

بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووم کە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٢٧ - ١ - ١٣٩٩ی هەتاوی (١٥ - ٤ - ٢٠٢٠ی زایینی) کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و جێی ڕێزی شاری سەقز میرزا حوسێنی شەریفی بەهۆی نەخۆشی و پیری کۆچی دوایی کردوە. بەڕاستی لەم هەلومەرجە دژوارەی کوردستان و ناوچە و سەرانسەری جیهاندا کە بە هۆی پەتای عالەمگیری کۆڕۆناوە غەم بە غەمێ دەڵێ ڕێم کە و خەسار بە خەسارێ دەڵێ جێم کە، ئەو هەواڵە دڵهەژێنە بووە «دەردی سەرباری هەموو دەردان» و لە ناخەوە ڕای تڵەکاندم.

غەمی لەدەستدانی میزا حوسێن هەر لەبەر ئەوە قورس نیە کە بۆ من دۆستێک و سەروەرێک بوو، بەڵکوو کەسایەتیی بەرزی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و فەزل و خوێندەواری و هونەر، بەتایبەتی هونەری خەت خۆشییەکەی ئەوی کردبووە خۆشەویستی هەمووان و جێگای ڕێزی خەڵکی شارە شەریفپەروەرەکەی سەقز و هەموو ئەوانە کە لە نیزیکەوە دەیانناسی.

میرزا حوسێنی شەریفی گەلدۆست و وڵاتپارێزێکی گەورە و دڵسۆزێکی کەموێنەی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی هەقخوازانەی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەپەرستی وای کردبوو کە یەکێک لە جگەرگۆشەکانی بەناوی ڕامین شەریفی بە حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی دادخوازانەی نەتەوەکەی ببەخشێ. دەڵێن «گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە». ڕامین نموونەی خەباتگێڕێکی بەوەج و جێگای شانازیی باوکی شۆڕشگێڕی بوو. خوێندەوار، فیداکار، ئازا و بەجەرگ و نموونەی پێشمەرگەیەکی بەبیروباوەڕ.

ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی ڕامین پێشمەرگەی بەدیمەنی حیزبی دێموکرات لە مەئموورییەتێکی حیزبیدا کەوتە داو و بەدیل گیرا. لێرەدا بوو کە باوەڕ و ئیمانی نەلەرزیوی باوک و کوڕ گەشەی کرد و خۆی نواند. ئازار و ئەشکەنجەی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی سەری تەسلیم بە ڕامین دانوێنێ کە هیچ، ورە و گەورەیی میرزا حوسێنیش لەوێدا گوڵی کرد. پێش ئیعدامی ڕامین دژی گەلییەکان بانگی میرزا حوسێن دەکەن و کاتێک لەوە نائومێد دەبن کە ئەو کوڕەکەی هان بدا بۆ پەژیوانی و داوای لێخۆشبوون، پێی دەڵێن: کوڕەکەت شەڕی دەگەڵ خوا کردوە (محارب با خدا)یە، سزاکەشی ئەوەیە یان ئیعدام بکرێ، یان دەست ولاقی ببڕێنەوە. ئەتۆ وەک باوکێک کامیان هەڵدەبژێری؟

بڕوانن لەوکاتەدا کە مەرگی جگەرگۆشە لە ئارادایە، وەڵامی باوکێکی قارەمان دەبێ چی بێ؟ میرزا حوسێن دەڵێ ئیعدامی بکەن. جەلاد بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ وا دیارە زۆر کەللەڕەقی، چۆن مەرگ بۆ کوڕی خۆت هەڵدەبژێری؟ بە فارسی وەڵامیان دەداتەوە: «زیرا جزو استوارقامتان خواهد شد» چونکە دەبێتە یەکێک لە بەژن نەچەماوان. ئەوە بوو کە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٢ ڕامینی قارەمان «بە سەری بەرزەوە چووە سەر دار». کەچی ئەم کۆستە گەورەیە نە باوەڕی میرزا حوسێنی لەرزاند و نە پێوەندیی ئەوی دەگەڵ حیزبەکەی خۆی و کوڕە شەهیدەکەی پچڕاند. هەتا ئەم ساڵانەی دوایی کە نەخۆشی و پیری برستیان لێ بڕی ناوبەناو سەری دەداین و ورەی پێ دەداین. دواتریش لەڕێگای تەلەفونەوە پێوەندیی خۆی هەر پاراست.

کورتی کەمەوە، دەگەڵ ئەوەی تەمەنی چووبووە سەر، کۆچی دوایی ئەو گەورە پیاوە بۆ حیزبی دێموکڕات و دۆست و دڵسۆزانی خەسارێکی گەورەیە و یادی بۆ هەتاهەتایە لە دڵی هەموو ئەوانەدا زندوویە کە هاودەم و هاونشینی بوون و دەگەڵ فەزل و هونەر و ئیمان و باوەڕی ئاشنا بوون.


بە بۆنەی ئەو کۆسپە گەورەیەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی و هاودەردیم پێشکەشی کوڕ و کچەکانی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەی و هەموو خەڵکی شارە خۆشەویستەکەی و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکەم. بۆ میرزاحوسێنی لەدەستچوو بەهەشتی بەرین و باوەشی بەزەیی خوا و بۆ کەسوکار و دۆستان و ئۆگرانی سێبووری و سڵامەتی و تەمەندرێژی بەئاوات دەخوازم. ڕووحی شاد بێ.

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

٢٧ - ١ - ١٣٩٩

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

## یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات و چەند قسەیەک



تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (هەردوو دێموکڕات) خۆیان ئامادە دەکەن تا لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویدا جێژنی ٧٥ ساڵە (یووبیلی ئەڵماس)ی حیزبەکەیان بگرن. ناتوانم بیشارمەوە کە بە باوەڕی من پێکهێنانی جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات لەو ڕۆژەدا، تەنیا ئەوکاتە لە جێی خۆیدایە کە مەبەستمان خەباتی حیزبەکە لە ژێر ناوی «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»دا بێ، ئەگینا ئەم حیزبە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی دامەزراوە کە سێ ساڵ بە ناوی(ژ.ک) «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان»تێ کۆشاوە و دوای سێ ساڵ لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب (٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤)دا ناوەکەی گۆڕاوە بە «حیزبی دێموکڕاتی کوردستان». ئەم ناوگۆڕینە قەت بە مانای هەڵوەشانی (ژ.ک) و دامەزرانی حیزبێکی تازە بە ناوی (ح.د.ک) نەبووە و بەو پێیە دەبووایە ٣ ساڵ لەمەوبەر یووبیلی ئەڵماس یان جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە گیرابایە.

بۆ ئەوەی لەخۆوە قسەم نەکردبێ، دەقێکی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شاهید دەگرم کە ٧٤ ساڵ لەمەوبەر لە مەهاباد و لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە:

«ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ بە بۆنەی ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر هەیوان و حەساری عیمارەتی پێشەوا جێژنێک گیرابوو. لەم جێژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف

کرد. جێژن لە سەعاتی ١ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ کرا، دەورووبەری عیمارەتی پێشەوای بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای موعەززەم ڕازابووەوە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەست پێکرا و بەبۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن ئاغایانی عەلیی خوسرەوی، سەید موحەممەدی تەهازادە، دڵشادی ڕەسووڵی، سەید موحەممەدی حەمیدی، جەعفەری کەریمی، وردی، عەزیزی سددیقی، سەید عەبدوڵڵای تەهازادە، عوسمان دانیش، موحەممەدئەمینی قادری و کاک ئەمینی شەڕەفی مودیر، نوتق و مەقالات خوێندرایەوە...» (کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٧٩، ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥). پێویستە بگوترێ کە بۆ ئاسانتربوونی خوێندنەوە، بابەتەکەمان بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی نووسیوەتەوە.

پێش هەموو شتێک و بەرلەوەی قسەکانم دەست پێ کەم، بەوبۆنە پیرۆزەوە پڕبەدڵ پیرۆز بایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکڕات دەکەم و سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی حیزب و بۆ تێکڕای ئەو خەباتگێڕانە دەنێرم کە لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا ڕێی دێموکڕات، ڕێی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیان بڕیوە و لەو پێناوەدا شەهید و کەمئەندام بوون، بەناکامی سەریان ناوەتەوە، یان هەروا بە شانازییەوە ئاڵای ئەو خەباتە پڕ سەروەرییەیان بەرز ڕاگرتوە.

**خوێنەرە بەڕێزەکان و هاوڕێیانی دێموکڕات!**

لەو جۆرە بیرەوەرییانەدا بە حەق، هەموو ساڵێ ئاوڕ لە سەرکەوتنەکان و خاڵە بەهێزەکانی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دەدرێتەوە و شانازی بە ڕابردووی پڕ حەماسە و فیداکاریی جەریانەکە تازە دەکرێتەوە. هاوڕێ و هاوخەباتەکانم شاهیدن کە ئەمنیش لە ساڵانی دوورودرێژی تێکۆشانمدا بە دەیان -ئەگەر نەڵێم بە سەدان- بابەتم لەسەر سەرکەوتنەکان و خاڵە ئەرێنییەکانی مێژووی ئەم حیزبە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزب و دەرەوەی حیزب و لە میتینگ و سێمینارەکاندا پێشکەش کردوە، کە بە سەرمایەیەکی بە نرخی ژیانی سیاسیی خۆمیان دەزانم.

بەڵام لەسەر ئیزنی هەمووان لەم یادە پیرۆزەدا دەمەوێ جۆرێکی دیکە بێمە گۆ. بیرمەندێکی ناوداری سیاسی دەڵێ:

«ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بێتە سەما.» شاراوە نیە کە هەموو ئینسانێک و هەموو جەریانێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا سەرکەوتن و تێشکان و بەرەوپێشچوون و نووچدان و بە گشتی خاڵی بەهێز و لاوازی دەبێ. لە سەرفەسڵێکی وەک ئەوەی ئێستادا وەبیر هێنانەوەی شانازییەکان نەک هەر بەجێ، بەڵکوو زۆر پێویستیشە

بۆ ئەوەی بەرەی نوێی نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەگەڵ ڕابردووی پڕکەندولەند و هەورازونشێوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی خۆیان ئاشنا بن و ئەزموونەکانی بکەنە سەرمایە و سەرمەشقی کار و بەرخۆدانی ئایندەیان.

هەرلەو کاتەدا تەنیا وەبیرهێنانەوەی سەرکەوتن و شانازییەکان و پاڵدانەوە لەسەر دەسکەوتەکانی ڕابردوو نامان گەیەنێتە جێگایەک و دەبێ خاڵە بەهێزەکان وەبیر بێنینەوە تا دواڕۆژی خۆمانیان پێ ڕووناکتر بکەین، بەڵام بەجێیە خاڵە لاوازەکانی ئێستا و ڕابردووشمان بێنینە بەر چاو بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەین و هەوڵ بدەین نەگەڕێینەوە سەریان. دیتن و پێ لێنانی خاڵە لاوازەکان نەک هەر نیشانەی بەرەودواگەڕانەوەی ڕەوتێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە، بەڵگەی ئازایەتی و باوەڕبەخۆبوونی ڕەوتەکەیە. دڵنیام هاوڕێیانی دڵسۆز و قەڵەمبەدەستم ئەمساڵیش لەبارەی شانازییەکانی مێژووی حیزبەکەمانەوە ئەوەی پێویستە بەجێی دەگەیەنن و کەلێن و کەلەبەرێک ناهێڵنەوە. بۆیە ئەمن دەمەوێ ئەگەریش خۆخوێنتاڵکردن بێ قامک لەسەر بەشێک لە ناکامییەکانی ڕابردوومان و کەموکوڕییەکانی ئێستامان دابنێم و بە پێویستیش نازانم پاکانە بۆخۆم بکەم، چونکە لە دڵسۆزی و ڕاستوێژیی خۆم بەگومان نیم.

### بەشێک لە کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان:

١- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڵ هەموو شانازییەکانی، نەیتوانیوە ڕووداوەکانی مێژووی خۆی بە دوکۆمێنت بکات و لەبەر نەبوونی ئارشیڤ، زۆر جار بۆ دۆزینەوەی زۆر بەڵگە و نووسراو و بڕیاری ئەم حیزبە ناچار بووین پەنا بۆ بەرهەمەکانی مێژوونووسانی بێگانە بەرین کە ئەگەر بە نیازی خەراپیشەوە نە نووسرابن، کەمتر دەرخەری وردەکارییەکان بوون. ڕەنگە ئەوەندە بەس بێ کە بزانین حیزبی دێموکڕات ئێستاش نەیتوانیوە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار کۆ بکاتەوە و ئەوەی کە کۆش کراوەتەوە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی دڵسۆزانی وەک ڕەحمەتی دوکتۆر کەمال فوئاد و دواتریش ئارشیڤی خەباتگێڕی نەمر ڕەشید باجەلانە. یان تا چەند ساڵ لەمەوبەر ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧مان بە ڕۆژی لەداردرانی پێشەوا و هاوڕێکانی دەزانی. لە حاڵێکدا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە،ڕۆژی ئیعدامی پێشەوا و هاوڕێکانی دەکاتە ٣٠ی مانگی میلادی و تەنانەت ساڵانی کەبیسە ڕێکەوتی ٢٩ی مارسیش دەکا.

٢- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمێژووی تێکۆشانی خۆیدا هەرنەبێ ٧ جار تووشی لەتبوون (انشعاب) هاتوە کە بێجگە لە دوو جاریان ئەوانیش لە ئاکامی دەست - تێوەردانی لاوەکیدا - هیچکامیان بەرهەمی جیاوازیی بەرنامەی سیاسی و ناکۆکیی فکری نەبوون و سەرجەمیان لە بەرچاوتەنگی و وێک هەڵنەکردن و پێکەوەنەحاوانەوە سەرچاوەیان گرتوە.

٣- ڕاکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەدەست زوڵم و زۆرداریی دەسەڵاتداران و پەنابردنیان بۆ وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی عێراق خاڵێکی لاوازی دیکەی ئەم حیزبەیە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات کەمتر لە دە لەسەدی تەمەنی تێکۆشانی ئەم حیزبەیان لە وڵاتی خۆیان و لەنێو خەڵکی خۆیاندا بەسەر بردوە. لەحاڵێکدا ژیان لەنێو خەڵک و ئیلهام - وەرگرتن لە بیروڕا و داخوازەکانیان مەرجێکی سەرەکی بۆ دروست - دەرچوونی بڕیار و سیاسەتەکانی حیزبێکی سیاسییە.

٤- لە هەمووی ئەمانە تاڵتر، حیزبی ئێمە چەند جار تووشی شەڕی براکوژی و تەنانەت شەڕی خۆکوژی بەمانای شەڕی خۆبەخۆی ئەندامەکانیشی بووە. لێرەدا مەبەست خەتابارکردنی حیزبەکەی خۆم نیە و وا دەزانم ئەگەر ڕۆژێک لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە لە هۆیەکانی ئەو شەڕانە بکرێ دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بەشێکی کەمتر لە بەرپرسایەتییەکەی بەر دەکەوێ. بەڵام لە شەڕی براکوژیدا نە هیچ لایەنێک لەسەر حەقە و نە هیچیان براوەی شەڕن. بێچارەن ئەو کەسانە کە هیچ بەرپرسایەتییەک لەو بارەیەوە قبووڵ ناکەن و - بە داوای لێبووردنەوە- گەمژەن ئەوانەی خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن.

ئەمانە وەک نموونە باس کران و ئەم حیزبە و هەموو هێزێکی سیاسی لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆیاندا تووشی زۆر هەڵە و کەموکوڕی دێن کە بەجێیە بێ دەمارگرژی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و نەخشەڕێگای ڕاست کردنەوە و دووپاتەنەکردنەوەیان بۆ دابنرێ.

## بەڵام ئێستامان چۆنە؟

کورد گوتەنی «خوا نەیبڕێ» ئێستا دوو حیزبی دێموکڕاتمان، هەرکام بە داموەزگایەکی بەرینی تەبلیغاتی و تەنانەت تەشکیلاتی و هتدەوە هەن و ڕەنگە هەرکامێکیشیان بە پاڵدانەوە لەسەر شانازییە مێژوویی یەکانی حیزب خۆیان بە یەکەمی مەیدانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی کوردستان بزانن و بەتایبەتی بە خۆبەراوردکردن لەگەڵ هێندێ ڕێکخراوی لە خۆیان چووکتر، تەواو لە وەزعی خۆیان ڕازی بن و کەموکوڕییەک شک نەبەن کە پێویست بێ چارەسەری بکەن. لەحاڵێکدا ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە و دان پێدانەنانیشی نەک هەر گیروگرفتێک چارەسەر ناکا، بەڵکوو بەرەو هەڵدێرگەیەکمان دەبا کە دەتوانێ بمان - گەیەنێتە نشوستییەکی بێ - گەڕانەوە. ئاخر دەبینین:

- ئەگەر ڕۆژێک کۆماری کوردستانمان دادەمەزراند کە «قیبلەگای هیوا بوو، سەنگەری ئازادی» و ڕۆژگارێک «دوڕگەی

ئـارام»ی حەمەڕەزاشـامان بە ڕاپەڕیـنە ئازایـانەکەی سـاڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) دەشـڵەقاند و زەمانێـک پێشمەرگەکانمان لە ئیلامەوە تـا ماکۆ تەنگیـان بە دوژمنـانی ماف و ئازادییەکـانی گەلـی کورد هەڵـدەچنی و کوردستانیان دەکردە پەنـاگە و جێ حەوانەوەی هەموو ڕێبـوارانی ڕێگـای ئـازادیی ئێـران، ئەمڕۆ پتر لە سەد کیلۆمیتر دوور لە مەیـدانی خەباتی خۆمان لە چەند ئۆردووگایەکی پەنابەریدا قەتیس ماوین و چاومان بڕیوەتە «کەرەمی خوا» و شانسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوومان تێ بکا و لە دەرگامان بدا.

- ئەگەر سەردەمێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕیـزی پێشەوەی هێزە گەورەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازانەی کورددا دادەنرا و دەبووە میوان و خانەخوێی ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد و ئێرانـی و بێگـانە و تەنـانەت بـۆ چارەسەری کێشە و نـاکۆکیی نێوان گەورەتـرین هێـزە سیاسییەکانی کورد ڕووی تـێ دەکرا، ئەمڕۆ هیچ کـام لە دوو حیـزبە دێموکراتەکە وەک حیـزبە یەکپـارچەکەی جـاران سـەریان دەنێـو سـەراندا دیـار نـیە و حیسـابیان بـۆ نـاکرێ و تەنـانەت بە هەردووکیشیان وەزن و ئیعتیباری ئەویان نیە.

-ئەگەر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرددا سەدی ٨٢ی دەنگەکـانی کۆ دەکردەوە، بـۆ کەس ئاسان نیە پێش بینی بکا لە هەڵبژاردنێکی هاوشێوەدا بە هەر دوو حیزبـی دێموکڕات چ ڕادەیەک لە متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست دێنن.

ڕەنگە یەکێک بڵێ باشە بـۆچی بەو بـێ هومێدییە چاو لە ئێستا و دواڕۆژی دێموکڕاتەکـان دەکەی؟ خـۆ ئێستاشی دەگەڵ بـێ دێموکڕات هێزی هەرە گرنگ و بەنفووزی نێـو ڕیزەکـانی بـزووتنەوەی کوردی ئێرانە! لە وەڵامدا دەڵـێم باسـی مـن باسـی ئەو حیـزبەیە کە پتـر لە ٦٥ سـاڵە لە ڕیزەکانیـدا خەبـات دەکەم و کـاری مـن نە پێـک گرتنـی بەژن وبـاڵای هێـزە سیاسـییە کوردەکانە و نە هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەوانی دیکە. وەک دەڵێن «هەر کەسە برینێ خۆی دێشێ.»

## ئەدی چارەسەر؟

شاعیر دەڵێ: «سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا - هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی». وەک لە جێیەکـی دیکەی ئەم وتـارەدا گـوتم زۆربەی هەرەزۆری لەتبوونەکـانی مێـژووی حیزبـی دێمـوکڕات نەک بەهـۆی نـاکۆکیی سیاسی و فکری، بەڵکوو بە هۆی وێک هەڵنەکردن و نەحاوانەوە بوون. ئەگەر ئەم بۆچوونە لە بـارەی هەموو لەتبوونەکـانی پێشترەوە ڕاست بێ کە ڕاستە لەبارەی دوالەتبـوونی نێـو حیزبـی دێموکڕاتەوە ڕاستترە. چونکە دەگەڵ ئەوەی بەخۆشییەوە

بوونی ڕێبەری و هێزەکانی پێشمەرگەی هەردوو حیزب لەسەر خاکی باشووری کوردستان ڕێگای نەدا کار بکێشێتە شەڕی خۆکوژی، بەداخەوە شتی وا ڕووی دا کە بۆ هەتاهەتایە دەبێ نەفرەتی لێ بکرێ.

ئاخر چۆن لەبیر دەچێتەوە کە ئەوانەی دەیان ساڵ لە یەک سەنگەردا و بۆ وەدیهێنانی یەک ئامانج تێکۆشابوون، بۆماوەی چەند ساڵ دەنگیان لێک گۆڕی و تەنانەت لە شایی و شینی یەکتریشدا بەشدار نەبوون؟ بەحەق، وەبیرهێنانەوەی دیمەنەکانی ڕۆژان و حەوتووەکانی دوای لەتبوون مچوڕک بە لەشی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و بەویژداندا دێنێ.

چەند سەیر و جێی داخە، کە١٤ ساڵە دوو حیزبی دێموکڕات کە پەروەردەی یەک قوتابخانە و دوو بەشی یەک حیزبی سیاسی بوون و بنکەکانیشیان سەد میتر لێکەوە دوور نین، نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە جارێک پێکەوە یادی سەرکەوتن و نەهامەتییەکانیان بکەنەوە، پێکەوە لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و پەیمانی وەفایان دەگەڵ نوێ بکەنەوە. بریا هەرئەوەندەش بووایە، چونکە دوو دێموکڕات ئەگەر هەموو شتێکیان جیا کردەوە، هەوڵی جیاکردنەوەوە و هەڵاواردنی شەهیدەکانیشیان دا کە بەخۆشییەوە وەک دەڵێ: «خوا لەدوو دەستی نەدان».

هێندێ جار خەڵکی ناشارەزا ڕێبەرانی دوو دێموکڕات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەسەر ماڵی دنیا و پلەوپایە و دەسەڵات لێک جیا بوونەوە و وێک ناکەونەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو تۆمەتەش لە جێی خۆیدا نیە، چونکە بەداخەوە یان بەخۆشییەوە نە پووڵ و ماڵێک هەیە کە لەسەر دابەشکردنی بەشەڕ بێن و نە شوێنێک و بوارێک هەیە دەسەڵاتی تێدا بەکار بێنن.

بەوپێیە دەردەکەوێ هۆی هەرە بنەڕەتیی درێژەکێشانی ئەو لێکدابڕانە ڕق وقینی ناپیرۆز، هەستی خۆبەزل زانی یان هەرنەبێ جیاوازیی مێتۆدی کارکردن و بەڕێوەبردنە. کەوایە، با لە پێشدا هەموو لا بەیەکەوە بڕیار بدەن کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە وەلا بنێن و دڵ و دەم و قەڵەمیان لە ژەنگی ئەو دیاردەیە پاک بکەنەوە. گوتم «کارکردن بە هەستی ڕق و تۆڵە»، چونکە ئەگەر واقیعبینانە قسە بکەین دەزانین ئەو دڵانەی دەیان ساڵ بە هەستی ڕق و قین ئاخنراون بە ڕۆژێک و بە بڕیارێک پاک نابنەوە و ماوەیەک کار و کۆششی هاوبەشی دەوێ تا کۆنەقینەکان لەبیر بچنەوە و خۆشەویستی و هەستی بەرپرسایەتی جێگایان بگرێتەوە.

پێم وایە ئەزموونی ناکامییەکانی ١٤ ساڵ لێک دووری و دڕدۆنگی، هەر دوو لای دێموکڕاتی تێگەیاندوە کە ئەگەر بیانەوێ جێگایەک لە دڵی خەڵک و دواڕۆژی کوردستاندا بۆخۆیان بپارێزن، پێویستە بێدرەنگ زنجیرە دیدارێکی جیددی و بەردەوام

دەست پێ بکەن و هەوڵ بدەن ڕێگا بۆ یەکگرتنەوە، یەکگرتنەوەیەکی پایەدار بدۆزنەوە. ئەمن پێم وایە هەر بە دەست پێکردنی ئەو ڕەوتە ڕێگایەگ بۆ گەڕانەوەی متمانەی خەڵک دەکەنەوە و پێ بە پێی پێشکەوتن لەو بوارەشدا زیاتر بەرەو وەدەست هێنانەوەی جێگەوپێگەی دێموکڕات هەنگاو دەنێن. لەبیرمان نەچێ ئەگەر چاردە ساڵە ئەم حیزبە تووشی لێکترازان بووە، پازدە ساڵ و پتریشە خەڵکی کوردستان بەدەم ئازاری ئەو دیاردە نەخوازراوەوە دەتلێنەوە. بەڕاست دێموکڕاتەکان قەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە دەگەڵ بوونی زۆر حیزبی دیکەی کوردستانی کە بەداخەوە ئەوانیش تووشی لەتبوون و لێکترازان هاتوون -، چۆنە خەڵکی کوردستان پتر لە هەمووان خوازیاری وەسەریەک کەوتنەوەی حیزبی دێموکڕاتن؟ داخوا ئەمە نیشان نادا کە خەڵکە ئاسایی یەکە زیاتر لە ڕێبەریی حیزبەکان ئاشنای ریسالەت و نەخشی مێژوویی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن؟

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دەکرێ دێموکڕاتەکان هەوڵی دەستنیشانکردنی خەتاباری لەتبوونەکە بدەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی یە کە لێرەدا هیچ لایەنێک بێ خەتا و هیچ لایەنێک خەتاباری موتڵەق نیە، باشتر ئەوەیە بە دوای خەتادا بگەڕێن نەک خەتابار. بەو مانایە کە هەوڵ بدەن بزانن هۆیەکانی ئەو لێکترازانە چ ڕەفتار و بڕیار و شێوەکارگەلێک بوون تا خەتێکی ڕاست وچەپیان بەسەردا بکێشن و بناخەیەکی سەلیم بۆ کاری پێکەوەیی دابنێن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەردوو لا و تەواوی ئەندامانیان بڕیار بدەن ماڵئاوایی لە رابردوو بکەن و ئەو دۆسیەیە بە یەکجاری دابخەن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە.

بەخۆشییەوە ماوەیەکە لەملاو لەولا نەغمەیەکی خۆش دێتە بەر گوێ. دەڵێن لەنێو هەردوو حیزبە دێموکڕاتەکەدا دەنگێکی بەهێز بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو حیزبە بەرز بۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە هەڵکشاندایە. (کوێرە چت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ) ئەمە مزگێینییەکی خۆشە و هەڵدەگرێ هەردوو حیزبەکەی لەسەر خەڵات بکرێن. جا بۆ ئەوەی ئەو دەنگۆیە وەڕاست گەڕێ و ئەو خەونە پیرۆزە بێتە دی، چ لەوە باشتر کە چەندی بکرێ زووتر بەرنامەکانیان بۆ جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات تێکەڵ کەن و یووبیلی ئەڵماسی حیزبەکەیان پێکەوە بکەنە جێژن. خۆ وەختیش بەبەریەوە هەیە و نیزیک بە سێ مانگی بۆ ٢٥ی گەلاوێژ ماوە. دەی جا دەست لە دەست و قەوەت لە خوا، با کورد ئافەرینتان پێ بڵێ و مێژوو شانازیتان پێوە بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠٢٠

## میداڵی دەرەجە یەک



"بزەی هاتێ گوتی: ڕووناکە ئاسۆم — وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە میداڵی ئیفتیخارە — کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

کەم نین چیرۆکی ئەو کەسانەی خۆنەویستی وەک بایەخێکی هەرە بەرزی مرۆڤی، لە پشتێکەوە بۆ نەوەی دواتر دەگوازنەوە. مەرگی ئەم مرۆڤە گەورانە ڕازی هەرمانی نەتەوەکەیانە و "هەژار" گوتەنی بەو مەرگە زیندوو دەبنەوە و تازە کوا لە بیر دەچنەوە؟! مەرگ لە پێناو ئازادی وەک بەنرخترین بایەخ و دەسکەوتی ژیان و خۆ بەختکردن لە پێناو نیشتمان وەک مەکۆی هەموو جوانی و شوناسێکی مرۆڤ؛ گەورەترین وانەیە کە ئێمە لە مامۆستا هەرە بەرزەکانی قوتابخانەی شۆڕش و بەرگری فێری دەبین و بۆمان دەمێنێتەوە. چوارچرا لە زاری پێشەوا دەیبیستێ و بە هەموو نیشتماندا بڵاوی دەکاتەوە، پشت بە پشت دێ و سینگ بە سینگ هەڵدەگیرێ و دەگوترێتەوە و پاڵەوانەکانی ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر بۆ یەکتری دەستێننەوە. ئەم جارەیان ئەوە "هیدایەت"ی شۆڕەلاوە لە کونجی تاریک و نووتەکی سیاچاڵاکەکانی ڕێژیمەوە دێ هەتا ئەم مەشخەڵە قەت نەکوژاوەیەمان بداتە دەست و پێمان بڵێ: "بە گیانی خۆم نرخی ئازادی دەدەم، بۆوەی ناو و یادم لە دڵی نەتەوەکەم و ئازادیخوازاندا بمێنێتەوە".

کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور" پاش نیزیک بە دوو مانگ لە ئێعدامکرانی پشتڕاست کرایەوە، ئێمە خەریکی تایپ و پێداچوونەوەی یەکەم دەورەی گۆڤاری بەنرخی "تێکۆشەر" بووین کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٠ - ١٣٥٧ دەرچووە و ٢٢ ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە. لە ژمارەی ١٧ی ئەم "تێکۆشەر"انەدا بابەتێک بڵاو بۆتەوە لەژێر ناوی "میداڵی

دەرەجە یەک". دوای بەدواداچـوون زانیمـان کە نووسـەرەکەی بەڕێـز "مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە"یە. ئەم چیـرۆکە بەسەرهاتی بەردەوامیی خۆنەویستی و مەرگی سەربەرزانە، لە پێناو گەوهەری ئـازادی و سەربەستیی نیشتمانە کە لە زاری شۆڕەلاوانی وەک "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور"ەوە دەیبیستین.

بە ئیزن لە "مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە"، ئەم چیرۆکە لە "کوردستان"ی ئەم جارەدا بڵاو دەکەینەوە:

زیاتر لە شەش مانگ بوو گیرابوو ، کەس نەیدەزانی بۆ کوێیان بـردوە، کەسوکاری هەرچەنـدی کردیـان و کرانـدیان لە هـیچ کوێ سۆراخیان نەکرد و تەنانەت لە مـان و نەمانیشـی ئاگـادار نەبـوون. هەتـا لەپـڕ نـامەیەکی گەیشـتە دەسـتی لێپرسـراوی ڕێکخراوەکەی.

لێپرسراو کاتێک نامە وەردەگرێ لە خۆشییان گەشکە دەبێ، بەڵام کە هەڵی دەپچڕێ و دەست بە خوێنـدنەوەی دەکـا هەر دێ و زیاتر تێک دەچێ. وەختێک لە خوێندنەوەی دەبێتەوە بە ئەژنۆی خۆیدا دەدا:

"ئەی داخی بە جەرگم، چۆن ئەو دڕندانە حوکمی ئێعدامیان دا؟ حەیفێک و هەزار مخابن بۆ ئەو هاوڕێ قارەمانە".

ئیتر هەر ئەوەندەی پێ دەمێنێ ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە داوێنی نامەکە بنووسێ و بینێرێ بۆ ڕێبەرایەتی:

"ئەمە نامەیەکە کە هاوڕێ ئازاد لە زینـدانی (...)ـەوە نووسیویەتی. هەروەک لە سەرسـەختی و چاونەترسییەکەی چـاوەڕێ دەکرا، بەڕاستی گرەوی قارەمانەتیی بردۆتەوە. نامەی ئـازاد بـۆ خۆیشـی و بـۆ هاوڕێیـانیشـی جێگـای سـەربەرزی و شـانازییە. بۆیە بە پەلە بۆ ئێوەم نارد تا ئەگەر بە باشتان زانی بە نێو هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە".

چەنـد ڕۆژ دواتـر نـامەی ئـازاد ئەم چەنـد دێـڕەی خـوارەوەی لـێ زیـاد کـرا و وەک بەخشـنامەیەک گەیشـتە دەسـتی هەمـوو هاوسەنگەرەکانی.

حەوت مانگ دوای گیرانی هاوڕێی تێکۆشەر و قارەمـان (ئـازاد) ئەم نـامەیە وەک سـەنەدی ئـازای و نەبەزی بڵاو دەکەیـنەوە. نـامەی ئـازاد ورە و ئیمـان و بـڕوا بە پاشـەڕۆژی لـێ دەبـارێ، بـۆیە دەبـێ هەمـوو هاوڕێیـانی ئـازاد و تەنـانەت هەمـوو

خەباتکارانی ڕێگای ئازادی سەرمەشقی لێ وەربگرن. شانازی بۆ ئەو حیزبە کە ڕۆڵەی وا لە باوەشی خۆیدا پێ دەگەیەنێ. ئێستا ئێوە و بەشێک لە نامەکەی ئازاد:

"... کاتێک گرتیانم تەنیا شەوێک لە شارە بچووکەکەی لای خۆمان ڕایانگرتم و بۆ بەیانی بە هێلیکۆپتێر بەڕێیان کردم بۆ تاران. لەوێش تەنیا دوو شەو «میوان»ی قزڵقەڵا بووم و پاشان بەڕێ کرام بۆ ئێرە، زیندانی (...). لێرەش "ژوورێکی یەک نەفەری" یان دامێ!

دوو ڕۆژ دواتر بردیانم بۆ "بازجوویی". هەروەک عادەتی خۆیانە جەناب سەرهەنگ بە قسەی خۆش! و نەفامخەڵەتێن دەستی پێکرد: "دەزانم گەنجی و هەڵیان خەڵەتاندووی. بە شەرەفی ئەعلاحەزرەت! و بە گیانی منداڵەکانم پڕ بەدڵ پێم حەیفە لاوێکی وەک تۆ لە زینداندا برزێ. ئێستا هەر ئەوەندە یارمەتییم بدە ئەوەی لێت دەپرسم ڕاستم وڵام بدەوە ئیتر هەموو شتێک لەسەر خۆم. قەولی شەرەفت! پێ دەدەم لە حەفتەیەک زیاتر لێرە نامێنییەوە و دەچییەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆت".

ئەوکاتەی تازە هاتبوومە مەیدانی خەباتەوە، ئەگەر دەمبیست یەکێک لەژێر ئەشکەنجەی جەللادانی ساواکدا هەتا سەر خۆی ڕاگرتوە و ئامادە نەبووە سەر دانەوێنێ، سام دەیگرتم و لە دڵەوە سەری تەعزیمم بۆ دادەنەواند. لەدڵی خۆمدا دەمگوت بڵێی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی وەها ئەزموونێک بم منیش وا بە ڕووسووری دەربچم؟ بۆیە ئەو ڕۆژە بە خۆمم گوت ئەوە ڕۆژەکەیە و، ئێستا تۆش دەتوانی گرەوی ئازایەتی بەریەوە و بچیە نێو ڕیزی چاونەترسان. "پیاو هەر جارێک دەمرێ"! بڕیارم دا ئەو شانازییە بۆ خۆم وەربگرم و ڕێگە نەدەم دوژمن لە ڕێگای منەوە بە هیچ کام لە ئاواتە چەپەڵەکانی بگا.

بەم جۆرە پرسیار و وڵام دەستی پێکرد تا گەیشتە شوێنی ناسک: "لە نامەیەکدا کە کاتی پشکنینی بەدەنی لە تۆ گیراوە، هەڵگری نووسراو (کە دیارە تۆی) بە ئەندامێکی چالاکی حیزبی (...) ناو براوە. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟ لە وڵامدا گوتم هیوادارم شیاوی ئەوە بم کە لە بارەی مندا نووسراوە.

"کە وا بوو هەوڵت داوە ڕێژیمی شاهەنشاهی بڕووخێنی و بە قەولی خۆتان حکوومەتی دێموکراتی بێننە سەر کار و کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دامەزرێنن؟".

بێ‌سێ‌و دوو گوتم بە شانازییەوە هەموویان ڕاستن. کابرا لە خۆشییان هەر بزەی لێو و فیکەی سمێڵی بوو. پێی وابوو زمانلووسییەکەی گرتوویەتی و ئێستا ئەوەی لەسەر پشتی لانکیشم خواردوە بۆی دەهێنمەوە. بەڵام کاتێک گەیشتە سەر ئەوە کە نامەکە هیی کێ بووە و بۆ کێ نووسراوە و هاوکارەکانم کێن و لە ڕێبەرانی حیزب کێ دەناسم و کێ هاتوچۆی دێیەکەمان دەکا و... یەقێکی هاتەوە بەر کە لە وڵامدا گوتم ئەمانەت جوابیان نییە. تا ئێرە پێوەندیی بە خۆمەوە هەبوو، بەڵام لێرە بەولاوە بە تەمای جواب مەبە. کەوتە قسەی لووس و پەلەقاژە: "حەیفت لە جەوانیی خۆت بێ، بەزەییت بە دوو منداڵی بێ‌گوناحتدا بێتەوە، بۆچی خۆت بە ئاگری خەڵکی تر دەسووتێنی؟ بڵێ با تاوانباری! ڕاستەقینە بە سزای خۆی بگا و تۆی کە هەڵخەڵەتاوی بچییەوە سەر ژیانی خۆت".

گوتم خۆت ماندوو مەکە، ئەو شێوە تەقەلایە کۆن بووە و ناتوانی کەس بە فریو بەری. تەمەنی لاوەتیی من ئەگەر لە ڕێگای ئازادییدا نەڕوا کەلکی چیی هەیە؟ بەزەییم بە منداڵەکانمدا دێتەوە بۆیە ئامادەم خۆیان بۆ بەکوشت بدەم . نامهەوێ کە گەورە بوون، سەرشۆڕی ئەوە بن کە بابیان خەیانەتی کردوە، دەمەوێ شانازی بکەن کە لە ڕێگای نیشتماندا بە هەتیوی گەورە بوون. ئیجازەش نادەم بە هەڵخەڵەتاوم ناو بەرن. من فریو نەدراوم، بەڵکە بە دەنگی ویژدان و هاواری نیشتمانەوە هاتووم.

سەرتان نەیەشێنم، لێدان و پێدادان - بێ‌ئێوە ناخۆش - ! دەستی پێکرد. هەر ئەوان گوتیان و ئەمن نەمبیست. هەموو ئامرازێکی ئەشکەنجە، شەلاق، دەسبەندی قەپانی، شۆکی ئەلەکتریکی، شیشی سوورەوەکراو، دوور لە ڕووتان شووشە پێپسی و هێلکەی کوڵیو و هەرچی لە قامووسی ناپیاواندا هەیە، هەمووی لەسەر من تاقی کرایەوە، سوودی نەبوو، کاتێک دڵنیا بوون چیان بۆ ناکرێ وەڕەز بوون و دایانمە دادگا!

لە یەکەم ڕۆژی دادگادا دادستانی نیزامی بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی غەیرەقانوونی!! و بوونی بیروباوەڕی سۆسیالیستی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی داوای ئێعدامی بۆ کردم. وەکیلە تەسخیرییەکەم ویستی پاکانەم بۆ بکا کە بە زۆری ئەشکەنجە ئێعترافم بەو تاوانانە کردوە. بەڵام بۆ خۆم هاتمە دەنگ و گوتم لە بەردەم ئەم بەناو دادگایەشدا ئێعتراف دەکەم کە بە شانازییەوە هەمووی ئەو تۆمەتانەی دادستان لێی داوم ڕاستن. ڕاستە زۆریان ئەشکەنجە داوم، بەڵام "بازپرس" ئەو داخە دەباتە بن گڵ کە بە ئازار و لێدان ئێعترافی پێ لە من وەرنەگیرا.

بە کورتی لەبەر ئەوەی تۆمەتەکانم قەبووڵ کرد، کاری دادگا هاسان بوو و «هێندەی مستێ لە چاوی دەی» حوکمی ئێعدام دەرچوو. لە دادگای تەجدیدی نەزەریشدا هەروا ڕۆیشت. جارێ ڕۆژی ئێعدامم دیاری نەکراوە و ئەگەر دەرفەت بێ لەوانەیە

جارێکی تریش بە نامە بتاندوێنم. خۆ ئەگەر ئەودەرفەتەش نەبوو ئەوا ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی گەلەکەمان خۆش.

ئێستا دەزانم ئێوە بۆم بە پەرۆشن و پێتان ناخۆشە کە هاوڕێیەکتان لەکیس دەچێ. بەڵام من هیچ لە کردەوەی خۆم پەشیمان نیم، وەک مەسەلەی کوردی دەڵێ ئامادە نیم "بۆ لوێچە خوێنێک وەپاڕێم" و خۆیشم بە سەرکەوتوو دەزانم. پێم وایە ئەو پەتەی سبەی ڕۆژێ بە دەستی زۆردار دەکرێتە ئەستۆی من، لە ڕاستییدا میداڵێکی دەرەجە یەکە کە دەکرێتە ملی ئەو کەسانەی لە زۆرانبازیی هەق و ناهەقدا سەر دەکەون. دوژمن پاش ئەوەی بە وادە و بەڵێن و هەڕەشە و گوڕەشە و بە هەموو ئامرازی جەهەننەمیی خۆیەوە ناتوانێ تێکۆشەرێک لە ڕێگا لا بدا و چۆکی پێ دابدا، ناچار دەبێ ئیعتراف بە بەزینی خۆی بکا و میداڵی قارەمانەتی بدا بەو تێکۆشەرە. ناشڵێم مردنم پێ خۆشە، نا، دەزانم ژیان زۆر شیرینە، کوڕە خۆ هیچ نەبێ مەراقی ئەوەم هەیە کە زیاتر ناژیم تا زیاتر تێ بکۆشم. بەڵام بە هیچ قیمەتێک ئامادە نیم بزەی سەرکەوتن لەسەر لێوی دوژمنەکەم ببینم. خۆزگە لە کاتی بازجوویی مندا لە کەلێنێکەوە دەستەپاچە بوونی جەناب سەرهەنگ‌تان دەدی، داخوا ئەو دیمەنەتان بە هەزار ساڵ ژیان دەگۆڕیەوە یان نا؟

لەوە دڵنیام کە ڕۆژێک حیزبەکەم سەر دەکەوێ و ئەو ئاواتانە دێنە دی کە گیانی خۆم لە پێناودا بەخت کردوون. کە وا بوو، با خوێنی منیش ببێتە مەشخەڵێکی نوێ کە بەرچاوی خەباتکارانی گەلەکەمان ڕوون بکاتەوە. ئەو ڕۆژە هەر دێ کە تۆڵەی من و هەموو شەهیدانی ڕێگای نیشتمان لە نۆکەرانی بێگانە بکرێتەوە.

ئێستا ڕێگام بدەن دوو تکای چکۆلەتان لێ بکەم. یەکەم کە منداڵەکانم گەورە بوون هەر لە زووە تێیان بگەیەنن بابیان لەسەر چی و بە دەستی کێ کوژراوە. بەڵکوو ئەو ڕێگایەی من بۆم نەلوا تا سەرێی بەرم ئەوان تەواوی بکەن و بەشم لە کاروانی خەبات نەبڕێ.

تکای دووهەمم ئەوەیە بە پیرە دایکەکەم بڵێن کە کوڕەکەی ئێعدام کراوە. بە خەیاڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی منی مەکەن. ئەو دابە کۆنە وەلا بنێن کە دایکی تێکۆشەرێکی شەهید دەیان ساڵ لە مەرگی جگەرگۆشەکەی بێخەبەر بێ. هەوڵ بدەن تێی بگەیەنن کە دەبێ شانازی بکا کوڕەکەی لە ڕێگای گەل و نیشتماندا شەهید کراوە، با بزانێ کە لە هەلومەرجی پڕ زۆڵم و زۆری وڵاتی ئێمەدا دایکێکی وەک ئەو دەبێ لە پێنج کوڕان هیچ نەبێ یەکێکیان بکاتە قوربانیی وڵاتەکەی، با پشتە کۆمەکەی ڕاست بکاتەوە و هەست بە سەربەرزی بکا کە جگەرگۆشەکەی میداڵی دەرەجە یەکی خەباتی وەرگرتوە، با وەک دایکی ئاوارە و مینەشەم و محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ تێ بگا کە بۆیە لە نێو ئاوەدانییدا جێگای ڕێزی هەمووانە کە کوڕی لە مەیدانی خەباتدا کوژراوە.

لەژێر گڵکۆکەشمدا بەوە دڵخۆش دەبم ئەگەر دایکم هەر تێکۆشەرێک ببینێ باوەشی بۆ بکاتەوە و بڵێ "ئۆخەی بە قوربانتان بم چاک نییە ئەگەر (...)یش نەماوە، ئێوە ڕێگاکەتان بەر نەداوە؟ هەرکام لە ئێوە بۆ من (...)یێکن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٠

# کەلێنێکی گەورە



چوارەمین ڕۆژی کۆستی گەورەی حیزبی دێموکراتە، چوار ڕۆژە گەورە خەباتگێڕی کورد جەلیلی گادانی بە دنیایەک تاسە و ئاواتەوە سەری ناوەتەوە و پاشماوەی ئەرکەکانی بەهاوڕێیانی سپاردوە. ناڵێم هێشتا باوەڕم نەکردوە، چونکی ڕاستی هەرچەندیش تاڵ بێ هیچی دەگەڵ ناکرێ و دەبێ قبووڵی بکەین. بەڵام بەڕاستی هێشتا ژانی ئەو زەبرە بەسامە کە لە کۆشکی ئاواتەکانم دراوە بەری نەداوم. دەمەوێ بەشێک -هەرنەبێ بەشێک- لە غەمەکانم دەربڕم، کەچی ئەو مۆتە سامناکە بەرم نادا. مردنی کاک جەلیل یان بە قەولی هاوڕێ گەنجەکان «مامە گیان» بۆ هەموو ئەوانەی لە دوورونیزیک ناسیویانە خەسارێکی گەورەیە. ئەو، کە لە بەرەبەری جێژنی ٧٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەجێی هێشتین تەمەنی خەبات و تێکۆشانی - نەک تەمەنی ئەندامەتی- ڕاست بەقەد تەمەنی حیزبەکەی بوو. ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیەمانە. کەوایە سەیر نیە هەموو دڵسۆزانی کورد و بەتایبەتی هاوحیزبییەکانی بۆی بەپەرۆش بن.

بەڵام بۆ من و کەسانی وەک من کە دەیان ساڵ لە نیزیکەوە هاوکاری بووین، دەیان بیرەوەریی خۆش و ناخۆشمان دەگەڵی هەیە و سەدان ڕووداوی تاڵ و شیرینمان پێکەوە تێپەڕاندوە، خەساری لەدەستچوونی ئەو تێکۆشەرە مانایەکی قووڵتری هەیە. باسی خەسڵەتە شۆڕشگێڕانە و ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی کاک جەلیل لە وتارێک و دوو وتاردا جێی نابێتەوە. ڕابردووی خەبات و تێکۆشانیشی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا دواهەناسەی ژیانی هەرچەند هەقی خۆی نەدراوەتێ و زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بەڵام هەر ئەم ڕۆژانە زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە. بۆیە لێرەدا تەنیا لە دوو لایەنی ژیانی حیزبی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەرمایە لەدەستچووەمان دەدوێم:

یەکەم، شێلگیری و پشوودرێژی و مکوڕی لەسەر بەڕێوەبردنی هەرچی زووتر و چاکتری کاروباری حیزبی جا لە هەر بوارێکدا لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کاک جەلیل بوو کە بەڕاستی شیاوی ئەوەیە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەرسی لێوەربگرن و لێیەوە فێر بن. ئەو نەک هەر بۆخۆی نەیدەزانی و نەیدەتوانی چووکترین دەرفەتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار بەفیڕۆ بدا، بەڵکوو لە هاوڕێ و هاوکارەکانییشی قبووڵ نەدەکرد کات بە فیڕۆ بدەن و کارەکان وەدرەنگ بخەن. شاهیدم زۆرن کە دەگەڵ ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییەی لەلای هەموو تێکۆشەرانی حیزب هەیبوو، زۆرجار کادرەکان بۆیان ئاسان نەبوو کاری دەگەڵ بکەن چونکە بەپانەوە دەیانگوت دەگەڵی دەرنابەین. ئەمن بێجگە لە هاوڕێیەتیمان لە دەفتەری سیاسی، دەوری ساڵێکیش لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ لە ناوەندی کوردستان لە خزمەتیدا بووم و بەخۆشییەوە نەشمهێشتوە گلەییم بێتەوە سەر، بەڵام هەقە پێی لێبنێم کە دوو جارم بەبیر دێن بۆخۆشم لەبەری بەزیوم:

١- ساڵی ١٣٥٨ لە ماوەی سێ مانگدا دوو جار بۆ چارەسەری هێندێ گیروگرفتی نێو کۆمیتەی شاستانی بۆکان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە چووینە بۆکان و چونکە ڕۆژانە هاتوچۆکەر زۆر بوون کارەکەمان دەخستە دوای شێوخواردن. هەردوو جارەکە سەعات ٤ی بەیانی دەبەزیم و دەمگوت کاک جەلیل ئیزن دەخوازم بڕۆم. ئەمن دەڕۆیشتم و ئەو درێژەی بە کۆبوونەوەکە دەدا کە نازانم بۆ سەعات چەند تەواو دەبوو. با ئەوەش بڵێم کە ئەوکاتە - دوور لە ئێستا - گوڕوتینێکیشم لەبەردا بوو.

٢- ساڵی ١٣٦٢ لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ لە ناوچەی مەنگوڕی مەهابادەوە بە پێیان دەچووینە دەفتەری سیاسیی ژمارە ٢ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت. چونکە ناوچەی نەڵێن بە بنکە و پێگەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەنرابوو ناچار بووین لە چیای «پانەسەر و دووسەر»ەوە هەتا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» کە لە دەست پێشمەرگەدا بوو، بە شەو بڕۆین. مەودایەکە بەکەمەوە سێ بۆ چوار سەعاتە ڕێیە و لە جادەی پیرانشار - سەردەشتیشەوە تا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» هەورازێکی کووڕە بە ناوی «هەوارسوێسن». هاوین و گەرما و ڕێگاش کە «کاروانەڕێ» بوو هەتا گوێزینگی بنیادەم تۆزوخۆڵ بوو و ئاویش بۆ خواردنەوە نەبوو، پرزەم لێبڕابوو، چەندجار داوام کرد چەند دەقیقەیەک دانیشین. بە عادەتی خۆی هەر دەیگوت نا کاکە، وره بەرمەدە هێندەمان نەماوە. ئاخرەکەی گوتم ئەرێ کاک جەلیل منت هەر بۆ ئەم سەفەرە دەوێ یان پێت وایە بۆ وەختی دیکەش بەکەڵک دێم؟ دیسان سوودی نەبوو، هەتا خواوڕاستان لە پێگەی «شێلمان» ڕا «نورافگن»ێکان هەڵدا کە دنیای کردە ڕۆژی ڕووناک و کاک جەلیل لەبەر باری ئەمنیەتی دووسێ دەقیقە دانیشت. ماڵیان - لەقەدەر ئەوەندە - ئاوەدان بێ، هەر هەستاین بڕۆین وەڕێ کەوینەوە یەکی دیکەشیان دەحەوا کرد و بە هەمووی شەش حەوت دەقیقە دانیشتین و هەناسەیەکم هاتەوە بەر.

دووەم لایەن، پتر باری ئینسانی و دەهەندەیی و کۆمەڵایەتیی هەیە. وا دیار بوو بەتەنیا نانی بە گیانی ناکەوێ. هەمیشە میوانی هەبوو، نەک هەر ئەوانە کە سەریان دەدا. بەڵکوو -بەموناسەبەت و بێموناسەبەت - خەڵکی بانگهێشتن دەکرد، زۆرجار لە جێژنەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی بانگهێشتن دەکرد. بە کورتی لە غەمی هەمووان‌دا بوو،و ماڵەکەی «پەنای بێ-پەنایان» و «ئەنوای بێئەنوایان» بوو.

زۆر جارم گوتوە کەلێنی کەسمان پڕ نابێتەوە، چونکە خەباتەکەمان پێویستیی بە هەوڵ و هیممەتی هەمووانە، بەڵام بەڕاستی کاک جەلیل کەلێنێکی گەورەی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی زۆری دەوێ.

لە پەسنی ئەو پیاوەدا چەندی بگوترێ تەواو نابێ. بۆیە بۆ ئەمجارە بەوەندە واز دێنم و ئاواتەخوازم کۆڕۆنای نەفرەتی، بە زوویی جارەسەری بنەڕەتیی بۆ پەیدا بێ و موخلیسانی ئەو گەورەپیاوە بتوانن ڕێورەسمێکی شیاوی بۆ پێک بێنن تا لەوێدا زۆرتر یادی سەروەرییەکانی بکرێتەوە چونکە بەڕاستی زۆر بە غەریبی و بێنازی بەڕێ کرا کە ئەمە غەمی هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیەتی. ڕووحی شاد و یادی پایەدار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان




ساڵی ١٩٧٠ی زایینی (١٣٤٨ی هەتاوی) دوای نیزیک بە ٩ ساڵ بەربەرەکانی قارەمانانەی بزووتنەوەی کوردی عێراق بەرامبەر بە پەلاماری بێڕەحمانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، بەعسییەکان بۆیان دەرکەوت کە بە پەلاماری نیزامی و بە زەبری ئاگر و ئاسن ناتوانن ئیرادەی کوردەکان بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانیان تێک بشکێنن و ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆشیان بووە پێویستە ڕێگای ئاشتیخوازانە بۆ جۆرێک چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق بگرنە بەر. بۆیە بە ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێشنیاریان بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناودار خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بارزانی کرد بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەگەڵ دەوڵەت بکەوێتە وتووێژەوە. سروشتییە کە ڕێبەریی بزووتنەوەش کە هەمیشە خوازیاری وەدیهاتنی داخوازەکانی بێ پەنابردن بۆ شەڕ و خوێنڕێژی بوو، ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد.

بەم جۆرە بێ ئەوەی (ئاگربەس)ێکی ڕەسمی ڕابگەیەندرێ، وتووێژێکی بەردەوام و جیددی دەستی پێکرد کە دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لەلایەن خودی سەددام حوسێن، جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر و دەسەڵاتی بەکردەوەی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرا. هەوڵەکان لە ماوەیەکی کورتدا بە ئاکام گەیشتن و سەعات ٧ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی ئادار بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراق بوو، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری ئەو وڵاتەوە خوێندرایەوە.

دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار کە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیبوو، هەر بۆ کوردانی ئەو بەشەی کوردستان کە داری ڕەنج و ئاواتیان هاتبووە سەر بەر، مایەی خۆشحاڵی و جێژن و شادی نەبوو. بەڵکوو لە هەموو

پارچەکـانی کوردسـتان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیـی سـەیر کـرا. بەڵام لەو نێـوەدا بـۆ کـوردی ئێـران و حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان نوختەئومێـدێکی گەورەتـر بـوو. لە سـەرەتاکانی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوولەوە چارەنووسـی ئەم حیـزبە بە چارەنووسـی بـزووتنەوەی کـوردی عێـراق (باشـووری کوردسـتان)ەوە گرێ درابـوو. چـونکە لەلایەک تێکۆشـەرانی دێمـوکڕات لە گەرمێن بەکـردەوە ببـوونە بەشێک لە هێـزی ئەو بـزووتنەوەیە و لەلای دیکەش بەپێـی بـاری ژێئۆپـۆلیتیکیی کوردسـتان و پێوەنـدیی بـزووتنەوەی کـوردی عێـڕاق دەگەڵ دەوڵەتـی ئێـران، حیزبـی دێمـوکڕات تێکۆشـانی نێوخـۆی تـا ڕادەیەکـی زۆر بەرتەسک کردبۆوە و بەتایبەتی دوای شکانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ (٦٨ - ١٩٦٧) بەتەواوی پێشی پێ گیرابوو.

بۆیە پاش دەرچوونی بەیاننـامەی ١١ی ئـادار بە مـاوەیەک شـاندێکی حیزبـی دێمـوکڕات چـوونە سەردانی سەرۆک بـارزانی و وێـڕای پیرۆزبـایی ڕێککەوتـنەکە داوایـان لێکرد لەوە بەدوا قەدەغەوقـۆرغ لەسـەر چالاکیی ئەو حیـزبە هەڵگیـرێ بـۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش جۆرێک بـووژانەوە بەخۆیەوە ببینـێ. بـارزانی کە پیـاوێکی دووربین بوو و دیـار بـوو لە سەرگرتنی ڕێککەوتننـامەی ١١ی ئاداریش بەگومـانە، نەیەویست بیـانوو بـداتە دەست دەوڵەتـی حەمەڕەزاشا. بۆیە ئەو داوایەی ڕەت کردەوە و بەجێی ئەوە، پێشنیـاری کـرد کە حیزبـی دێمـوکڕات پێوەنـدی دەگەڵ دەوڵەتـی عێڕاق دامەزرێنێ و لەو ڕێگایەوە چالاکیی سیاسیی خۆی بیبووژێنێتەوە.

ئەم پێشـنیارە بـۆ ڕێبەریـی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان قـورس و بە مانـای بێبەشبوون لە پێگەیەکـی بەهێـزی پێوەنـدیی ڕێکخراوەیـی دەگەڵ خەڵکـی نێوخـۆی خـۆرهەڵاتی کوردسـتان بـوو. بەوحـاڵە گـرتنەبەری ئەو ڕێگـایە دەرفەتێکـی زێڕینـی بـۆ تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساند. پێش هەموو شتێک بە کەلـک وەرگرتن لەو دەرەتـانە، دەستە و تـاقمە پەرش - وبڵاوەکـانی کـادر و ئەنـدامانی حیـزب، کە هەرچەنـد لە ململانە دەگەڵ یەکتـردا نەبـوون. بەڵام هیچ پێوەنـدییەکی تەشـکیلاتی بە یەکتـریەوە نەدەبەسـتنەوە، کەوتـنە دیـدار و وتـووێژ و توانیـان ڕێبەرییەکـی یەکگرتـوو دروسـت بـکەن و دەلاقەیەکی هیوا بە ڕووی یەکپارچەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبدا بکەنەوە.

میکانیزمی پێکهێنانی ئەو ڕێبەرییە بۆ ئەوە نابێ بەپەلە بەسەریدا تێ پەڕین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرییە لەسـەر هیچ بنـاخەیەکی ڕێکخراوەیـی و ئەساسنامەیی پێـک نەهـات و تەنیـا پێویسـتیی قۆنـاغەکە هەمـوو لایەنەکـانی هـان دا ئـازایەتی و لێبـووردەیی لە خۆیـان نیشـان بـدەن و لاپەڕەیەکـی تـازەی پێکەوەبـوون و پێکەوەکارکردن بکەنەوە. لە کۆبوونەوەیەکی شەش کەسیدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایانـد و هەرجـارەی لە کـافەیەکی بەغـدای پێتەختـی عێـڕاق پێـک هـات، کـۆمیتەیەکی ناوەنـدی دروسـت کـرا و بڕیـار درا پێکەوە کـار بـکەن تـا دەگەنە کـۆنفڕانس و

کۆنگرەیەک کە لەوێدا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکرێ و ڕێبەرییەکی شەرعی هەڵ بژێردرێ. ئەندامانی ئەو کۆمیتە ناوەندییە بریتی بوون لە:

* دوکتۆر قاسملوو،
* کەریمی حیسامی.
* ئەمیری قازی.
* هێمنی شاعیر.
* حەسەنی ڕەستگار.
* عەبدوڵڵای حەسەنزادە.
* حەمەدەمینی سیراجی.
* یووسفی ڕیزوانی.

هێمنی شاعیر و کەریمی حیسامی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبوون.

کۆمیتە ناوەندیی (دەستکرد) بە بڕیار و پەیمانەکەی وەفادار مایەوە و هەروەک پێشبڕکە دەگەڵ ڕۆژگار بکا لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە کەوتە کار. دەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ بوو حیزب خاوەنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی نەبوو کە ناسێنەری سیاسەت و بۆچوونەکانی بێ بەزوویی هەنگاوی بەرەو دەرکردنی ڕۆژنامە و زیندووکردنەوەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە و ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی دەرکرد کە هەرچەند مانگێ تەنیا جارێک و ئەویش بە تاقە چوار لاپەڕە و لە تیراژێکی کەمدا چاپ دەکرا، بەڵام زۆر زوو لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی کورددا وەک بڵاوکراوەیەکی سەنگین جێگای خۆی کردەوە.

لە حاڵێکدا ماوەیەکی چەند ساڵی بوو ئەم حیزبە کەمترین ڕادەی پێوەندیی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی و بێگانەکاندا هەبوو، بە کەلک وەرگرتن لە بارودۆخەکە و بەهرەوەرگرتن لە ناسراوی و شارەزایی شەهید د. قاسملوو (بە پلەی یەکەم) و چەند هاوڕێیەکی دیکە (بە پلەی دووهەم) پێوەندییەکی بەرینی دەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی کورد و ئێرانی و بێگانە دامەزراند و بەزوویەکی زوو وەک حیزبێکی موعتەبەری سیاسی سەری لە نێو سەراندا بەدەر کەوت.

لەوانە گرنگتر، بەپەلە دەستبەکاری ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب و کاردروستایی بۆ گەیشتن بە ڕێبەرایەتییەکی شەرعی و ئەساسنامەیی بوو و کەمتر لە ساڵێک دواتر کۆنفرانسی سێیەمی پێک هێنا کە لەودا بەرنامە و پێڕەو و خەت و ڕێبازی سیاسی پەسند کرا و کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرا. دوو ساڵ دواتریش کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەسترا و بەم جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە حیزبە گەورە و بەنفووزەکان پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەسکەوتی زۆر گەورەی دیکەی ئەو دەورانە، دامەزراندن و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب نەک هەر لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لەنێو کوردانی دانیشتووی شارە ئێرانییەکانی دەرەوەی کوردستانیش بوو. بە تایبەتی دەکرێ بڵێین بۆ یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕێکخراوەیی دەچووە زانستگەکان و توێژی ڕووناکبیر و وشیاری خوێندکارانی لە دەوری دروشم و داخوازەکانی کۆ دەکردەوە.

ئاکامی هەمووی ئەمانە ئەوە بوو کە کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی دژی ڕێژیمی پادشایەتی وەڕێ کەوت، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرییەکەی لە دەرەوەی وڵات بوون، ئاگاداری تازەترین ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو و بە بەشی خۆی ئیلهامی لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات وەردەگرت و ئیلهامی دەدانێ. خۆ ئەوەشمان لەبیرە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند بەخێرایی لە کوردستان گوڵی کرد و جێگای شیاوی خۆی وەک گەورەترین ڕێکخراوی کوردی ئێران بەدەست هێنایەوە.

بەو پێیە بە ئاسانی دەکرێ بڵێین کە دەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران یارمەتیدەرێکی گەورە بوون زۆربەی پێشکەوتنەکانی دەیەی ١٣٥٠ی ئەم حیزبە بەرهەمی کاروتێکۆشانی ڕێبەرییەک بوون کە لە دەسپێکی کاری خۆیدا بە شێوەیەکی ناسروشتی لەدایک بوو. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە بڵێم ئێستە کە بەخۆشییەوە هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات لەئارادایە، دروست نییە ڕێبەرایەتیی دوو حیزبی دێموکرات هێندێ وردە تێبینیی ئەساسنامەیی بکەنە کۆسپ یان باشتر بڵێم بیانووی دواخستنی ئەو کارە پیرۆزە کە لەمێژە بۆتە ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستانی گەلی کورد. با ئەوان لەسەر بناخەیەکی پتەو یەکڕیزی بۆ بنەماڵە گەورەکە بگێڕنەوە، ئەودەم دەبینن کە نەک هەر هیچ کەس سەرکۆنەیان ناکا، بەڵکوو هەموو لا و کۆنگرەکانی دواتریش دەستخۆشییان لێ دەکەن و مێژووش بە خەتی زێڕین بۆیان تۆمار دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## دەرسەکانی شەوی یەڵدا و ١٧ی خەرمانان



لە دوو کردەوەی جینایەتکارانە و تێرۆریستیدا کە شەوی یەڵدا، ٣٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٥ و ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠ی دیسامبری ٢٠١٦ و ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی) کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نیزیک شارۆچکەی «کۆیە» بەڕێوەی بردن، ٢١ تێکۆشەری دێموکڕات و دوو خەباتگێڕی ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید و بەدەیان کەسی دیکەش - لەنێویاندا ژن و منداڵ - بریندار بوون. کارەساتەکان ئەوەندە گەورە بوون و خەسارەکە هێندە دڵتەزێن بوو کە ئێستاش هەموو ساڵێ و هەموو مانگێک و تەنانەت هەموو ڕۆژێ یاد دەکرێنەوە و تا ئێستا بە دەیان و سەدان و بگرە هەزاران پەیام و وتار و شێعر و پەخشانی حەماسی یان لەسەر نووسراوە. هێشتا کانیاوی پڕئاوی فرمێسکی ئازیزانی شەهیدەکان وشکی نەکردوە و جێگای ئەو سەرمایە بەنرخانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان پڕ نەبۆتەوە و کەلێنیان لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا هەر دیارە و هەتا دنیاش دنیایە هەر دیار دەبێ.

ڕەنگە بۆ هەمووان و بەتایبەتی بۆ کەسانێک کە لەنیزیکەوە من دەناسن جێی پرسیار بێ کە چۆنە ئەو ماوە دوورودرێژە بەرامبەر بەو دوو کارەساتە جەرگبڕە بێدەنگ بووم و متەقم لەبەر بڕاوە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، - بێ ئەوەی بمەوێ بێدەنگییەکەم پاساو بدەم - پێ لەو ڕاستییە دەنێم کە گێڕانەوەی هەر دوو ڕووداوەکە و بەتایبەتی کارەساتی ١٧ی خەرمانان لە توانای قەڵەم و دەربڕینی من بەدەر بووە و چەند جار کە ویستوومە باسیان بکەم نەمزانیوە چۆن و لە کوێوە دەست پێبکەم و بەناچاری وازم هێناوە و قەڵەمم داناوە. «یا سخن دانسته گو ای مرد عاقل یا خموش».

ئەوەی لەو چەند ساڵەدا لەسەر ئەو دوو ڕووداوە نووسراوە، ئەگەریش بایی خوێنی بەناهەقڕژاوی تاقە یەکێک لەو شەهیدانەش نەبێ کە نیە، بەڵام هەم قووڵایی کارەساتەکە و هەم ڕادەی وەحشیگەریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و هەم لەوانەش زیاتر هەستی بریندارى ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری و بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بەڕادەی پێویست نیشان داوە و شتێکی بۆ من کە هەر لە سەرەتاوەش تاقەتم پێی نەشکاوە، نەهێشتۆتەوە. بۆیە بە ئیزن وەرگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەو دوو کارەساتە و دەگەڵ داوای لێبووردن لە هاوسەنگەرە خەباتگێڕەکانیان کە بە لێوەشاوەیی ئەرکەکانی ئەو شەهیدانەیان خستۆتە سەر شانیان و ئاڵاکەیانیان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، دەمەوێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەو بیرەوەرییە تاڵە بدوێم.

دەربڕینی داخ‌و کەسەر و ڕێز و وەفا بۆ شەهیدان و نیشاندانی سامناکیی کارەساتەکان و دەرخستنی ڕوخساری دزێوی کۆماری ئیسلامی نەک هەر بەجێیە، بەڵکوو پێویست و پیرۆزیشە، بەڵام گرنگتر لەوانە خەسارناسی و پەندوەرگرتن لە دەرسەکانی ئەو جۆرە ڕووداوانەیە. چونکە ئەمەیە کە ئەزموونمان دەداتێ و کۆمەگ دەکا کە لە درێژەی خەباتەکەماندا تێبکۆشین چەندی بکرێ وشیاری پیلانەکانی دوژمن بین و ڕێ لە دووپاتەبوونەوەی ئەو جۆرە کارەساتانە بگرین.

بە ڕاشکاوی دەبێ بڵێین لە هەردووکی ئەو ڕووداوانەدا کەمتەرخەمیی خۆمان نەخشی گەورەی لە سەرگرتنی پلانی دژی ئینسانیی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. شتێکی زۆر سروشتییە دەوڵەتێکی دژی کوردی پیلانی زەبروەشاندن لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە پتر لە چل ساڵە بۆتە چەقڵی چاوی و بەهاوکاریی هەموو هێزە کوردستانییەکان و بەگشتی کۆمەڵانی خەباتگێڕی گەلی کورد نەیهێشتوە دەسەڵاتی دژی گەلیی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان هەناسەی ڕەحەت هەڵکێشێ، دابڕێژێ. لەڕاستیدا ئەگەر وا نەبێ جێی سەرسوڕمانە. بەڵام ئێمە بۆ دەبێ دوژمن بەکەم بگرین و بەرامبەر بە نەخشە و پیلانەکانی خەمسارد بین؟

جارێکی دیکەشم ئەو ڕستەیەی گەورەپیاوێکی دنیای سیاسەت هێناوەتەوە کە دەڵێ «ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بکەوێتە سەما.» چ نەهامەتییەکی گەورەیە کە بەڕێوەبەری تەقینەوەکەی شەوی یەڵدای ١٣٩٥ بۆمبەکەی دەگەڵ خۆی هێنابوو، لە شوێنی بەرنامەبۆدارێژراوی دانابوو و بۆخۆی بە خەیاڵی ئاسوودە پاڵ بە پاڵی تێکۆشەرانی حیزب تا تەواوبوونی ڕێوڕەسمی یادی لەدایکبوونی دوکتۆر قاسملوو دانیشتبوو، بێ ئەوەی کەسێک لێی بپرسێ چیت پێیە، چونکە بە گیانی ناخێری لایەنگری خۆمان بوو. ئەوەش لە حاڵێکدا ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە لەنێوخۆی وڵاتەوە هۆشدار درابوو کە کەسێکی «لەوحاڵەولەوڕەنگە» کە لە فڵانە شوێن دادەنیشێ، بۆتە پیاوی ئیتتیلاعات و پیلانی بەدەستەوەیە. سەیر ئەوەیە ئەو تێرۆریستە پاش تەقاندنەوەی بۆمبەکەش بە ماشینی خۆی بریندارى بردبوونە نەخۆشخانە

و دوایە بەحورمەتەوە ماڵئاوایی خواستبوو و کەس نەیگوتبوو بۆ بەو شەوە دەڕۆیەوە. سەیرتر ئەوەیە کابرا بە خۆی و ماشێنێکی ونجڕونجڕەوە بە بەردەم چەند پرسگەی ئاسایشدا تێپەڕیبوو کە زۆریشیان خەبەری تەقینەوەکەیان بیستبوو، کەچی لێی وەشک نەکەوتبوون و ڕایاننەگرتبوو تا ڕوون دەبێتەوە ڕووداوەکە چۆنچۆنی بووە.

دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەگەر لە ١٧ی خەرمانانیشدا کۆماری ئیسلامی توانی ئەو زەبرە گەورەیەمان لێ بوەشێنێ، کەمتەرخەمی و بێموبالاتیی خۆمانیشی تێدا بوو. نیزیک بە دە ساڵ دەبوو کە هەموو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەو ساڵۆنە و لە هەمان ڕۆژانی هەفتەدا پێکدەهاتن. ئەو پلینۆمەش کە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کەوتە بەر پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی، مانگێک زیاتر بوو بڕیاری بۆ درابوو کە لەو ڕۆژەدا بگیرێ. بەداخەوە نەک هەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەڵکوو خەڵکێکی زۆری دیکەش لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەیانزانی کە ئەو ڕۆژە پلینۆمە. لە حاڵەتێکی وادا شتێکی چاوەڕوانکراوە کە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئەو کەلێنە بقۆزنەوە و بۆ ئافەرینێک و پارووەنانێکی سەرشۆڕانە ڕاپۆرت بدەنەوە و لە ئاکامدا زەبرێکی هێندە بەژان وەپەیکەری حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بکەوێ.

بیرەوەرییەکی تاڵی من لەو ڕووداوە کە قەتم لەبیر ناچێتەوە ئەوەیە کە لە چەند تێکۆشەری حیزبیم بیست دەیانگوت قەت بە بیرمدا نەدەهات کۆماری ئیسلامی چەکێکی وا ستراتژیک بەدژی حیزبی دێموکڕات بەکار بەرێ. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ڕێژیمی ئیسلامی ٣٠ ساڵ پێشتر لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٥دا چەکی شیمیایی بەدژی حیزبی دێموکڕات بەکار هێنابوو، ٢٣ ساڵ پێشتر هەر ئەو قەلای دێموکڕاتەی بۆمباران کردبوو، و ٢٠ ساڵ پێشتریش لە ڕێگای زەمینییەوە بە مەبەستی قەلاچۆ و ڕیشەکێشکردن، ئەو شوێنەی بە تۆپخانەی قورس و مووشەکی کاتیۆشا لە نزیکەوە بۆردومان کردبوو.

سەیر ئەوەیە ئەو مووشەکبارانە لە حاڵێکدا ڕووی دا کە کۆماری غەدر و خەیانەت ماوەیەکی زۆر بوو فریوکارانە بە نهێنی پێشنیاری وتووێژی بە حیزبی دێموکڕات و ئەندامانی دیکەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دابوو. چەند تاڵ و جێگای مخابنە ئەگەر بەشێکی کەمتەرخەمییەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پێمان وا بووبێ ڕێژیم لە هەلومەرجێکی وادا پەلاماری بنکە و بارەگاکانی ئۆپۆزیسیۆن نادا و لەبیرمان چووبێ کە ئەو ڕێژیمە ڕاست بەناوی وتووێژ دوکتۆر قاسملووی دەداو خست و تێرۆری کرد. ئەزموون نیشانی داوە کە گەورەترین هەڵە بۆ هێزێکی سیاسی ئەوەیە باوەڕ بە بزەی دوژمن، بەتایبەت دوژمنێکی وەک کۆماری ئیسلامی بکا، لە غەدر و خەیانەتەکانی غافڵ بێ، یان چاوەڕوانیی بەزەیی و پابەندبوون بە قانوون و ڕێوشوێنە ئینسانییەکانی لێی هەبێ!

بەداخەوە مێژووی کورد بەتایبەتی لە ئێران نموونەی ئەو چەشنە خەسارانەی زۆر تێدان. بەو ئاواتە کە هەموو لایەک پەند لەو ڕووداوانە وەربگرن و کارێک بکەن کارەساتی لەو جۆرە دووپاتە نەبنەوە.

ئێستا کە لە بەرەبەری دووەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی ١٧ی خەرمانانداین هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە وێڕای سڵاو لە گیانی نەمری هەموو شەهیدانی کوردستان لە دوورەوە دەستی دایک و باب و هاوسەرانیان و چاوی منداڵە نازلێ شێواوەکانیان ماچ بکەم و سەری ڕێزلێنانیان بۆ دانوێنم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩ (٦ی سێپتامبری ٢٠٢٠)

## مەرگێکی ناوادە و داخێکی گران



ڕۆژی سێشەممە ١٥ - ٧ - ١٣٩٩ی هەتاوی (٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی) خەبەری مەرگی ناوادەی خاتو نەسیم عەزیزی کچی فەرماندەی شەهیدی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات حەمەعەزیز عەزیزی و نەوەی کەسایەتیی ناسراوی ناوچەی سەردەشت مام عەزیز عەزیزی لە شاری ڤێستەرۆسی وڵاتی سوئێد بڵاو بۆوە و هەموو خزمان و دۆستان و ناسیاوانی ئەو بنەماڵە سەربەرزەی ماتەمبارکرد. ئەگەرچی بنەماڵەی عەزیزی لە ناوچەی سەردەشت بۆ هەمووان و لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستانیشدا بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات ناسراون. بەڵام لەم بۆنە خەمناکەدا بە پێویست دەزانم ئاوڕێکی کورت لە ڕابردووی پرشانازیی ئەو خانەدانە بدەمەوە:

بنەماڵەی عەزیزی لە کۆنەوە تێکەڵ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا هەم مام عەزیز و هەم برای لە خۆی گەورەتری، خوالێخۆشبوو فەقێ ئەحمەد ئەندامی حیزب و پێشمەرگەی کۆمار بوون. دوای ڕووخانی کۆمار و لە دەورانی خەباتی نهێنیدا ئەو بنەماڵەیە هەمیشە مەحرەمی ڕاز و پەناگەی تێکۆشەرانی دێموکرات، بەتایبەتی شەهیدی نەمر مەلا ئاوارە کادری هەڵکەوتووی ئەم حیزبە بوون.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕاگەیەندرانی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات ئەو بنەماڵەیە و زۆربەی خزم و کەسەکانیان لە گوندی بێوران و دەوروبەر پەیمانی خەباتگێڕانەیان دەگەڵ حیزبەکەیان نوێ کردەوە و کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەلاماری نیزامیی هێنایە سەر کوردستان و گەلی کوردی ناچار بە بەرگریی چەکدارانە کرد، بە دەیان

کەسیان تێکەڵ بە هێزی وڵاتپارێزی پێشمەرگە بوون و زۆر پێشمەرگە و فەرماندەری قارەمانیان لێهەڵکەوتن کە یەکێک لەوان شەهید حەمەعەزیز باوکی نەسیمی جوانەمەرگ بوو. حەمەعەزیز فەرماندەی بەوەج و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و هاوڕێ پێشمەرگەکانی، لە ماوەی پێشمەرگایەتی و فەرماندەریدا ئەوەی شەرتی فیداکاری و قارەمانەتی بوو لەخۆی نیشان دا هەتا ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو. بەڵام نە حیزبەکەی و نە بنەماڵەکەی ڕازی نەبوون جێگاکەی بەتاڵ بێ و زۆر زوو برای لە خۆی چووکتری، کاک ڕەسووڵ عەزیزی جێگاکەی پڕ کردەوە و ئەویش هەروەک کاکی شەهیدی بوو بە نموونەی فەرماندەرێکی ئازا و فیداکار و کارزان.

بە داخێکی گرانەوە بەخشندەیی ئەو بنەماڵەیە بە حەمەعەزیز کۆتایی نەهات و چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ١٣٧٠ (١٩٩١) دا فەرماندەی قارەمان ڕەسووڵ عەزیزییش شەهید بوو و داخێکی گرانی بە دڵی دڵسۆزانی کوردەوە نا. لێرەدا بوو کە ئازایەتی و دڵسۆزیی بنەماڵەی عەزیزی گوڵی کرد و ڕێز و سەرسوڕمانی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو بنەماڵە سەربەرزە بەتایبەتی مام عەزیز و ئامۆژنە مریەم کە هەموو ماڵ و مڵکیان بەجێ هێشتبوو تا لەنیزیکەوە خزمەتی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیان بکەن، وەک چیایەکی سەربەرز خۆیان لەبەر غەمی لەدەستدانی دوو جگەرگۆشەی قارەمانیان ڕاگرت و ورە و باوەڕیان بە هاوسەنگەرانی ڕۆڵەکانیان بەخشی. نووسەری ئەم دێڕانە قەت لەبیری ناچێ کە لە پرسەی شەهید ڕەسووڵدا پێشمەرگەکان بۆ سەرەخۆشی دەستی دایە مریەمیان ماچ دەکرد، هەموویانی ماچ دەکرد و دەیگوت ڕۆڵە گیان! شوکرانە بە سەری ئێوە دەبژێرم، چاک نیە ڕێگاکەی کوێر نەبۆتەوە؟ هەرکام لە ئێوە بۆمە ڕەسوویەکن.

دێمە سەر باسی گەورەژنی کورد خوشکە خەجیج دایکی جوانەمەرگی لەدەستچوومان. ئەو نموونەی پاکی و ڕاستی و دڵسۆزییە، دوای شەهیدبوونی باب و مامی نەسیم، شێرە ژنانە شەش منداڵە شەهیدی لە ژێر سێبەری پشتیوانیی دایک و بابی شەهیدەکاندا بە خوێنی دڵ و فرمێسکی چاو وەک گوڵ بەخێو کردن و پێیگەیاندن بێئەوەی بێڵێ لە هیچ بوارێکی خوێندن و ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە هاوتەمەن و هاودەورەکانیان دوا بکەون. پتر لە سێ ساڵ بوو یەکەمنەمامی دەستپەروەردەی خوشکە خەجیج بە دەست نەخۆشیی بێئەمانی شێرپەنجەوە دەیناڵاند. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە مۆمی تەمەنی ئەو نەونەمامە ساوایە بە شۆڵەیەکی کزەوە داییسا و بەرەبەرە دەتوایەوە، خوشکە خەجیج باغەوانی ئەو باغە پڕنەمامە بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە، هەتا دوو ڕۆژ لەمەوبەر کە مۆمی تەمەنی نەسیم بە زەبری ڕەشەبای ئەجەل کوژایەوە و «داخێکی نا بە جەرگی گوڵ و لالەزارەوە».


چۆن بوێرم باسی نەسیم بکەم و چبڵێم کە بایی مستێک لە خاکی سەر گڵکۆکەی بێ؟ نەسیم ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتیش لەبەر چاوی هەموو ئازیزانی و تەنانەت هەموو ئەوانەی دەیانناسی هەر منداڵ بوو. بەڵام هەر لەوکاتەوە کە فامی کردبۆوە

نموونەی مرۆڤێکی ناسک، میهرەبان، بەئەخلاق و بەشەخسیەت بوو. ئەو کە ببوو بە دایک و دوو منداڵی لەدوای خۆی بەجێ هێشتوون دایکێکی فریشتەئاسا بۆ منداڵەکانی و هاوسەرێکی نموونە بۆ کاک موحەممەدی بایەزیدی باوکی منداڵەکانی بوو. چەند ساڵ بوو بەدەست ئەو نەخۆشییە دڕندەیەوە دەیناڵاند. دەگەڵ ئەو هەموو ئازارە کە دەیچاشت، هەروەخت خۆشەویستێک سەری دەدا و ئەحواڵی دەپرسی، ددانی بەجەرگی خۆیدا دەگرت و وای نیشان دەدا کە وەزعی باشە تا ئازیزەکانی غەمبار نەکا. هەر ئەوندە دەتوانم بڵێم کە لە ژیانی خۆمدا کەسم نەدیوە کە وەک نەسیمی جوانەمەرگ ئەوەی ناسیبیەتی بۆی بە پەرۆش بێ. سڵاو لە ژینێکی وا جوان و داخ لە مەرگێکی وا بەژان.

لە کۆتایی ئەم بابەتە لاوازەدا سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەی گەورەی عەزیزی، بەتایبەتی لە خوشکە خەجیج دایکی جگەرسووتاو، لە هاژە و هێما دوو جگەرگۆشەی نازشێواو و لە کاک موحەممەدی بایەزیدی هاوسەری ئازیزلەدەستداوی نەسیمی جوانەمەرگ دەکەم. بۆ هەمووان سێبووری و خۆڕاگری و بۆ گیانی نەسیمی کچ و خوشکەزام بەهەشتی بەرین و باوەشی بەزەیی خوا ئارەزوو دەکەم. نەسیم گیان خوات لەگەڵ و ئۆغرت خێر، بەڵام دەزانی بە مەرگت برینێکی قەتماغەبەستووشمت کولاندەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی مومتاز حەیدەری



ڕۆژی ٢٦ - ٢ - ٢٠٢٠ نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کوردستان مامۆستا مومتاز حەیدەری ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ، یان بڵێم فستیڤاڵێکی گەورەی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین- هۆڵی کۆچەر بیرکار لە هەولێر بەڕێوە برد کە سەدان کەسایەتی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردی تێدا بەشدار بوون. لەو ڕێوڕەسمەدا دوای پێشکەشکرانی چەند وتاری جوان و پڕنێوەرۆک بەستە کتێبێکی ٦بەرگی لەبارەی بابەتی جۆراوجۆرەوە کە هەموویان بە شێوەیەکی «مومتاز» لەسەر ئەرکی مامۆستا مومتاز حەیدەری چاپ کرابوون، بە دیاری بەسەر ئامادەبووانـدا دابەش کران و بوونە جێگای دەستخۆشی و ڕەزامەندیی هەمووان.

چەند مانگ لەمەوبەر مامۆستا مومتازی ماندوویینەناس ڕووداوەکانی ئەو ڕێوڕەسمە و هێندێ بابەتی دیکەشی لەژێر ناوی «جەژنی کتێب: جەژنی ژیان» کردۆتە کتێبێک و لە بەرگ و ڕوخسارێکی زۆر جواندا چاپی کردوە و وا دیارە ئەویشی هەر بە دیاری داوەتە کتێبدۆستان. لە لاپەڕی ١٤ی ئەم بەرهەمە تازەیەیدا کاک مومتاز پێشنیاری کردوە کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و فەرهەنگییە پێوەندیدارەکان ڕۆژی ٢٦ - ٢ بکەنە جەژنی کتێب و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا جەژنی کتێب بگیرێ، ڕێوڕەسمی جۆراوجۆری تێدا ڕێکبخرێ، کۆمەڵێک لە نووسەران ڕێزیان لێبگیرێ و تاد.

بایەخی کتێب لە کۆنەوە لەلای زانایان و ڕووناکبیران و ئەهلی بیر و ئەندێشە ناسراوە و کتێب بە «باشترین هاونشین»، «قوتابخانەی گەڕۆک» و «مامۆستای بێموچەوبەرات» و هتد.. دانراوە. بەخۆشییەوە ئەوانەش کە بە نووسین، بە پاراستن، بە بڵاوکردنەوەی کتێب و بە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەدا خزمەتی ئەو گەنجە پڕبایەخەیان کردوە لە دێرزەمانەوە زۆر بوون و زۆرن و بە دڵنیایی زۆرتریش دەبن.

بێئەوەی ناو بەرم کەسانی واش هەبوون و دەناسم کە بانگیان بۆ بایەخی کتێب ڕاداشتوە و پێیان هەڵگوتوە، بەڵام نەک بۆ ئەوەی خزمەتی کتێب بکەن، بەڵکوو بۆ ئەوەی کتێب خزمەتیان بکا و نانی لێبخۆن و گیرفانی پێ پڕ بکەن. لێ، بانگەوازی مومتاز حەیدەری لە نەوعێکی دیکەیە و بانگەوازێکی ڕاستوێژانەیە هەر بۆ خزمەتی کتێب و پاراستنی حورمەتی کتێب. لەوە گەڕێ کە ئەو پیاوە هەم لە بنەماڵەیەکی کتێبناس و کتێبدۆستدا هاتۆتە سەر دنیا و هەم لەوەتەی فامی کردۆتەوە و دەستی قەڵەمی گرتوە لەخزمەتی کتێب و ڕۆژنامەنووسی و بەگشتی وشەی کوردیدا بووە. ئەو، هەموو ژیان و سەروماڵی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی تەرخان کردوە.

ئەگەر چاو بە کۆی بەرهەمەکانی ئەو دڵسۆزەدا بخشێنین دەبینین کە هەزاران و بگرە دەیان هەزار لاپەڕە نووسینی بە شێوەی کتێب، گۆڤار یان ڕۆژنامە خستۆتە نێو کتێبخانەی کوردی. پرۆژە گەورەکانی وەک گۆڤاری« k,21» و «لەیلا قاسم، لەیلا زانا» بەڵگەیەکی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیەمانن. ئەگەر هێندێ کەس لە ڕێگای کتێبەوە گیرفانیان پڕ کردوە و سامانیان وەسەریەک ناوە، مومتاز حەیدەری بۆ خزمەتی کتێب دەستی بۆ ڕسقوڕۆزیی منداڵەکانیشی بردوە و ماڵومڵکی خۆی فرۆشتوە بۆ ئەوەی کتێبی پێ بخاتە بەر دەستی خوێنەری کورد. با ئەوەش لەبیر نەکرێ کە مامۆستا ڕەنجی فەرهادی داوە تا کتێبخانەیەک وەڕێ بخا کە بۆتە سەرچاوەیەکی بەپیتوبەرەکەت بۆ توێژەران و نووسەرانی نامەی بەکالوریۆس و ماستەر و دوکتۆرا.

لەبەر هەمووی ئەمانە بانگەوازی مومتاز حەیدەری بۆ دانانی ڕۆژێکی ساڵ بە جەژنی کتێب مانا و مەغزایەکی دیکە پەیدا دەکا، قسەیەکە لە دڵەوە دێ و دەچێتە دڵانەوە. لەسەر ئیزنی مامۆستا مومتاز دەڵێم مەرج نیە ڕۆژەکە هەر ڕۆژی ٢٦ - ٢ بێ و دەزگا پێوەندیدارەکان هەر ڕۆژێکی ساڵ دیاری بکەن ئامانجەکە دەپێکن. بە سەلیقەی من ناوەکەشی بکرێتە «ڕۆژی کتێب» بێ باشتر دەبێ.

ئاشکرایە کە بڕیارێکی لەو بابەتە هەردەبێ لە باشووری کوردستان دەربچێ کە بەخۆشییەوە خاوەنی دەیان دامودەزگای فەرهەنگی و ڕووناکبیرییە و لەوانەش گرنگتر خاوەنی حکوومەت و پارلەمان و هەموو دامودەزگایەکی ڕەسمییە. بەوپێیە زۆر بەجێ دەبێ کە پاش ئەوەی ڕۆژەکە لەلایەن کۆڕوکۆمەڵە پێوەندیدارەکانەوە دیاری کرا، بڕیارەکە بدرێتە پارلەمانی کوردستانیش هەتا لەوێدا بڕیاری لەسەر بدرێ، ببێتە قانوون، و بۆ هەتاهەتایە بچەسپێ. لەوحاڵەدا بەباوەڕی من باشتر و دروستتر دەبێ کە ناوی بنرێ «ڕۆژی کتێبی کوردی».

دەزانـم دەنگـی مـن دەنگێکـی کـپە و مەودایەکـی زۆر بـڕ ناکـا. بەڵام هەر پـێم خـۆش بـوو بەشـم لەو بـانگەوازە پیـرۆزە نەتەوەییـیەدا هەبـێ. بەئـاواتم هەمـوو ئەو دەنگـانەش کە مەودایەکـی زیـاتر دەبـڕن بێـنە سـەر خەت و داخـوازەکە ببێـتە داخوازێکی نەتەوەیی.

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## یادی کوێخا عەلی کەسایەتیی خۆشناوی ناوچەی مەنگوڕایەتی



چل رۆژ لەمەوبەر عەلیی کوێخا حەسەن، یان وەک پێی دەناسرا کوێخا عەلیی قەلاوێ کە سایەتیی ناسراو و خۆشناوی مەنگوڕایەتی پاش چەند ساڵ تلانەوە بەدەست ئازاری نەخۆشییەکی بێئەمانەوە لە تەمەنی (٩١) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بەداخەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای نەگریسی کۆڕۆناوە، ئەویش وەک زۆر کەسی ناوداری دیکە لە بێدەنگیدا سەری نایەوە و رێوڕەسمی شیاوی پێگەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی خۆی بۆ نەگیرا.

بەش بەحاڵی خۆم بەداخم کە بە درەنگەوە لە خەبەری کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە ئاگاداربووم و توانیم بە تەلەفون سەرەخۆشیی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی بکەم.

کوێخا عەلی بە زۆر سروشت و خەسڵەتی بەرزی ئینسانی دەناسرا، پیاوێکی خانەدان، پیاو ماقووڵ، مەند و لەسەرەخۆ، رووخۆش و نان خۆش و مەجلیس خۆش بوو، لەنێو تایفە و لە کۆمەڵدا لایەنگری ئاشتی و تەبایی بوو، هەرکات لەنێو دوو کەس یان دوو بنەماڵەدا ئاڵۆزیی و ناکۆکی پەیدا ببووایە، بەدڵەوە هەوڵی دەدا ئاشتیان بکاتەوە و رێکیان بخاتەوە. هەربۆیەش زۆر جێگای رێزی هەمووان بوو، قسەی دەڕۆیشت و حیسابی بۆ دەکرا.

لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییشدا هەرگیز لە ئەرکی سەر شانی غافڵ نەبوو، نەک هەر ئەوە کە خۆی و بنەماڵە و خزمەکانی هەمیشە لایەنگر و پاڵپشتی خەباتگێڕانی رێگای رزگاریی گەلەکەیان بوون، بەڵکو بۆ ماوەیەکی چەند ساڵییش راستەوخۆ لە ریزی پێشمەرگایەتیدا بوو و لەو رێگایەدا فیداکاریی نواند و قوربانیی دا. هەربۆیەش لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا خاوەنی جێگە و پێگەی تایبەت بەخۆی بوو.

ئەوەی بەتایبەتی بۆمن سەرنجڕاکێش و جێی ئەمەکناسییە، هەڵوێستی بەرامبەر تێکۆشەرانی کوردی ئێران و بەتایبەتی خەباتکارانی حزبی دیموکرات بوو. ماوەیەکی چەند ساڵی بنکەیەکی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات لە گوندی قەڵاوێ بوو. دەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەوکاتە ئاوارەی باشووری کوردستان نەببووم، دووربەدوور ناوبانگی پیاوەتیی گەورە پیاوانی ئەو بنەماڵەیەم دەبیستەوە. دوای ئەوەش کە بۆخۆم چارەنووسم هاتە ئەم بەشەی کوردستان و دەگەڵ ئەو بنەماڵە نیشتمانپەروەرە بەتایبەتی کوێخا عەلی ئاشنا بووم، هەمیشە پشتیوانی و هاوکاری و هاودڵیم لێ دیتوون.

کوێخا عەلی کوردی ئێران نەبوو، بەڵام هەست و شعووری لەگەڵ تێکۆشەرانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو دەگەڵ ئازارەکانی ئێمەدا دەژیا، هاوبەشیی خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و نوشوستییەکانمان بوو. تا هێزی لەبەردا مابوو، راستەوخۆ بەشداریی غەمەکانمان بوو، دوای ئەوەش کە نەخۆشی و پیری پرزەیان لێبڕی بە هەر ڕێگایەکدا بۆی کرابا هەستی هاودڵی و هاودەردیی خۆی بە ئێمە دەگەیاند. هەقە ئەوەش بڵێم کە جاری وابوو ئەو هاودەردییە بۆ مام کوێخا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باجیشی لەسەر بوو. بەڵام ئەو لە ئەرکی نەتەوەیی خۆی غافڵ نەدەبوو.

یادی هەمیشە لە دڵماندایە. روحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

لەو بۆنەیەدا سڵاو و ڕێز و هاودەردیم پێشکەشی هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم و ئاواتەخوازم ڕێبازی کوێخا عەلی، ڕێبازی کوردایەتی و مەردایەتی لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا هەروا بەردەوام پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

# دوور و نزیک دەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"



(بە بۆنەی حەفتاوپێنجەمین ساڵی دەرچوونیەوە)

٢٠ی ئەم مانگە (بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی) ٧٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا تێدەپەڕێ. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە هاوکارییەکی کەمم دەگەڵ «کوردستان» هەیە، پێم خەسار بوو لەم بۆنەیەدا ئاوڕێک وەسەر ئۆگری و پێوەندیم بەو ڕۆژنامەیەوە نەدەمەوە.

دەزانین هەرچەند لەلای زۆرکەس یەکەمین دەورەی کوردستان وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان ناسراوە، ئەم ڕۆژنامەیە دوازدە ڕۆژ پێش دامەزرانی کۆمار وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی بە وەشان کردووە و هیچ وەختێش بەڕەسمی ناوی ئۆرگانی کۆماری کوردستانی لەسەر دانەنراوە. لەو سەردەمەدا ئەمن منداڵێکی حەوت ساڵە بووم و تەنانەت ناوی «کوردستان»یشم بەر گوێ نەکەوتووە. بەڵام زۆر دواتر بۆم دەرکەوت خۆم و هاوتەمەنەکانم زۆر لەو شێعرانەمان لەبەر بووە کە لەو ڕۆژنامەیەدا چاپ کراون. بەڕاستی دەگەڵ ئەوەی ڕەنگە کەمتر لە مانا و پەیامی سروودەکانی سەردەمی کۆمار تێگەیشتبم، بەڵام ئێستا بەئاواتم هێندەی ئەو سەردەمەم سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەودەم لەبەر بان.
"کوردستان" دوای ڕووخانی کۆمار چەند دەورەی کورتماوە و درێژماوەی لێ دەرچوون کە دووربەدوور و تاکوتەرا نەبێ لێیان ئاگادار نەبووم و بەپێویستیش نازانم لەم دەرفەتەدا لێیان بدوێم، چونکە هەر بەم قەڵەمە لانیکەم دووجار لە ژمارەکانی پێشووی "کوردستان"دا باسیان کراوە. ئەوەی جێی باسی منە و بیرەوەری و - ببوورن - کاریگەریم دەگەڵی هەیە، دوا

دەورەی ڕۆژنامەکەمانە کە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٩وە دەستی پێکردوە و تا ئێستا بەردەوامە، بەجۆرێکی دیکە بڵێین مانگی ڕێبەندانی دادێ پەنجایەمین ساڵی بڵاوبوونەوەیەتی.

تازە وەسەریەک کەوتبووینەوە و کەمێک لە ئازاری پەرش‌وبڵاوی حەسابووینەوە. چونکە ماوەیەک بوو لەبیر چووبووینەوە، دەبوو کار بکەین بۆ ئەوەی لەنێو کۆڕوکۆبوونەوە سیاسییەکاندا جێیەک پەیدا بکەین. یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەرکردنی ڕۆژنامە بوو کە هەم پێویستیی بە چالاکی و پێوەندی‌گرتن هەبوو، هەم بیروڕا و بۆچوونە سیاسییەکانمانی دەگەیاندە دۆستان. لە "لەفاف"دا دەڵێم هێندێ کۆسپ و تەگەرە هاتنە سەر ڕێگامان، بەڵام دوکتۆر قاسملوو گوتی نرخەکەی هەرچی بێ، دەبێ بیدەین و ڕۆژنامەی ئۆرگان دەربکەین. وا بوو دەرمانکرد و "بێ‌ئارەق"یش دەرچووین.

دەستەی نووسەران پێنج ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون: د. قاسملوو، کەریمی حیسامی، هێمنی شاعیر، حەمەدەمینی سیراجی و من. هەرچەند کەم‌تاکورتێک دەستی نووسینم هەبوو بەڵام نە قەتم ڕۆژنامەنووسی دیبوو، نە تەنانەت ڕۆژنامەخوێنییش. بۆیە هەموو گیانم نیگەرانی بوو. دانیشتین بۆ هەرکەس وتارێک دیاری کرا کە بینووسێ. دیارە بابەتێکیش بۆ من دانرابوو کە "تلپاتێ تەڕ"م لێنەدەزانی. پەنام بۆ دوکتۆر برد ڕێنوێنیم بکا، زۆر بێڕەحمانە گوتی وتاری خۆتە و بۆخۆت دەبێ بینووسی. زۆر ناڕەحەت بووم بەڵام چار نەبوو، چووم شتێکم ئامادە کرد و ڕۆژی دواتر بۆم بردەوە. دوای دووسێ سەعات کە وێی‌دامەوە، دیتم ئەوەندەی دەسکاری کردووە کردوویەتە "جگر و دل زلیخا". بەناچار چوومەوە لای، گوتم ئێستا کە ئەوەی نووسیومە بەکەلک نایە پێم بڵێ چبنووسم. بێڕەحمانەتر لە جاری پێشوو گوتی بۆ من نەبوویە ئەندامی دەفتەری سیاسی، بڕۆ کاری خۆت بۆخۆت بکە. کفری دنیام کرد و لە دڵی خۆمدا هەزار قسەم پێگوت کە نایەوێ هیچ فێر بم. بۆ جاری دووەم کە پاکنووسم کردەوە یەکدوو نووکەقەڵەمی تێسرەواند و گوتی بینێرە بۆ چاپ.

بۆ ژمارە ٢ی ڕۆژنامەش داستانەکە دووپاتە بۆوە، دیسان لەمن پەنابردن و لە دوکتۆر پاڵپێوەنان. لە ژمارە ٣ڕا ئەمن سەرپەرستی کاروباری چاپخانە بووم. ئاخر ڕۆژ بوو کە چوومە چاپخانە، جێی ستوونێک یان بە مۆدی ئێستا بڵێین جێی ٢٠٠-٢٥٠ وشەیەک کەمیمان هەبوو. شەوێ بابەتێکی کورتم نووسی و بەیانی بردم بۆ دوکتۆر، گوتم بەپەلە بۆم چاک بکە چونکە دەبێ بیبەمە چاپخانە لەسەری مەحتەلن. سەرم سوڕما، کە خوێندیەوە بێ دەسکاری وێی‌دامەوە گوتی باشە. لێرەدا بوو کە تێگەیشتم ئەو بێڕەحمییەی بۆ ئەوە بووە کە پشت بەخۆم ببەستم و فێر بم. ئەمە بۆمن بووە دەرسێک و هیوادارم بۆ هەموو قەڵەمێکی تازەش ببێتە ئەزموونێک.

لە "کوردستان" کاری جۆراوجۆرم کردووە: وتارنووسین، وەرگێڕان -پتر لە فارسی و عەرەبی بۆ کوردی و جارجاریش لە کوردییەوە بۆ فارسی-، هەڵەبڕی، کاری چاپخانە، تایپ و پۆلیکۆپی، بەرپرسایەتیی ئەدەبی و زمانی و چەند دەورەش سەرنووسەری. پێم خۆشە لێرەشدا هەر بۆ ئەزموونوەرگرتنی لاوەکان وەبیر بێنمەوە کە د. قاسملوو دەگەڵ هەموو کارەکانی چاوی بەسەر "کوردستان" و بەگشتی ڕاگەیاندنەوە هەبوو. زۆرجار کۆی دەکردینەوە و لەسەر ڕێوشوێنی نووسینی سیاسی و ئەزموونی خۆی قسەی بۆ دەکردین. بەهەق ئامۆژگارییەکانی بەسوود بوون بەتایبەتی کە دەهاتە سەر باسی پرەنسیپ و ئەخلاقی سیاسی، زۆری پێدادەگرت کە واقیعبین بین و "بە خەیاڵ نەبین بە ماڵ"، زمان و قەڵەممان خاوێن بن و بە جنێو و قسەی دزێو پایەی باوەڕەکانمان نەهێنینە خوار. دەگەڵ ئەوەی ڕووخاندنی ڕێژیم -پاشایەتی یان ئیسلامی- دروشمی حیزب بوو، هەموو جارێ دەیگوت مەشیڕووخێنن یانی ڕووخاندن مەکەنە بنێشتە خۆشەی سەر زاران.

بیرەوەریم دەگەڵ "کوردستان" زۆرە و ئەگەر بمەوێ زۆری بگێڕمەوە "مثنوی هفتاد من کاغذ شود" بۆیە واز لەوە دێنم و هەوڵ دەدەم بەکورتی و بێ دەمارگرژی «کوردستان» -بە هەموویەوە- هەڵسەنگێنم. هێندێک دەڵێن وشەی ڕۆژنامە بە مانای نامەی ڕۆژە، یانی بڵاوکراوەیەکە ڕۆژانە دەردەچێ و دەنگوباس و بابەتی ڕۆژ باس دەکا. ئەگەر بەو مانایە چاو لێبکەین، "کوردستان"ی ئێمە پاش دەورانی کۆمار هیچ وەخت "ڕۆژنامە" نەبووە، چونکە جگە لەوەی ڕۆژانە دەرنەچووە، بە دەگمەن نەبێ بابەت و باسوخواسی ڕۆژیشی تێدا بڵاو نەبۆتەوە. هەشن دەڵێن ڕۆژنامە بەرامبەری شەونامەیە، واتە بە بڵاوکراوەیەک دەگوترێ کە بە ئاشکرا و بە ڕەسمی بڵاو دەبێتەوە و خوێنەران بێترس لە گیران و ڕاوەدوونانی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکان دەیکڕن و دەیخوێننەوە و لەلای خۆیان ڕایدەگرن. بەم مانایەش بیگرین "کوردستان"ەکەمان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان تەنیا چەند مانگێکی دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا بڵاو بۆتەوە و بە ئازادی گەیشتۆتە دەستی خوێنەرانی. ئەگینا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە نێوخۆی وڵات بە نهێنی بڵاو دەبێتەوە و لەڕاستیدا شەونامەیە. سەرباری ئەمانەش "کوردستان" کە چارەنووسی بە چارەنووسی حیزبی دێموکڕاتەوە گرێ دراوە، هەر ماوەیە لە جێیەک و هەر جارە بە قەبارەیەک دەرچووە و نەک هەر ڕۆژانە بەڵکوو حەوتووانەش دەرنەچووە. ئێستا دەوری ۳۰ ساڵە "کوردستان" بە ڕێکوپێکی مانگی دوو ژمارەی لێ دەردەچێ، ئەگەر بەو حیسابەش بێ دەبووایە لەو پەنجا ساڵەدا ۱۲۰۰ ژمارە دەربکا. کەچی بەداخەوە ئێستا کە مانگێکمان بۆ پەنجایەمین ساڵی دەرچوونی ئەم دەورەیە ماوە تازە ژمارە ۷۹۰ی دەردەچێ کە ئەمە ناکامییەکی گەورەی پێوە دیارە. بەڵام بە هەمووی ئەمانەوە "کوردستان" ڕۆژنامەیەکی سەنگین و سەربەرز و بەئیعتیبارە و بۆیە دەبێ شانازیی پێوە بکەین. جا بزانین بۆ؟

پێش هەموو شتێک چونکە زمانحاڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە کە بەڕابردووترین ڕێکخراوی چالاکی هەموو کوردستانە و پتر لە سێ چارەکەسەدەیە جێمتمانە و نوێنگەی ویست و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. خەڵکی

خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنەوە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆیان لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا دیتۆتەوە و هەربۆیەش لە پشتی ڕاوەستاون و هەموو پێداویستییەکانی مانەوە و پێشەوەچوونیان بۆ دابین کردووە.

"کوردستان" هەمیشە ڕۆژنامەیەکی بە پرەنسیپ و واقیعبین بووە، هیچکات تووشی هەڵچوون و لەخۆدەرچوون نەبووە و هەوڵی نەداوە کوردستانیان و بەگشتی خوێنەرانی بە دروشمی بریقەدار و بێنێوەرۆک و ئومێدی بێبناخە سەرگەرم بکا و هەڵیانخەڵەتێنێ.

حەفتاوپێنج ساڵ و هەر ئەم دەورەیەی پەنجا ساڵە هەڵگری پەیامی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێرانە، هەرگیز لە شاڕێی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لای نەداوە، لە سەختترین هەلومەرجی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا و بە هەر شێوازێک بۆی گونجابێ پەیامی پیرۆزی ئەم حیزبەی گەیاندۆتە کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیی پیرۆزی حیزب و گەلی پاراستووە و بەهێزی کردووە.

لە زوربەی حاڵەتەکاندا زمانێکی پاراو و ڕەسەنی کوردیی بەکار هێناوە کە بە شاهیدیی بەشێک لە گەورەترین ئەدیبان و ڕووناکبیرانی خاوەننەزەری کورد شیاوی ئەوە بووە ڕەچاو بکرێ و ئەزموونی لێوەربگیرێ.

ئەو شانازییەشی هەیە کە زۆر لە شەهیدە مەزنەکانی بزووتنەوەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەروەها ناودارانی نەمری دێموکرات تا دواهەناسەکانی ژیانیان هاوکار و پشتیوانی بوون. لەوانە هەر وەک نموونە سێ ڕێبەری شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سیراجی، هێمن شاعیری ناوداری کورد، عەبدوڵڵای شەریفی، جەلال میراوەیی، تەها عەتیقی، فەتاح کاویان، عوسمانی ڕەحیمی، سەید سەلام عەزیزی و...

حەفتاوپێنج ساڵەی دەرچوونی "کوردستان" دەکەمە دەرفەتێک بۆ ئەوەی گەرمترین پیرۆزباییم پێشکەشی هەموو خەڵکی کوردستان بکەم و بەتایبەتی سڵاو و دەستخۆش و ماندوونەبوونیم عەرزی نووسەران و ئیشکەرانی چالاک و ماندووییەنەناسی "کوردستان" بکەم کە بە لێوەشاوەیی پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەکەمانیان پاراستووە و دەپارێزن و لەجیاتی مەمانانی "خانەنشین" و لەکارکەوتووش ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ دەگەیەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیوێری ٢٠٢١

## یادێک و وەفایەک (بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتو ئامین ماملێ)



بەیانیی ئەمڕۆ ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ (١٨ی فێڤریەی ٢٠٢١) کاک وریای ماملێ ڕایگەیاند کە بەداخەوە سەعات ٣ی ئەم بەیانییە گەورەخاتوونی بە ناوبانگ ئامین مەولوودیان (مامڵێ) دایکی ئەو و هاوسەری هونەرمەندی بە ناوبانگ و وڵاتپارێز موحەممەدی مامڵێ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە. کۆچی دوایی ئەو خانمە بەڕێزە کە مەرگی هاوسەرە وەفادارەکەشی وەبیر هێناینەوە بۆ منیش وەک هەموو ئەو کەسانەی لە نیزیکەوە ناسیویانە و زیاتریش ڕووداوێکی جێگەی داخ بوو و بەو بۆنە ناخۆشەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی و هاودەردی پێشکێشی کیژ و کوڕەکانی باجە ئامین، هەموو کچ و کوڕەکانی مامڵێی هونەرمەند، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مامڵێ و هەموو خەڵکی مەهاباد (کە دەزانم چەندە ڕێزیان بۆی هەبوو) دەکەم خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم.

ئامین مەولوودیان کچی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی پێشمەرگە و فەرماندەری ناسراوی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بوو کە تەنیا فەرماندەری ئەو دەورانە زێڕینەیە ساڵی ١٣٢٥ لە تەمەنی منداڵیمدا چاوم پێی کەوتوە و دوای ٧٤ ساڵ ئێستاش خۆشیی ئەو ڕووداوەم هەر لەبیرە و دیمەنەکەیم دێتەوە بەر چاو. خاتو ئامین بە گەنجی مێردی بە تێکۆشەری

سادق و بەناحەق شەهیدکراو ئەسعەدی خودایاری کردوە کە کچێک و کوڕێکی لێی بووە و پاش شەهیدبوونی خودایاری مێردی بە پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان ئەندامی تاسەری حیزبی دێموکڕات و هونەرمەندی ناسراو موحەممەدی ماملێ کردۆتەوە کە لەویش کچێک و چوار کوڕی بوون. یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی عبدالرحیم (نەجات) وەک دەیان و سەدان لاوی شۆرشگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئیعدام کرا و کچ و کوڕەکانی دیکەی بەخۆشییەوە ماون و ڕێگای دایک و بابی خۆشیان ون نەکردوە.

## بەڵام بیرەوەری و یەکەم دیدارم لەگەڵ باجە ئامین

لەمێژ بوو بێجگە لە هونەر، ناوبانگی دڵسۆزی و کوردپەروەریی ئامین و موحەممەدی ماملێم بیستبوو، دەمزانی لە سەختترین دەورانەکاندا پێوەندییان دەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەپچڕاوە و زۆرجار لە سەردەمی خەباتی نهێنیدا ماڵەکەیان حەشارگەی دوکتۆر قاسملوو و کادرەکانی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووە. بەڵام هیچیانم لە نیزیکەوە نەدیبوو، هەتا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ - ١٩٧٩) کە لە دووروڵاتی گەڕابوومەوە و بە نهێنی لە ماڵێکی هەموو دڵسۆز و شەریف و نیشتمانپەروەری گەڕەکی مەحموودکانی مەهاباد دەژیام (هەزار جار یادیان بەخێر و سوپاس بۆ هەموو زەحمەتەکانیان، بەڵام لەترسی ئەوەی بکەونە بەر تەشقەڵەی کاربەدەستانی ڕێژیم ناویان ئاشکرا ناکەم. چونکە هەرچەند ئەودەم ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر کار بوو، بەڵام تێکۆشان بۆ ماف و ئازادییەکانی کورد لە هەر سەردەمێکدا بووبێ لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئێستای ئێرانەوە تاوانە.)

شەوێکیان شەهیدان دوکتۆر قاسملوو، بەرپرسی ئەودەمی ڕێکخراوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تاران و سەید ڕەسووی بابی گەورە (دهقان)، بەرپرسی ناوچەکانی نەغەدە و پیرانشارم میوان بوون. بۆ بەیانی (داستانەکە درێژە نایگێڕمەوە) بۆمان دەرکەوت کە شوێنەکەمان بۆ ساواک ناسراوە و مەترسیی گیرانمان هەیە. ماڵەکەمان بەرەو سەددی مەهاباد بەجێ هێشت و گوتمان ئەگەر تاکسی دەست کەوت بۆمان بنێرن. ١٠ دەقیقەیەک ڕاوەستاین تاکسی نەهات و ئێمەش هەستمان بە مەترسی دەکرد. ماشێنێکی شەخسی لە نیزیکمان ڕاوەستابوو، گوتم ئەرێ بۆ داوا لەو برایە نەکەین بمانگەیەنێتە نێو شار و لەوێ تاکسی بگرین؟ کاک سەید ڕەسووڵ گوتی فکری چاکە و چووە لای دۆستەکە گوتی دەکرێ هەتا نێو شارمان بەری؟ خۆشییەکەیم لەبیر ناچێ کە گوتی هەتا میاندواوێشتان دەبەم. (ئارەزوو دەکەم ئەو دۆستە نووسینەکەم ببینێ و خۆیم پێ بناسێنێ تا بتوانم سوپاسی بکەم).

کورتی بکەمەوە سوار بووین و چووین لە چەقی شەقام کاک سەید ڕەسووڵ گوتی سوپاس دامان بەزێنە. خاوەنماشێن گوتی هەر کوێ دەچن دەتانبەم، بەڵام کە گوتمان شوێنەکەمان نیزیکە دایبەزاندین و وا دیار بوو هەستی کردوە ئێمە شتێکین زۆر بە خێرایی دوور کەوتەوە. کاک سەید ڕەسووڵ کە شارەزا بوو گوتی ماڵی مامێ نیزیکە و دەچینە وێ. دوکتۆر کە پێشتر دەیناسی گوتی باشە و ئەمنیش ئاواتم بوو مامێ ببینم. ماڵەکە زۆر نیزیک بوو چووین و هەردووکیان لەماڵ بوون کاک سەید ڕەسووڵیان دەناسی ماچیان کرد و لە باوەشیان گرت و ئێمەشیان زۆر بە گەرمی بەخێر هێنا. بەڵام دوکتۆریان نەناسیەوە. پاش چەند دەقیقە کە مامێ هاتوچۆی نێوماڵێی دەکرد هاتەوە و گوتی ئەرێ ئەتۆ ئاغای قاسملوو نی؟ (وەک خۆی دەیگێڕمەوە) دوکتۆر گوتی قاسملوو چسەگبابێکە؟ ئیدی هەر دووکیان دوکتۆریان لە باوەش گرت و ماچیان کرد و فرمێسکی خۆشییان هەڵڕشت.

لەو ڕۆژەوە ئامینە خاتوونم ناسی و هەم لە مەهاباد و هەم لە شاخ و هەم ئەو ساڵانەی دوایی لە هەولێر و سلێمانی زۆرجارم ئەو خانمە بەڕێزە دیتەوە. ئەگەرچی بەتەمەن تەنیا دووساڵ و چەند مانگ لە من گەورەتر بوو، بەڵام هەمووجارێ سۆزی دایکێکم تێیدا بەدی دەکرد. تەنانەت ئەو سۆزەی بۆ منداڵەکانیشم هەبوو. لەبیرمە جارێکیان میوانی کاک جەلیلی ڕەحمەتی بوو، گەلاوێژێ کچم کە زانی لەوێیە داوای کرد ڕێگای بدەم بچێتە لای. کە هاتەوە لەخۆشییان لاقی عەرزی نەدەگرت، دەیگوت دەجاری ماچ کردووم و گوتوویەتی ئۆخەی گەلاوێژ گیان! ئەوە ئەمنم تۆ دەبینمەوە؟ دەزانم بۆخۆم کە ئەمەگناسی بە یەکێک لە باشترین خەسڵەتە ئینسانییەکان دەزانم هەرگیز ئەو میهرەبانییەی ئامینە خانم و دڵسۆزییەکەیم لەبیر ناچێ، بەڵام پێموایە ئەوانەی ئەوخاتوونە وەک من و باشتر لەمن دەناسن و یادی بەرز ڕادەگرن، نەک هەر زۆرن بەڵکوو بێئەژمارن. ڕوحی شاد بێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و کوردستان خاتوونی وەک ئامینێ مامێی لێنەبڕێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠٢١

## ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ساڵی ١٩٧٠ی زایینی (١٣٤٨ی هەتاوی) دوای نیزیک بە ٩ ساڵ بەربەرەکانی قارەمانانەی بزووتنەوەی کوردی عێراق بەرامبەر بە پەلاماری بێڕەحمانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، بەعسییەکان بۆیان دەرکەوت کە بە پەلاماری نیزامی و بە زەبری ئاگر و ئاسن ناتوانن ئیرادەی کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان تێکبشکێنن و ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆشیان بووە پێویستە ڕێگای ئاشتیخوازانە بۆ جۆرێک چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق بگرنە بەر. بۆیە بە ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێشنیاریان بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناودار خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بارزانی کرد بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەگەڵ دەوڵەت بکەوێتە وتووێژەوە. سروشتییە کە ڕێبەریی بزووتنەوەش کە هەمیشە خوازیاری وەدیهاتنی داخوازەکانی گەلی کورد بێ پەنابردن بۆ شەڕ و خوێنڕێژی بوو، ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد.

بەمجۆرە بێئەوەی (ئاگربەس)ێکی ڕەسمی ڕابگەیەندرێ، وتوویژێکی بەردەوام و جیددی دەستی پێکرد کە دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لەلایەن خودی سەددام حوسێن، جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر و دەسەڵاتی بەکردەوەی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرا. هەوڵەکان لە ماوەیەکی کورتدا بە ئاکام گەیشتن و سەعات ٧ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی ئادار بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراق بوو، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری ئەو وڵاتەوە خوێندرایەوە.

دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار کە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیبوو، هەر بۆ کوردانی ئەو بەشەی کوردستان کە داری ڕەنج و ئاواتیان هاتبووە سەر بەر، مایەی خۆشحاڵی و جێژن و شادی نەبوو. بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی سەیر کرا. بەڵام لەو نێوەدا بۆ کوردی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختەئومێدێکی گەورەتر بوو. لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە چارەنووسی ئەم حیزبە بە چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی عێراق (باشووری کوردستان)ەوە گرێ درابوو. چونکە لەلایەک تێکۆشەرانی دێموکرات لە گەرمێن بەکردەوە ببوونە بەشێک لە هێزی ئەو بزووتنەوەیە و لەلای دیکەش بەپێی باری ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان و پێوەندیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەگەڵ دەوڵەتی ئێران، حیزبی دێموکرات تێکۆشانی نێوخۆی تا ڕادەیەکی زۆر

بەرتەسک کردبۆوە و بەتایبەتی دوای شکانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧-١٣٤٦ (٦٨-١٩٦٧) بە تەواوی پێشی پێگیرابوو.

بۆیە پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار بە ماوەیەک شاندێکی حیزبی دێموکرات چوونە سەردانی سەرۆک بارزانی و وێڕای پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکە داوایان لێ کرد لەوە بەدوا قەدەغەوقۆرغ لەسەر چالاکیی ئەو حیزبە هەڵگیرێ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش جۆرێک بووژانەوە بەخۆیەوە ببینێ. بارزانی کە پیاوێکی دووربین بوو و دیار بوو لە سەرگرتنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریش بەگومانە، نەیەویست بیانوو بداتە دەست دەوڵەتی حەمەڕەزاشا. بۆیە ئەو داوایەی ڕەت کردەوە و بەجێی ئەوە، پێشنیاری کرد کە حیزبی دێموکرات پێوەندی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق دامەزرێنێ و لەو ڕێگایەوە چالاکیی سیاسیی خۆی ببووژێنێتەوە.

ئەم پێشنیارە بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان قورس و بە مانای بێبەشبوون لە پێگەیەکی بەهێزی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ خەڵکی نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. بەوحاڵە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساند. پێش هەموو شتێک بە کەلکوەرگرتن لەو دەرەتانە، دەستە و تاقمە پەرشوبڵاوەکانی کادر و ئەندامانی حیزب، کە هەرچەند لە ململانە دەگەڵ یەکتردا نەبوون بەڵام هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە یەکتریەوە نەدەبەستنەوە، کەوتنە دیدار و وتووێژ و توانیان ڕێبەرییەکی یەکگرتوو دروست بکەن و دەلاقەیەکی هیوا بە ڕووی یەکپارچەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبدا بکەنەوە.

میکانیزمی پێکهێنانی ئەو ڕێبەرییە بۆ ئەوە نابێ بەپەلە بەسەریدا تێپەڕین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرییە لەسەر هیچ بناخەیەکی ڕێکخراوەیی و ئەساسنامەیی پێکنەهات و تەنیا پێویستیی قۆناغەکە هەموو لایەنەکانی هان دا ئازایەتی و لێبووردەیی لە خۆیان نیشان بدەن و لاپەڕەیەکی تازەی پێکەوەبوون و پێکەوەکارکردن بکەنەوە. لە کۆبوونەوەیەکی شەش کەسیدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و هەرجارەی لە کافەیەکی بەغدای پێتەختی عێراق پێکهات، کۆمیتەیەکی ناوەندی دروست کرا و بڕیار درا پێکەوە کار بکەن تا دەگەنە کۆنفرانس و کۆنگرەیەک کە لەوێدا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکرێ و ڕێبەرییەکی شەرعی هەڵبژێردرێ. ئەندامانی ئەو کۆمیتە ناوەندییە بریتی بوون لە: دوکتۆر قاسملوو، کەریم حیسامی، ئەمیر قازی، حەمەدەمین شێخولئیسلامی (هێمنی شاعیر)، حەسەن ڕەستگار، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەمەدەمین سیڕاجی و یووسف ڕیزوانی. هێمنی شاعیر و کەریم حیسامی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبوون.

کۆمیتە ناوەندیی (دەستکرد) بە بڕیار و پەیمانەکەی وەفادار مایەوە و هەروەک پێشبڕکە دەگەڵ ڕۆژگار بکا لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە کەوتە کار. دەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ بوو حیزب خاوەنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی نەبوو کە ناسێنەری سیاسەت و بۆچوونەکانی بێ بەزوویی هەنگاوی بەرەو دەرکردنی ڕۆژنامە و زیندووکردنەوەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە و ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی دەرکرد کە هەرچەند مانگێ تەنیا جارێک و ئەویش بە تاقە چوار لاپەڕە و لە تیراژێکی کەمدا چاپ دەکرا، بەڵام زۆر زوو لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی کورددا وەک بڵاوکراوەیەکی سەنگین جێگای خۆی کردەوە.

لە حاڵێکدا ماوەیەکی چەند ساڵی بوو ئەم حیزبە کەمترین ڕادەی پێوەندیی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی و بێگانەکاندا هەبوو، بە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخەکە و بەهرەوەرگرتن لە ناسراوی و شارەزایی شەهید د. قاسملوو (بە پلەی یەکەم) و چەند هاوڕێیەکی دیکە (بە پلەی دووهەم) پێوەندییەکی بەرینی دەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی کورد و ئێرانی و بێگانە دامەزراند و بەزوویەکی زوو وەک حیزبێکی موعتەبەری سیاسی سەری لە نێو سەراندا بەدەر کەوت.

لەوانە گرنگتر، بەپەلە دەستبەکاری ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب و کاردروستایی بۆ گەیشتن بە ڕێبەرایەتییەکی شەرعی و ئەساسنامەیی بوو و کەمتر لە ساڵێک دواتر کۆنفرانسی سێیەمی پێکهێنا کە لەودا بەرنامە و پێڕەو و خەت و ڕێبازی سیاسی پەسند کرا و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوو ساڵ دواتریش کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەسترا و بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە حیزبە گەورە و بەنفووزەکان پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەسکەوتی زۆر گەورەی دیکەی ئەو دەورانە، دامەزراندن و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب نەکهەر لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لەنێو کوردانی دانیشتووی شارە ئێرانییەکانی دەرەوەی کوردستانیش بوو. بە تایبەتی دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمجار بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕێکخراوەیی دەچووە زانستگەکان و توێژی ڕووناکبیر و وشیاری خوێندکارانی لە دەوری دروشم و داخوازەکانی کۆ دەکردەوە.

ئاکامی هەمووی ئەمانە ئەوە بوو کە کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پادشایەتی وەڕێکەوت، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرییەکەی لە دەرەوەی وڵات بوون، ئاگاداری تازەترین ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو و بە بەشی خۆی ئیلهامی لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات وەردەگرت و ئیلهامی دەدانێ. خۆ

ئەوەشمان لەبیرە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند بەخێرایی لە کوردستان گوڵی کرد و جێگای شیاوی خۆی وەک گەورەترین ڕێکخراوی کوردی ئێران بەدەست هێنایەوە.

بەو پێیە بە ئاسانی دەکرێ بڵێین کە دەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران یارمەتیدەرێکی گەورە بوون زۆربەی پێشکەوتنەکانی دەیەی ١٣٥٠ی ئەم حیزبە بەرهەمی کاروتێکۆشانی ڕێبەرییەک بوون کە لە دەسپێکی کاری خۆیدا بە شێوەیەکی ناسروشتی لەدایک بوو. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە بڵێم ئێستە کە بەخۆشییەوە هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات لەئارادایە، دروست نییە ڕێبەرایەتیی دوو حیزبی دێموکرات هێندێ وردە تێبینیی ئەساسنامەیی بکەنە کۆسپ یان باشتر بڵێم بیانووی دواخستنی ئەو کارە پیرۆزە کە لەمێژە بۆتە ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستانی گەلی کورد. با ئەوان لەسەر بناخەیەکی پتەو یەکڕیزی بۆ بنەماڵە گەورەکە بگێڕنەوە، ئەودەم دەبینن کە نەکەهەر هیچ کەس سەرکۆنەیان ناکا، بەڵکوو هەموو لا و کۆنگرەکانی دواتریش دەستخۆشییان لێ دەکەن و مێژووش بە خەتی زێڕین بۆیان تۆمار دەکا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

---

## پەیامی پیرۆزبایی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بە بۆنەی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان




**بەڕێز یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**سڵاوێکی گەرمی برایانە**

٢٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان (یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێستا)دا تێدەپەڕێ. دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان تەنیا شەش مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ٥٢ ڕۆژ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان نیشانەی تێگەیشتنی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد لە نەخشی ژنان و پێویستیی بەشداربوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندایە. هەروەک هاندانی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ ئەندامەتیی ئەورێکخراوە و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی یەکەمی ڕێکخراوەکە لە لایەن مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەواوە بەڵگەی بەخەمبوونی پێشەوا بۆ پەرەستاندن و پێشکەوتنی ژنانی کورد و حیزبەکەیان لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیدایە.

لە تەنیا نۆ مانگ کار و چالاکیی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوەدا ژنی کورد لێوەشاوەیی خۆی بۆ وەرگرتن و بەڕێوەبردنی کار و

بەرپرسایەتی نیشان دا و ئیسباتی کرد ئەگەر ژنان دەرەتانی کار و تێکۆشانیان بۆ برەخسێ هیچیان لە براکانیان کەمتر نیە. ئەندامانی ڕێبەری و کادری پێشەوەی حیزبی دێموکڕاتی ژنان لە نووسین و وتاردان و کاروباری هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەک دەڵێن: «جوان درەوشان» و شانازییان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیش کە میراتگری حیزبی دێموکڕاتی ژنانە، لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا شانازیی گەورەی دەست کەوتوە و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە نەک هەر لە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تەنانەت لە بواری پێشمەرگایەتییشدا نەخشی پڕشانازییان هەبووە و لەو ڕێبازەدا زۆریان قوربانی داوە. ئەو قوربانیدانە بە شەهیدبوونی دوو بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنان لە مووشەکبارانی ساڵی ١٣٩٧ی قەڵای دێموکراتدا گەیشتە لووتکە. یادی شەهیدان نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری و تێکڕای شەهیدانی یەکیەتیی ژنان و هەموو شەهیدانی ژن بە خێر و ڕووحیان شاد.

بەمجۆرە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان هەم ڕابردوویەکی پڕشانازیی لە پشتە و هەم داهاتوویەکی پڕ ئەرک و بەرپرسایەتیی لەپێشدایە. بۆ هەموومان هەرچەندی رابردوو پڕ دەسکەوتتر بێ ئەرکی خەباتگێڕانەی داهاتوو قورستر دەبێ. لەسەر یەکیەتیی ژنانە کە بە کار و تێکۆشانی بێوچان و هەوڵی بردنەسەری پلەی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەندامانی پتر سەرنجی ژنانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و چەندی بکرێ زیاتر ژنانی کورد لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک بخا.

لە کاتێکدا بە بۆنەی یادی ٧٥ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو ژنانی کوردستان دەکەم ئاواتەخوازم لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەر شانتاندا سەرکەوتوو بن و نیشان بدەن کە بەهەق میراتگری شانازییەکانی ئەو ڕابردووەن و سەرکەوتنی زیاتر بۆ داهاتوو چاوەڕێتانە.

سڵاوی دووبارەم قبووڵ بکەن.

دڵسۆزتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە

٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

# زۆر بە کورتی



ئەم ڕۆژانە یادی سەد ساڵەی لەدایک بوون و ۳۵ساڵەی کۆچی دوایی هێمن*، گەورەشاعیر و - ئەگەر کەس لێم تووڕە نەبێ- سەردەستەی شاعیرانی شێعری کلاسیک لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەم لاوە، دەکرێتەوە. نووسەران و شاعیران و بەگشتی ئۆگرانی شێعری هێمن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر لە هێمنی شاعیر و هێمنی «سەوداسەری ئازادی» دواون و دەست و دەم و چاوی هەموویان خۆش بێ. بەداخەوە ئەم یادە لەحاڵێکدا نوێ بۆتەوە کە ئەمن بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ماڵەکەی خۆم دەستبەسەرم. بۆیە بەڕاستی نووسینی بابەتێکی شیاوی هێمن بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا بۆ من زۆر دژوارە. بەوحاڵە هەر پێم حەیف بوو هیچ نەنووسم، چونکە هەرچی بنووسم - وەک دەڵێن- لە هیچێ چاکترە.

هەر وەک هەمووان بەهەق گوتیان هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هێمن (بە شێعر و پەخشانەوە) دەگەڵ ئەوەی کاری بەنرخی لەسەر کراوە - بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا دوکتۆر عوسمان دەشتییەوە - هێشتا زۆری دیکەی بەبەرەوە ماوە. کەوایە لەم بارودۆخەمدا ئەمن تەنیا ئاوڕ لە دووسێ چەمکی کارەکانی هێمن دەدەمەوە:

- ئاشکرایە هێمن نە یەکەم شاعیر و نە یەکەم کەسە کە هەستیان بە گرنگی و بایەخی خوێندن و خوێندەواری و هەر لەوکاتەدا بەجێمانی نەتەوەی کورد لەو بارەیەوە کردووە، بەڵام دیوانی هێمن پڕە لەو بابەتە و ئەویش بە چ مێتۆدێکی جوان و شیرین! بڕوانن چەند جوان بەرگری لە ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو و پێویستیی هەوڵدان بۆ فێربوون پێکەوە

ئاویتە دەکا کە دەڵێ:

«دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە»

یان بە چ شێوەیەکی حەکیمانە و کۆمەڵناسانە ڕوو دەکاتە کچی کورد و دەڵێ:

«دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ ئەو کچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بە مۆدی تازە هەڵپاچێ»

- شاعیری فارس دەڵێ:

«اگر آن ترک شیرازی بدست آرد دل ما را
به خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را»

فۆلکلۆری کوردی لە خۆرهەڵات دەڵێ:

«وەک بەختەکەی من ڕەشە خاڵەکەی سەر ڕوومەتی
بە سابڵاغێ پێک نایە، موکوریانە قیمەتی»

لە فۆلکلۆری باشووری کوردستانیش گوێمان لێ دەبێ کە دەڵێ:

بۆ ماچێکت هەرزانە هەولێر و سلێمانی و کۆیە

کەچی هێمن وەردەسووڕێ و ڕوو بە شەنگەبێریی گراویی خۆی دەڵێ:

«شەنگەبێری گراویی خۆم، وێنووسی جەماڵ و جوانی

ئێستێش پاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟
وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ ئازیزتر
نەمدەدا بە تەختی شاهی دەنا بەردەبێری شوانی»

ئەمە بۆ گراوییەکەی، ئێستا هێمنی ئاشقی ژن و جوانی لەگەڵ دەربڕینی ئەوپەڕی وەفا و سۆز و خۆشەویستی بۆ شەریکە ژیانەکەیدا چ دەڵێ:

بەڵێ، سەختە و یەکجار سەختە دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویستتر لەلای من ئەتۆی ئازادی! »

- بەڵام لەلای من شابەیتی هەموو شێعرەکان و شاکاری هەموو کارەکانی هێمن چوارینەیەکە کە ئەوەندەی ئاگام لێیە تا ئێستا کەس باسیشی نەکردوە. خۆزگە هەمووان بە تایبەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کورد ئەو چوارینەیەیان لەبەر دەبوو، پەیامەکەیان دەبیست و نێوەرۆکەکەیان دەکردە سەرمەشقی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆیان:

«زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەباتم
لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەک دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە
تۆ هەر بێری بە و من هەر شوان فریشتەی تاسەو ئاواتم! »

بەڕاستی ئەگەر پەیامی ئەم چوارینەیە بیسترابایە و بەدڵ سپێرابایە خەڵکی کوردستان ئەو هەموو ململانەیە لەسەر دابەشکردنی (دەسکەوتی خەبات) یان باشتر بڵێین خێروبێری ئەم نیشتمانە خێرنەدیوەیان دەبینی؟
لە کەموکوڕییەکان داوای لێبووردن لە خوێنەران و یادی نەمری هێمن دەکەم و دەڵێم: کۆڕۆنا خەجاڵەت بێ کە خەجاڵەتی ئازیزانی کردم.

* بۆیە هیچ عینوانێکی بۆ دانانێم، چونکە خانی و جزیری و نالی و مەحوی و گۆران و هەژار و هێمن و... زۆر لەوە بەرزترن بە لەقەب و عینوان گەورە بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٢١

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو

**دیمانە: عەلی بداغی**

**١٧ی بانەمەڕی ئەمساڵ چل ساڵەی ڕووداوی تاڵی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"یە. لەم هێرشە ئاسمانییەی سوپای عێراقدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون و ٤٢ کەس لە بەندکراوانی زیندان کوژران و پتر لە ٥٠ کەسیش برینداربوون. دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوسا و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە لەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەراوەژوو نیشاندانی ڕووداوەکەی داوە و گێڕانەوەکەی بە ئاقارێکیتردا بردووە.**

**"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"دا بۆ بیرهێنانەوە و خستنەوەڕووی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە پێکهێناوە:**

**کوردستان: مامۆستا دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر زیندانی دۆڵەتوو ڕۆیشتووە، بە دروستکردنی فیلم، بە بەڵگەسازیی بە درۆ. بەڕێزتان کە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کوردستان بوون چۆن باس لەم ڕووداوە مێژووییە دەکەن؟**

**وەڵام: ئەو ڕووداوە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ڕووداوێکی یەکجار زۆر دڵتەزێن بوو، هەر لەبەر ئەوە نا کە ئێمە بۆخۆمان شەش پێشمەرگەمان تێیدا شەهید بوون، لەبەر ئەوەی زیندانێک کە لە حیمایەتی ئەو حیزبەدا بوو بەناحەق و ناڕەوا کەوتە بەر هێرشێکی بێڕەحمانە و، بوو بە بەشێک لە شەڕێکی هەر لە بنەڕەتدا ناڕەوا کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەئارادا بوو. لەبەر ئەوەی بووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر لەو هەڵخەڵەتاوانە کە حیزبی دێموکرات بۆوەی ڕانەگرتبوون بیانکوژێ یان بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەیان ڕابگرێ. چونکە سروشتییە کە لە شەڕدا زۆر جار دوو لایەنی شەڕ تووشی ئەو حاڵەتە دەبن کە ئەفرادی یەکتر ئەسیر و زیندانی دەکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکەی و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بخوێنیتەوە دەبینی کە بە هەزاران کەسی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە و دوایە ئازادی کردوون.**

کەوایە ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە خەسارێکی گەورە بوو کە وێمان کەوت و هەر ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا کە وردەکارییەکانی تێدا هاتوون، ڕاشکاوانە و بە توندترین زمان مەحکووممان کرد.

**کوردستان**: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە خزمەتتان چاوێکم لەو بەیاننامەیە کرد و ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هەر بەو زمان و دەربڕینەی سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب کراوە، هەر بەوجۆرەش هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە. مامۆستا دەزگای تەبلیغیی ڕێژیم زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا کە زیندانی دوڵەتوو شوێنێکی زۆر نەشیاو بۆ ڕاگرتنی بەندییەکان بووە، زیندانییەکان ئەشکەنجە کراون، تەنانەت دەگوترێ نایاسایی ئێعدام کراون. دەمەوێ بپرسم حیزبی دێموکرات چۆن زیندانەکانی بەڕێوە بردووە؟

**وەڵام**: لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زیندان هیچکات ئامانج نەبووە، هیچکات پێمان خۆش نەبووە زیندانمان هەبێ، بەڵام هەموو دەوڵەتێک، هەموو دەزگایەک، بتەوێ و نەتەوێ بۆ پێشگیری لە هێندێک لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی ناچارە جێیەکی هەبێ ئەو کەسانەی خەتایان کردووە ، بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر تێدا ڕابگرێ. بۆ ئێمە زیندان بەو جۆرە بووە. هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ئەودا. هەروەها لە قەوانینی شەڕدا کە ڕاستە شەڕ بۆخۆی بێقانوونییە، بەڵام لە سەحنەی نێودەوڵەتیدا قانوونی تایبەت بە شەڕیش هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

لەبارەی ئەوەش کە زیندانەکە چۆن بووە، ئێمە زیندانمان لە شاخی بووە، خۆ لە شار نەبووین. پێشمەرگەکانی پارێزەری زیندان لە چ خانوویەکدا ژیاون زیندانییەکانیش لە خانووی ئاوادا ژیاون. تەنانەت نانی زیندانییەکان و پێشمەرگەکان لە یەک جێ کراوە، جا چ بە تەندوور بووبێ، چ بە سێڵ. چێشتی پێشمەرگەکان و زیندانییەکان لە یەک مەنجڵدا لێنراوە و بەسەر هەر دووکیاندا دابەش کراوە. ڕاخەر و پێخەفی پێشمەرگەکان چی بووە، هی زیندانییەکانیش هەر ئەوە بووە. بەڵام مەعلوومە وەزعییەتی ڕیفاهی زۆر باش نەبووە، جێی خەو زۆر باش نەبووە. خواردنیش هەمیشە زۆر باش نەبووە، کێشە و گرفتیش هاتۆتە پێش. دەنا ئەو حەمامەی کە زیندانییەکان خۆیان لێ شووشتووە هەر ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان خۆیان لێ شتووە. لەو بارەیەوە ئێمە زۆر بە سەربەرزییەوە توانیومانە زیندان و زیندانەکانمان بە خەڵکی دونیا پێشان بدەین. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هاتوون و ئەو دیمەنەیان دیوە کە دیمەنێکی ئینسانییە. مەسەلەن ڕەنگە ئەوە سەرنجڕاکێش بێ کە هەم لە ڕووی ئەمنیەتی و هەم لە ڕووی هێزی کارەوە بەشێکی زۆر لە کار و ئەرکەکانی زیندان بە

زیندانییەکان سپێردراون. یانی بۆ ئەوەی زیندانییەکان لە بێکاری سەریان لێ ئەستوور نەبێ، بەشێکی زۆری ئەو کارانە بۆخۆیان دەیانکرد. تەنانەت نان لە زۆربەی کاتەکاندا زیندانییەکان دەیانکرد.

**کوردستان**: دیارە ئەو کارانە لە دەزگای تەبلیغیی ڕێژیمدا بە بێگاری ناویان هاتووە.

**وەڵام**: بەڵێ بە بێگار ناویان بردوون. بەڵام ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون ئەوان وەختی پێوە خەرج بکەن. پاشان لە باری ئەمنییەتییەوە خاترجەمیی خۆیان هەبوو، ئێمەش خاترجەم بووین کە هیچیان لێ ناکرێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو چێشتەی کە ئەمن دەیخۆم زیندانی بۆم لێدەنێ، نەک ئەوەی کە زیندانی دەیخوا ئەمن بۆی لێنێم و خراپی لێبنێم. هەموو ئیمکاناتەکە لە بەردەستی ئەواندایە. چێشتەکە لە یەک مەنجەڵدا کوڵیوە، بەرپرسانی زیندان و پارێزەری زیندان و خودی زیندانییەکان هەموو لەوە دەخۆن. چەندی مومکینە دەتوانین بڵێین ڕەفتارەکان ئینسانی و شارستانیانە بوون.

**کوردستان**: سیستەمی دادڕەسی و بەدواداچوونی قەزایی چۆن بووە. مەسەلەن دەڵێن هەر پێشمەرگە یان بەرپرسێک هاتووە حوکمێکی داوە، تەنانەت حوکمی ئێعدام؟

**وەڵام**: لە بنەڕەتدا وا نەبووە کە هیچ پێشمەرگە یان بەرپرسێک حوکمی زیندانی بدا. ئێمە ئیدیعا ناکەین کە سیستەمێکی دادوەریی ڕێکوپێک و بێنەقسمان هەبووە. نەخێر، ئێمە دەوڵەت نەبووین، ئێمە پارتیزان بووین. بەڵام لێپرسینەوە هەبووە، لێکۆڵینەوە هەبووە بێئەوەی ئەشکەنجەی دەگەڵ بێ. دوایەش پەروەندەیان بۆ دەکرایەوە. ئەو کەسانەی کاری قەزاییان کردووە بەشێکیان هەر قازییش بوون، یانی قانوونیان خوێندبوو، بەشێکی دیکەشیان ئەزموونی کاری لەو چەشنەیان هەبووە. لەبارەی حوکم و بڕیارەکانیشەوە، پێموانییە هیچ زیندانییەک لای ئێمە هەموو ماوەی زیندانەکەشی کێشابێ. مەسەلەن ئەگەر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ، دەبینین پاش دوو ساڵ یان سی ساڵان ئازاد کراوە.

**کوردستان**: مامۆستا بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان کە باس لە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووە. دۆڵەتوو بۆ بۆمباران کرا؟ ئایا نیزیکایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات هۆکار بوو؟ یان هۆکاری دیکەی هەبوو.

**وەڵام**: ئەمن بە هیچ جۆرێک وای بۆ ناچم کە هۆکارەکە هەر ئەوە بووبێ. چونکی جاری وا هەبووە لەوانیان داوە و دەکرا لە زیندان نەدەن، لەحاڵێکدا لە زیندانیان دا و لەوانیان نەدا. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ دەورانی شەڕ بوو و شەڕیش لە نێوان

دوو دەوڵەتدا بوو کە هیچیان ئەرزەشیان بۆ قانوونی نێونەتەوەیی دانەدەنا. ئامانجەکە ئەوە بوو کە چەندی بکرێ پتر زەربە لە لایەنی بەرامبەر بدەن و زیاتری لێ بکوژن. باشە ئەوە دامان نا کە زیندانی دۆڵەتوو هێزەکانی ڕێژیمی تێدا بووە، ئەدی سەردەشت چی کە بۆمبارانی شیمیایی کرا. بانە و مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چی کە بۆمباران کران، زەردەی داڵاهۆ چی کە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا. باسەکە ئەوەیە کە دوو لایەنی شەڕ دەیانەوێ زەبر لە یەکتری بدەن. لە عەینی حاڵدا ڕەنگە پێت سەیر بێ کە دەڵێم دەوڵەتی عێراق، -نایشارمەوە و شاراوەش نەبوو کە ئێمە پێوەندییمان لەگەڵی هەبوو؛ بەڵام -هێندەش چارەی ئێمەی نەدەویست. هیچ بۆی موهیم نەبوو زیندانیی ئێمە، یان پێشمەرگەی ئێمە دەکوژرێ. هەربۆیەش ئەوکات ئەو کردەوەیە، یانی ئەو بۆمبارانەمان بە شێوەیەکی زۆر توند و بە کەلیماتی زۆر توند مەحکووم کرد.

**کوردستان**: بە هێنانی وشەی فاشیست لە بەیاننامەکەدا؟

**وەڵام**: بەڵێ بە عەمەلیاتێکی فاشیستیمان ناو برد. شتێکی لەوە سەیرترت پێ بڵێم، ئێستا دەقیقەن لەبیرم نییە، بەڵام ئەمریکای موتەمەدین لە ئەفغانستان، زیندانێکی بۆمباران کرد کە دەشیزانی زیندانە و ٨٠٠ کەسی تێدا کوژرا. ئەوە ئیدی شەڕە و شەڕ بۆخۆی خراپە، بێ مانایە و شتی بێ مانای دیکەشی تێدا دەقەومێ. بەڵام ئەوەندەی کە پێوەندیی بە ئێران و عێراقەوە هەیە ، ئەوان هەر دووکیان چیان بۆ کرابێ، لەدژی یەکتری کردوویانە. مەسەلەن ئێران چەندی ئیفتیخار بەوە دەکرد کە مووشەکەکانی لە بەغدا دەدا، بەڵام لە بەغدا لە کۆیی دەدان! یەک مووشەکیش لە کۆشکی کۆماری نەکەوت. یەک مووشەکیش لە بنکە نیزامییەکان نەدرا، وە خەڵکی دەکەوت. عێراقیش کە لە ئێرانی دەدا هەر وە خەڵکی دەکەوت.

**کوردستان**: مامۆستا دەمەوێ باسی ئەو گومانی پیلانە بکەم کە ٤٠ ساڵە ڕێژیم لەسەری دەڕوا. ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە بە چاوساغیی حیزبی دێموکرات کراوە و لە کاتی بۆمبارانەکەدا بەرپرسانی زیندان و پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆڵ کردووە، یان تەنانەت دوای بۆمبارانەکە کۆمەڵێک زیندانی کە ویستوویانە ڕابکەن، کەوکوژی کوشتوویانن؟

**وەڵام**: سەرتاسەری ئەوانە قسەی بێبنەما و تۆمەت و بوختانن کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە. هەر ئەوە کە ئێمە شەش پێشمەرگەمان شانبەشانی زیندانییەکان شەهید بوون بۆخۆی دەلیلێکە. لە پاشان ئەو زیندانییانەش کە ئیجازە بدەن بڵێم ئەوانیش شەهید بوون، جەنازەکانیان بە قەدر و حورمەتەوە لە زیندانی دۆڵەتوو ڕا گواسترانەوە بۆ سەر جادەی پیرانشار - سەردەشت و لەوێ تەسلیمی ئەو نوێنەرانە کراون کە دەوڵەت لە سەردەشتەوە ناردبوونی وەریانگرن. پاشان بە فەرزی مەحاڵ حیزبی دێموکرات ویستبێتی زیندانییەکان بکوژێ، ئەوە بۆمبارانی بۆ چییە بۆخۆی دەیکوشتن و تەواو.بەڵام

خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە شت هەیە یان نییە، ئەوان لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن و قسە ساز دەکەن. بۆ نموونە وەبیرم دێ، ئەو وەختەی مەهاباد گیرا، ساڵی ١٣٥٨ کە ئێمە بەجێمان هێشت، کۆماری ئیسلامی تەبلیغاتی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە پلاکاردی بەخێرهێنانی ئەرتەشی ئیسرائیلمان ئامادە کردبێ. قسەیە و ئەو دەیکا! ڕەنگبێ خەڵکی ساویلکەش هەبێ باوەڕیان پێ بکا کە هیوادارم نەبێ. بەڵام چونکی ئەوانە ئەوەندە وەستان لە تۆمەت و ئیفترا و بوختان و درۆهەڵبەستن، ڕەنگە یەکێک هەر باوەڕیان پێ بکا. ئەرێ باشە کەس نییە بپرسێ بڵێ ئەو ئەرتەشی ئیسرائیلە بە کوێدا دەهات! بەسەر چەند وڵاتی عەرەبیدا دەهات بە مەخفی تا لە مەهاباد حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی کورد پێشوازیی لێ بکەن. یانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانڵێن هەر لایەقی خۆیانە.

**کوردستان**: مامۆستا بەشێک لەو بوختانانە ڕووی لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە هاتوون و ڕووماڵی ڕووداوەکانی ئەوکاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە و ڕێژیم بە سیخوڕیان ناو دەبا. دەڵێ ئەوان هاتوون و لە زیندان وێنەیان گرتووە و ئەو وێنانە دراونەتەوە ڕێژیمی بەعس؟

**وەڵام**: دەزانی چۆنە، هەر من بۆخۆم بەبێ ئەوان دەڵێم پێمەوایە ڕۆژنامەنووسانیش، ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانە کە دێن، ڕێکخراوە تەندروستی و پزشکییەکانیش کە دێن، خەڵکی وڵاتی خۆیانن، دڵسۆزی وڵاتی خۆیانن و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ. ڕەنگە زانیارییەکیش بە نەفعی وڵاتی خۆیان کۆ بکەنەوە. بەڵام هەموو ئەوانە، لە دنیایەدا وا ناسراون کە بێ‌خەتان. یانی کابرا تابلۆیەک لە پشت یان لە سینگی دەدا کە لێ نووسراوە پرێس و ڕۆژنامەنووسە. ئیدی ئەگەر شەڕەکە موتەمەدینانە بێ، وەنێو شەڕەکە دەکەوێ و هیچکەس حەقی نییە تەقەی لێ بکا. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمینن و هاتوون ڕووداوەکان وەکوو ئەوەی هەیە تۆمار بکەن و بیدەن بە ئەفکاری عموومی. بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە فەڕانسەوییەکان هەروەها پزیشکە فەڕانسەوییەکانیش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی کورددا دەتوانین بڵێین، ئینسانی شەریف بوون و لە نییەتی خزمەت بەولاوە هیچ نییەتێکی دیکەیان نەبووە. جا ڕەنگە وەختێک ڕۆژنامەنووسێک کە لایەنگری میللەتی کوردە، حەتمەن موخالیفی ئەو کوشت و کوشتارەش بێ کە کۆماری ئیسلامی لە میللەتی کوردی دەکا، دەوڵەتی عێراق یان دەوڵەتی تورکیە دەیکا. بەڵام بێ‌تەرەفیی موتڵەقیان پاراستووە. بۆیە بە هیچ جۆر بوختانێکی وا بەوانەوە ناچەسپێ.

**کوردستان**: تەنانەت لە ئاماری کوژراوەکانیشدا ئاماری جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان ١٨٠ کەس بووە.

**وەڵام**: زیندانی دۆڵەتوو لەو وەختیدا ١٨٠ کەسی لێ نەبوو هەتا ١٨٠ کەسی لێ بکوژرێ. بۆیە بەتەواوی ڕەتی دەکەمەوە،

بەڵام ئەوەندی ئەمن بزانم و ئەوەندی ئێمە ئاگادارین لە بریندارەکانیش کەسیان نەمرد. هێندێک کە برینەکانیان سەخت بوون تەحویل دەرانەوە و ئەوانەش کە برینەکانیان سووک بوون لە لای خۆمان مانەوە و ئەوانیش کەسیان لێ نەمرد کە بڵێین ئاماری کوژراوەکان دوایە زیادی کردبێ.

**کوردستان**: مامۆستا هەر لە درێژەی ئەو چەواشەکارییانە ماوەیەک لەوە پێش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا خەلەبانێکی ئەرتەش بانگ کرابوو، باسی ئەوەی دەکرد گۆشتی خەلەبانەکان لای کوردەکان قیمەتێکی زۆری کردووە و کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن مەزەندە کراوە. وا بزانم حیزب خەلەبانێکی بە برینداری گرتبوو، بەسەرهاتی ئەو چیی بوو؟

**وەڵام**: مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خەلەبانی هێلیکۆپتری کوبڕایە کە ئێمە کوردەکان گۆشتەکەی کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین وا دیارە نازانن ٥٠٠ میلیون تمەنی ئەوکات چەندە بووە. یەک میلیۆن تمەنی ئەو وەختی دەیکردە دەوری ٢٠هەزار دۆلار، واتە ٥٠٠ میلیۆن دەیکردە ١٠میلیۆن دۆلار، قسەیەک کە دەبێ هەر ئەوان بیکەن و هەر لە خۆیان جوانە.

**کوردستان**: ئەدی مامۆستا بەسەرهاتی ئەو خەلەبانە چی بوو؟

**وەڵام**: جارێ باسی خەلەبانەکە ناکەم باسی خەلەبانی هێلیکۆپتێرەکە دەکەم. باشە ئەو هیلیکۆپتێرە کە ئێمە بەرمان داوەتەوە و جەنازەی خەلەبانەکەی لەبەر دەستی ئێمەدا بووە، بۆ بە پووڵ گۆشتەکەیمان دەکڕی. ئەوە نییە کەلاکەکەی لە بەردەستی خۆماندایە، لە کێی دەکڕین؟ ئەگەر لەبەر دەستی ئەواندایە، یانی ئەوان گۆشتی کەلاکی کوژراوەکانی خۆیان بە پووڵ دەفرۆشت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە ساویلکەن و باوەڕیان پێ دەکەن ئەوەندە کار لەسەر مێشکیان دەکەن کە مەجالی بیرکردنەوەیان بۆ نەمێنێ. ئەوە لە کام بازاڕدا بوو، لە کام قەسابخانە بوو کە گۆشتی خەلەبان دەفرۆشرا. لە پاشان من ڕوداوێکت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمن بۆخۆم چاوم لێ بوو دوو تەیارە لە ئاسمانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەرکەوتن. بە چاو دەمدین، بەڵام نەمدەزانی کامیان ئی کام وڵاتن. یەکێکیان مووشەکێکی هاویشت کە وە ئەوی دیکە کەوت. یانی هەمووییم دیت. بەڵام ناوچەکە شاخاوییە و بە کەمتر لە ٥ سانیە یان ١٠ سانیە هەر دووکیان ون بوون. دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری چوار پێنج کیلۆمیتر ئەولاتر ئەو تەیارەیەی لێی دراوە بەر بۆتەوە و تەیارەی ئێرانیش بووە. ئەو تەیارەیە بەر بۆوە و خەلەبانەکەی بە برینداری کەوتە دەستی پێشمەرگە. دەوڵەتی عێراقیش بەمەی زانی. هەرچی لە توانایدا بوو هەوڵ و تەقەلای دا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زیندانییەی ڕادەست بکەین، حیزبی دێموکرات نەچووە ژێر بار. حیزب گوتی ئەوە خەلەبانی ئێرانییە و لە

خاکی ئێران و لە ناوچەی ئێمەدا کەوتۆتە ژێردەستی ئێمە و، ئێمەش خەڵکی ئێرانین و دەیدەینەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەوەندی کرا دەرمان کرا و دوایە بە حورمەتەوە تەسلیمیان کرایەوە. باشە وەختێکی گۆشتی خەلەبانی هێلیکۆپتەر بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین، خەلەبانی فانتۆم بۆ بەخۆڕایی دەدەین بەوان؟[پێکەنین] ئارەزوو دەکەم بەردەنگەکانی ئەوان پتر بیر بکەنەوە.

داستانێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؛ کابرایەکیان بە ئەسیر گرتبوو لە ناوچەی سەردەشت. لێی دەپرسن بۆ هاتوویە ئێرە؟ دەڵێ: "هاتووم بۆ شەڕ". بۆ شەڕی کێ؟ دەڵێ بۆ شەڕ دژی کافرەکان. باشە کافر کێن؟ دەڵێ: "ئێوە". پاشان لێی دەپرسن باشە ئەتۆ پێشتر هاتوویە کوردستان؟ دەڵێ: "بەڵێ ئەمن لەوەپێش لەو سەردەشتەی خزمەتم کردووە و ژاندارم بووم". لێی دەپرسن باشە لە سەردەشت گوێت لە بانگ نەدەبوو؟ وەکوو لە خەو ڕاچەنێ دەڵێ با. دەڵێن مزگەوتی لێ نەبوو؟ وەکوو ئەوە لە خەو هەستابێ دەڵێ بەرێوەڵڵا مزگەوتیشی لێ بوون. باشە نوێژیان نەدەکرد، ڕۆژوویان نەدەگرت؟ دەڵێ با. چی و چی، دەڵێن ئەی بۆ ئیدی بە کافریان دادەنێی. کابرای ئەسیر دەڵێ: "ئەمن ئێستا هیچ قسەم نەماوە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە. بەڵام بریا ئێوەش تەنیا چەند ڕۆژ لەبەر دەستی ئاخونددا بوایەن و قسەی بۆ کردبان، داخوا ئێوەش دەتانگوت میللەتی کورد کافرە یان نا."

**کوردستان: مامۆستا بێینە سەر کاردانەوەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، دیارە جەنابت بە کورتی باست لە بەیاننامەکە کرد؟**

**وەڵام:** بەیاننامەکەمان وەکوو عەرزم کردی و بۆخۆشت خوێندووتەتەوە، بەیاننامەیەکی توند بوو. بەسەرهاتێکیش هەیە وابزانم جارێکی دیکەش هەر لە وتوویژێکی دیکە لەگەڵ خۆت باسم کردووە. لەبیرمە ماوەیەک پاش بەیاننامەکە بوو، دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی دەکرد و بە بەغدادا دەڕۆیشت. ئەمنیش لەگەڵی بووم هەتا بەغدا، لەوێ بەڕێم کرد و جا گەڕامەوە. لە کەرکووک لامان دا. لە مەرکەزێکی کە وابەستە بە موخابەراتی عێراق بوو. ئەوان بەشێکیان هەبوو تایبەت بە کاروباری ئێرانییەکان. شەهید دوکتور قاسملوو پێشتر چووبوو، بەڵام من نەچووبووم. لەو وەختەدا ئەمن بەرپرسی تەبلیغاتی حیزب بووم. کە چووینە ژوورێ بەخێرهاتنیان کردین دوکتور گوتی ئەوەش وەزیری ئیعلام (تەبلیغات)ـی ئێمەیە. هێشتا دانەنیشتبووین، مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابوو!؟ ئەوەمان گوت و دانیشتین. چایان هێنا. دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، [ئێستا نازانم ئەو نووسیبووی یان نا، بەڵام ئەمن نەمنووسیبوو] ئەتۆ حەق بە خۆت

دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ.

کابرا بە ڕاستی کەوتە پتە پت و زۆر بە تەنگاوی عوزری هێنایەوە و گوتی قسەیەک بوو کردمان. ڕووداوەکەش هەڵەیەک بوو کرا، دەنا ئێمە چۆن زیندانی ئێوە بۆمباران دەکەین، هەڵەی خەلەبان بووە و لەو قسانە و پاساوی بۆ هێنایەوە.

**کوردستان**: مامۆستا هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بڵێ حیزبی دێموکرات گوێلەمستی حیزبی بەعس بووە و، لەو بەستراوەییەدا هیچ سنوورێکی نەپاراستووە. پێم خۆشە لێرەوە بچینە نێو پێوەندییەکانی حیزب دێموکرات و حیزبی بەعسەوە.

**وەڵام**: پێموابێ جارێکی دیکەش ئیشارەم پێ کردووە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق [دەوڵەتی پێشوو] ساڵێک دوو ساڵ دواتر لێرە دوکتور مەحموود عوسمانمان میوان بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ خەڵک کرد. شاهیدییەکی زۆر جوانی دا. باسی ئەوەی کرد کە پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانەیە، ئەو هەموو مەدرەکە، بە سەدان تۆن ئەوراقی دەوڵەتی وەدەست هێزەکانی دژی بەعس کەوت لاپەڕەیەکی تێدا نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ حیزبی دێموکرات خزمەتی دەوڵەتی عێراقی کردبێ. عەکسی ئەوەش شتی موسبەتی تێدا بووە.

**کوردستان**: باشە مامۆستا دەوڵەتی بەعس داواکاریی لەوچەشنەی لە حیزبی دێموکرات نەبووە؟

**وەڵام**: بەڵێ بوویەتی، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەمن لەبیرمە و بۆخۆم شایەت بووم کە دەوڵەتی عێراق داوایان لە ئێمە کرد کەسێکی دژی ئەوان تێرۆر بکەین، جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ئێمە تێرۆر بۆخۆمان ناکەین چۆن بۆ ئێوەی دەکەین.

**کوردستان**: بەڵام ئەوکاتە نێوان ئێران و عێراق شەڕ بوو، بێگومان هەم عێراق دژی ئێران شەڕی دەکرد و هەم ئێران شەڕی بەسەر کورددا سەپاندبوو. ڕەنگە ئامانجی هاوبەشیش هەبووبێ بۆ زەربەلێدانی دوژمنی هاوبەش.

**وەڵام**: بەهەرحاڵ بتەوێ و نەتەوێ کاتێک دوو هێز بەرامبەر بە هێزێکی دیکە شەڕ دەکەن لە باری گشتییەوە لە یەک سەنگەردان. چوونکی هەردووکیان بەرابەر بە هێزێک شەڕ دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە و دەوڵەتی عێراق بەو

مانایە لە یەک سەنگەردا بووین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی. هەردووکمان لە دژی ئەو شەڕمان دەکرد. بەڵام ئەوە هەم بە عەمەل و هەم بە قسە بەوان گوتراوە کە شەڕی ئێمە دژی دەوڵەتی ئێران هەم لە باری سروشتەوە و هەم لە باری ئامانجەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی دەوڵەتی عێراقێ دژی دەوڵەتی ئێران. ئەوەی ئێمە شەڕی پارتیزانییە لەباری تیکنیکییەوە و هی ئێوە شەڕێکی جەبهەیی بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کاتیوشا و ئەوانە. لە باری ئامانجیشەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو دەوڵەتە ناچار بکەین دان بە حقووقی ئێمە دابنێ لە چوارچێوی وڵاتەکەماندا، لە حاڵێکدا ئێوە دەتانەوێ بە قەولی فارس "کشور گشایی" بکەن. ئەوەتا ناوچەیەکی زۆری خوزستانتان داگیر کردووە و پێتان بکرێ پتریش داگیر دەکەن. کەوابێ شەڕی ئێمە بە جودایە و شەڕی ئێوەش بە جودا. تەنانەت جارێکی داوایان کرد پێشمەرگەی ئێمە بچێ لەگەڵ هێزەکانی ئەوان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت عەمەلیاتێکی هاوبەش لەسەرهێندێک پایەگای ڕێژیم بکەن. ئێمە جوابمان دانەوە و گوتمان پێشمەرگەی ئێمە ئەگەر شەو داهات هەر هێزێکی چەکدار ببینێ، دەنگی دەدا و ئەگەر ناوی شەوی پێ نەبوو لێی دەدا. کەوابێ ئەگەر ئێوەش بێن پێشمەرگەی ئێمە لێتان دەدا. نەک عەمەلیاتی هاوبەشتان لەگەڵ ناکەین لێشتان دەدین.

**کوردستان:** کەواتە نەبووە کە مەسەلەن هێزێکی عێراقی بە هاوکاریی ئێمە هاتبێتە کوردستان بۆ شناسایی، یان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؟

**وەڵام:** بەهیچ جۆرێک هیچ هاوکارییەکی عەمەلەیاتی لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا نەبووە، دیارە ئەوان لە کوردستانیش عەمەلیات و تەنانەت جینایەتیشیان کردووە، هەم دەوڵەتی عێراق لە ئێران و دەوڵەتی ئێران لە عێراق. ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام وەکوو بڵێین ئێمە پێکەوە عەمەلیاتی هاوبەشمان کردبێ، قەت نەبووە.

**کوردستان:** مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوە خراپ نییە باس لەوە بکەین کە لەو هەڵوێستە مێژووییانەدا تەنانەت حیزب بەیاننامەی ڕەسمیی هەیە ڕوو بە حکوومەتی مەرکەزی، کە ئەگەر حکوومەتی مەرکەزی مل بۆ داخوازەکانی کورد ڕاکێشێ ئێمە ئامادەین کە پێشمەرگەکانمان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی تاران لە دژی حکوومەتی عێراق بچنە بەرەی شەڕەوە؟

**وەڵام:** ئەوە ئەو وەختە بوو کە شەڕەکە هەڵایسا و حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە قسەدا ئیعلان بکا کە ئێمە مافی خودموختاری بۆ میللەتی کورد بە ڕەسمی دەناسین، ئێمە هەموو هێزەکانمان لە جەبهەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگێڕینەوە و شان بە شانی ئەوان لەدژی هێزەکانی عێراق دەکەوینە شەڕ. بەڵام لە جیاتیی ئەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن ئەوەندی بۆیان کرا هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بەرینتر کردەوە.

**کوردستان:** مامۆستا نووکە ڕمبی تەوبلیغاتە ژاراوییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دوکتور قاسملوویە. بەڵام جەنابت پێشتر باسی ئەوەت کردبوو کە ڕێژیمی بەعس زۆر پیس لە دوکتور قاسملوو وەڕەز و بێزار بوو؟

**وەڵام:** زۆر تەبیعی بوو، چونکی دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک قسەی لێ دەبیست. ئەو دواییانە لە ئەدەبیات و لە ئەسناد و با بڵێین فایلەکانی وڵاتانی خاریجیدا زۆر شت دەرکەوتن کە دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دژی دەوڵەتی عێراق کردوونی و دەوڵەتی عێراق بەوانەی دەزانی. ڕەنگە جارێکی دیکە ئەوەشم باس کردبێ وختێکی کە خەبەری تێرۆری دوکتور قاسملوو هات ئەمن یەکسەر گوتم کاری عێراقە. شەهید دوکتور سەعید گوتی: "شتێک هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە". گوتم چی. گوتی: "دانوستانێک هەبووە لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا". گوتم جا ئەوجار مەعلوومە، چونکی ئەوان نەهاتوون دانوستان بکەن و هاتوون دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن. یانی بەو ئەندازەیە شکم لە حکوومەتی بەعس بوو. دیارە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورە و دیپلۆماتێکی پایەبەرز بوو، لە عەینی حاڵدا مەسئوول و ڕێبەری حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو کە شەڕی لە دژی دوژمنەکەی ئەوان دەکرد. کەوابێ هەم لەگەڵ حیزبەکەی مودارایان دەکرد و هەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. دیارە ئەگەرچی زۆر بەحورمەتەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ڕوونە کە چۆن لە دوکتور قاسملوویان دەڕوانی.

**کوردستان:** لەبەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە قسەی نەدەکردن و بە دڵی نەدەکردن؟

**وەڵام:** ئەی خۆ لە جێیەکی دیکە لە قسە بۆ ڕادیۆدا باسم کردووە، وتووێژێک هەبوو لەبیریشم نەمابوو بەڵام ئەو ماوەیە کاک محەممەدڕەزا ئەسکەندری داینابوو، لە بارەی مەرگی هێمنی شاعیرەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار کە دادەنیشتین دەیگوت ئەوانە [بەعس] فاشیستن. جا مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی جارێکی سناریۆیەکی دروست کردبوو بە شۆخی لەسەر سوڵحی ئێران و عێراق [دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر] کە ئێمە گیراوین و هەمووومان ئێعدام دەکەن و بردوویانین و ڕیزیان کردووین بۆ ئێعدام. هەرکەس لەو وەختەدا قسەیەک دەکا یان عەمەلێک دەکا. قسەکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت ها برادەران پێم نەگوتن ئەوانە فاشیستن. جا شتی ناخۆش وەبیر پیاو دێتەوە. هەر ئەو مامۆستا هێمنەی کە ئەو سیناریۆیەی ساز کردبوو و باوەڕی پێی هەبوو، کەچی وەختی خۆی کە جەماعەتی حەوت کەسی پەیدا بوون ئەویش دوکتور قاسملووی بە بەعسی ناو برد، بەداخەوە.

**کوردستان:** مامۆستا لە بارەی دوکتور قاسملووە ماوەیەک لەوە پێش بەڵگەنامەیەک بڵاو بۆوە کە دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ سەدام حوسێن نووسیوە و لەوێدا مام جەلال تاڵەبانی بە "برای بەڕێزم" ناو دەبا، یانی لەو نامەیەدا کە دەکرا کەسیش

قەت پێی نەزانێ ڕوو بە سەرکۆمار و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام یەکێک لە دژبەرە هەرە سەرسەختەکانی ئەو بە برای خۆی ناو دەبا کە ئەوە دەگمەن و هەر لە کەسێکی وەک د. قاسملوو دەوەشێتەوە. هەر ئەوە بەشێک نەبوو لەو ڕق و قینەی بەعس لە د. قاسملووی هەبوو؟

**وەڵام**: ئەو ئازادەنیشییەی حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین بەشێکی بۆ دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، چونکی ئەو ڕێبەر و ئولگوو بوو بۆ هەموومان، زۆری دڵی دەوڵەتی عێراق دەئێشاند. مەسەلەن دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانی پەیدا بوو، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بوو. هەوەڵێن ئەڵقەی ئەمن لەوێ بووم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. براکەی سەدام، بەرزان تکریتی کە ئێعدام کرا، خوا هەڵناگرێ زۆر بە ئەدەبەوە ڕوو بە د. قاسملوو گوتی: دوکتور ئەگەر ئێمە پەیامێکمان هەبێ بۆ کاکە جەلال، ئێوە لەو سنوورانە هیچ ئیمکانتان هەیە پێی بگەیەنن؟ دوکتور گوتی: ئەو قسەیە یانی چی؟ ئێمە ئەگەر هاتووین شەوێ میوانی مام جەلال بووین. بەڵێ ڕوونە کە پێی دەگەیەنین. یانی هیچکات ئێمە ئەوەمان نەدەشاردەوە. تەنانەت بێ ئەدەبییە ئەوەی دەگێڕمەوە. جارێکی لەسەر هێندێک لە کێشەکانمان کە لە قەندیلی هاتبووە پێشێ، لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لە سلێمانی دانیشتبووین. مەرحووم کاک غەفوور هەمزەیی مەسئوولی پێوەندییەکانمان بوو. چووبووین لەگەڵ قائید فەیلەقی ئەوێ و نوێنەرێک کە لە بەغداڕا هاتبوو دانیشتبووین. هەروا کە قسەمان دەکرد ئەمن گوتم ئێمە خێری وانمان دەوێ، یانی کوردی عێراق. چونکی داوایان لێ دەکردین ئێمە لە قەندیل ڕێگە نەدەین ئەوان بەوێدا بێن و بچن. گوتم شتی وا چۆن دەبێ، ئەگەر ئەوە مافێک بێ مافەکە بەوانە هەتا ئێمە. ڕەنگە حەق بەوان بێ بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن، چونکی ئێرە خاکی ئەوانە، نەک ئێمە داوایەکی ئاوامان لەوان هەبێ.

دوایە کە هاتین بچینە ڕانیە و لەوێ شتەکان تەتبیق بدەین، کاک غەفوور هەمزەیی گوتی: ئەرێ ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی، ئاگات لە زمانی خۆت هەیە؟ گوتم ئا خۆ دەزانی ئەمن مەشرووب ناخۆمەوە و مەست نەبووم. بەڵێ، زۆر چاک دەزانم دەڵێم چی. با ئەوان بزانن کە ئێمە دوژمنی کوردی عێراق نیین، بەڵکوو خێری وانمان دەوێ.

**کوردستان**: مامۆستا وەکوو دوا پرسیار هەربێینەوە سەر باسی زیندانەکەی دۆڵەتوو. چل ساڵەی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لای جەنابت بیرهێنەرەوەی چ شتێکە؟

**وەڵام**: دیسان هەر ئەو دوو شتە وەبیر پیاو دێنێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو دیاردەی شەڕە چەندە زیانبار بووە بۆ بەشەرییەت و، چ جینایەتی گەورەگەورەی لێ دەخوڵقێن و شەڕ چۆن هەموو سنوورەکانی ئەخلاق، دین، سیاسەت

تێدەپەڕێنێ. پاشان شتێکیش زیاد دەبێ ئەوەی کە ئەحمەدی خانی دەیڵێ و ئەمن شێعرەکەی ئەحمەدی خانیم وەک خۆی لەبیر نییە و تەرجەمە موکریانییەکەیم لەبیرە کە دەڵێ:

"یەک هێرشێ بۆ سەر ئی دی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەلالێ خوێنێ"

کوردەکە لەو نێوەدا بەهەر دوو تەرەف لێی دەدرێ. ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە کە لە ڕووداوی زیندانی دۆڵەتوو و دەیان ڕووداوی لەو بابەتە چ لە دیوی ئێران بووبێ چ لە دیوی عێراق بووبێ ، چ لە دیوی تورکیە بووبێ، تەنانەت لە سوورییە بووبێ کە پیاو دەیبینێ.

**کوردستان:** مامۆستا زۆر سپاس لەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە.

**وەڵام:** ئێوەش ساغ و سڵامەت بن.

ڕۆژنامەی ژمارە: ٧٩٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## لە بێدەسەڵاتیم



لەم رێگەیەوە لەدەستدانی هاواڵی خۆشەویستی منداڵیم، هاوڕێی لەمێژینەی حیزبیم و هاوسەنگەری ئەمین و فیداکاری دەورانی پێشمەرگایەتیم و پارێزەی سەری هەموو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ۱۳۵۸ بەملاوە بەتایبەتی یاری وەفادار و غەمخۆرم لە ۲۵ ساڵی ڕابردوودا کاک مستەفای حەکیمزادە (ناسراو بە «حەکیم») ڕادەگەیەنم.

غەمی ئەو کۆستە گەورەیە وای تاساندووم نە زمانم توانای دەربڕینی هەستی دەروونمی هەیە و نە قەڵەمم توانای نووسینی ئەوەی شایانی گیانی نەمری ئەو قارەمانەیە. بۆیە بەداوای لێبووردن لە ڕووحی «حەکیم» و هەموو هاوڕێیانی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی لەم کاتە ناسکەدا جارێ تەنیا ئەو سوپاسنامەیەی بەبۆنەی جێژنی ۷۵ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکێشم کردبوو بڵاو بکەمەوە:

برا و هاوڕێی لەمێژینەم کاک مستەفای حەکیمزادە (حەکیم(

دەگەڵ ڕێز و سڵاوی برایانە

هەرچەند هەردووکی ئێمە بەشی خۆمان عومر کردوە، بەڵام دۆستایەتی و تێکەڵاویی بنەماڵەکانمان زۆر لە تەمەنی خۆمان درێژترە و تەنانەت لە کاری حیزبایەتییشدا چارەنووسمان بە یەکەوە بەستراوە. بابی تۆ و دوو برا گەورەکەی من پێکەوە ئەو شانازییەیان هەبووە کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا ببنە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش ئێوە بە بنەماڵە تێکەڵی حیزبی دێموکڕات بوون و بەتایبەتی بۆخۆت بە حوکمی پاکی و دڵسۆزیت ڕێت کەوتە بەرزترین ئەڵقەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بوویە یەکێک لە پارێزەرانی گیانی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە.

خۆشحاڵم کە ئەمنیش ئەو شانازییەم پێ براوە کە چارەکە سەدەیەکە سەری خۆم بە تۆ سپاردوە و لەو ماوەیەدا هەموو ژیان و ئاسوودەیی خۆت لە پێناوی خزمەتی حیزب و پارێزگاری لە ژیانی مندا وەلا ناوە. دڵسۆزی و دروستکاریی تۆ وای کردوە کە هەموو شارەزایان بە نموونەی تێکۆشەرێکی سادق و شێلگیرت بناسن و ئارەزوو بکەن کە حیزبی دێموکڕات نموونەی تۆی زۆر تێدا هەڵکەون.

دەگەڵ پیرۆزباییم لەو شانازییانەت، سوپاسی هەموو دڵسۆزییەکانت دەکەم و بەئاواتم کە هەر ساغ و سڵامەت و سەرکەوتوو بی.

برا و دڵسۆزت عەبدوڵڵای حەسەنزادە

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩، یووبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکڕات

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## سوپاس بۆ هەمووان.



لەنێو پێشمەرگەدا ببووە نموونەی ڕاستی و پاکی
لە ڕێی ئامانجی خەڵکی خۆی لە مردن قەت نەبوو باکی
بەدڵ دەمویست ئەمن بمرم «حەکیم» بگری لەسەر خاکم
قەدەر وا بوو «حەکیم» بڕوا، ئەمن بگریم لەسەر خاکی
عەبدوڵڵا حەسەن زادە

پێنج ڕۆژە ڕۆڵەی تێکۆشەری دێموکڕات، هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و قاڵبووی نێوجەرگەی سەدان کارەسات کاک مستەفای حەکیمزادە «حەکیم» بە دنیایەک ئاواتی بەدی نەهاتووەوە کۆڕی یارانی بەرەو جیهانی نەمری بەجێ هێشتوە و دنیایەک شانازی بۆخۆی و بنەماڵە سەربەرزەکەی تۆمار کردوە و دەریایەک داخ و کەسەری بە ئۆگران و نیزیکانی چێشتوە. وەک هاوسەنگەری بەئەمەگی، حەمەڕەسووڵ کەریمی لەسەر گڵکۆکەی گوتی «حەکیم» هی هەمووان بوو هی خۆی نەبێ و بۆ هەمووان بوو بۆخۆی نەبێ. بۆیە بەهەق هەموو بۆی غەمناک بوون و بە ڕێگای جۆراوجۆردا بەداخبوونی خۆیان بۆ لەدەستدانی ئەو سەرمایە بەنرخە دەربڕی.

مەرگی «حەکیم» خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵات و داخێکی گران لەسەر دڵی هەزاران هاوڕێ و هەڤاڵ و هاوسەنگەر و هاوشار و هاونیشتمانی بوو، داخێک کە بە جوانترین وشەکان و

بەسۆزترین وتەکان لە سەدان و هەزاران نووسینی نەمر و دەربڕینی هەستبزوێندا نیشان درا و کەوتە سەر دەفتەری یادگاری.

لەونێوەدا بەحوکمی تێکەڵاویی بنەماڵەیی، بەهۆی هەڤاڵێنیی سەردەمی پاکی منداڵی، بەخاتری پتر لە چل ساڵ هاوڕێیەتی لە جەرگەی خەباتێکی سەخت و پڕهەورازونشێودا و لەهەمووان پتر لەبەر پتر لە چارەکە سەدەیەک ژیان بۆ یەک و لەپەنای یەک هەم خەسارەکەی بۆ من لە هەمووان بەژانتر بوو، هەم پەژارەکەی لەسەر دڵ گرانتر بوو. ئەمەش شتێک نەبوو هەر ئەم دووە بۆخۆمان بیزانین. هەموو ئازیزان لەو ڕاستییە ئاگادار بوون و دەیانزانی کە «ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا». بەهەق حەکیم ببووە بەشێک لە من و ناسنامەی من. لە هەرکوێ حەکیمیان دیتبایە چاوەڕێی دیتنی من بوون و ئەمن لە هەرکوێ دیار بایەم چاویان بۆ حەکیم دەگێڕا.

هەربۆیە بەشێکی زۆری ئەو هاودەردییانەی بۆ مەرگی ئەو گەورەخەباتگێڕە دەربڕان ڕوویان دەمن بوو، بەجۆرێک کە بوونە مایەی سێبووری و هەرلەوکاتەدا شانازیم. هەر پاش ئەو کۆستە، ڕاگەیاندنێکی کرچوکاڵم لەسەر کۆچی دوایی ئەو ئازیزە لە پەیجی خۆم بڵاو کردەوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان هەزار جار سەردانی کراوە و سەدان کۆمێنتی بۆ هاتووە. سەرباری ئەوانە هەر نەبێ هەزار کەس لە سەروەران و خێرخوازانم لە ڕێگای تەلەفون و کورتەپەیامەوە بەسەریان کردوومەوە و دڵخۆشییان داومەوە. ئەگەر بە خاڵی لاوازیشم لەسەر بنووسن بەڕاشکاوی دەڵێم ئەو شەپۆلە هاودەردییە نەبایە پشتم لەژێر باری ئەو غەمەدا دەچەمی.

زۆر ناخۆش و تەنانەت خەجاڵەتبارییە کە ناکرێ بەوردی و ڕاستەوخۆ یەکبەیەکی ئەو گەورەیی و هاوخەمییانە وەڵام بدەمەوە و پاداشێکی چووکی ئەو سەروەرییانە ئەدا بکەمەوە. بۆیە بە ناچاری و بە داوای لێبووردنەوە لێرەدا سوپاس و پێزانینیان پێشکێش دەکەم و لە خوای گەورە دەخوازم لە جیاتی من پاداشیان بداتەوە و لە دەردوبەڵا دووریان بخاتەوە. ڕووحی «حەکیمی دەردان» شاد، ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار و ئازیزانی سڵامەت بن و سێبووری بۆ هەمووان.

عبدالله حسن‌زاده

٢٠ - ٢ - ١٤٠٠ = ١٠ - ٥ - ٢٠٢١

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٢١

# ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان"

**خوێنەرە بەڕێزەکان!**

ئەوە ژمارە (٨٠٠) ی «کوردستان»تان لەبەردەستدایە. ژمارەی (٨٠٠) یەکێک لەو ژمارانەیە کە لە سوننەتی ڕۆژنامەنووسیدا بە سەرفەسڵی ژیان و تەمەنی هەر بڵاوکراوەیەک دەژمێردرێن. بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کەمتر لە سێ ساڵ وەخت پێویستە بۆ ئەوەی جێژنی دەرچوونی ژمارە (٨٠٠)ی خۆی بگرێ. بۆ بڵاوکراوەیەکی حەوتوویی دەوری ١٦ ساڵ و بۆ بڵاوکراوەیەکی نیومانگی کەمێک زیاتر لە ٣٣ ساڵ پێویستە تا ژمارە (٨٠٠)ی دەرچێ و بگاتە دەستی خوێنەرانی. کەچی کوردستانی ئێمە زۆر لە هەمووی ئەوانە زیاتری پێ چووە بۆ ئەوەی ژمارە (٨٠٠)ی دەربچێ. یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩دا بڵاو کراوەتەوە. بەو پێیە پتر لە ٥٠ ساڵی ویستووە هەتا "کوردستان"ی ژمارە (٨٠٠) دەربچێ و بێتە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست. ئەوە نیشان دەدا کە "کوردستان" لەگەڵ زۆر کەندوکۆسپی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕووبەڕوو بووە و تەنانەت ئەو گومانەش پێک دێنێ کە "کوردستان" جارێک یان چەند جار بۆ ماوەیەک "داخرابێ" و بڵاوبوونەوەی "قەدەغە" کرابێ. «کوردستان»ی ئەم دەورەیە لە جێدا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بووە و لە ژمارە ٢٨٩ (ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی)یشەوە بۆتە نیومانگی.

با ئەوەش بڵێین کە بۆ "کوردستان"ە خۆشەویستەکەی ئێمە هیچ کات مەسەلەی ئازادبوون و داخران لە گۆڕێدا نەبووە و جگە لە چەند مانگی پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا کە وەک زۆر بڵاوکراوەی دیکە بە زۆر ئازادیی خۆی وەرگرتبوو، هەموو کاتێک قەدەغە بووە و بە نهێنی دەرچووە. بەڵام بزانین بۆچی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" وا بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ چووەتە پێش،لە حاڵێکدا وەک دەزانین لە ماوەی ئەو ٥٠ ساڵەدا هیچ وەخت کوردستان لە بڵاوبوونەوە نەوێستاوە.

چارەنووسی "کوردستان" وەک ئۆرگان لە سەرەتای دەرچوونیەوە (١٣٢٤ی هەتاوی) بە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستراوە. ئەگەر ئاورێک وەسەر هەموو مێژووی "کوردستان" بدەینەوە دەبینین ئەو کاتە کە خەباتی حیزبەکەمان لە گەشەکردن و بەرەوپێشچووندایە، "کوردستان"یش لە ماوەی چەند مانگ تەمەنی "کۆماری کوردستان"دا ١١٣ ژمارەی لێ دەردەچێ. پاشان کە کۆماری کوردستان بە پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تێک دەڕووخێ و حیزبەکەمان بۆ ماوەیەک تێکۆشانی سیاسیی نامێنێ، "کوردستان"یش بە ناچار لە بڵاوبوونەوە دەوێستێ. کاتێک حیزبی

دێموکراتی کوردستان دەبووژێتەوە و کادرەکانی حیزب لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا کاری سیاسیی خۆیان دەست پێدەکەنەوە، "کوردستان" وەک ڕۆژنامەی حیزب لە غەریبایەتیدا بڵاو دەکرێتەوە و لە ماوەی نیزیک بە ١٤ ساڵدا سەدان ژمارەی لێ بڵاو دەبێتەوە. بە کورتی چارەنووسی "کوردستان" لەگەڵ چارەنووسی حیزبی دێموکڕات لێک گرێ دراوە و "کوردستان" هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی سیاسیی حیزبەکەمان بووە.

هەر تەماشایەکی ئەم دەورەیەی "کوردستان" بکەین کە ئێستا ژمارە (٨٠٠)ی بڵاو دەبێتەوە، شکڵ و فۆڕمەکەی پێمان دەڵێ بە چەند قۆناخدا تێپەڕیوە و چەندی کەندوکۆسپ و کەندولەند و هەورازونشێو دیوە. هەرچەند ژمارە و قەوارەیەک، قەوارەی گەورەی چاپی، قەوارەی چووکی چاپی بە ئۆفسێت، قەوارەی گەورە بە پۆلیکۆپی؛ جارێک چوار لاپەڕە، جارێک شەش، جارێک بیست و جارێک...هەتا شەست لاپەرە، هێندێک بە کوردی و هێندێک بە کوردی و فارسی و زۆر جیاوازیی دیکەش.

ئەمانە هەموویان مێژووی خەباتی حیزبەکەمان و "کوردستان"ەکەمان و بەڵگەی زیندووی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئۆرگانەکەمانن. بەڵام با ئێمەش وەک هاودەم و هاوڕازی "کوردستان" بەڕە لەسەر هەتیوان هەڵدەینەوە و هێندێک لایەنی ژیانی ئۆرگانی حیزبەکەمان بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەینەوە:

یەکەم ژمارەکانی لە غەریبایەتی دەرچوون. لەگەڵ ئەوەی لە دووره وڵات دەژیا، بەڵام بەحەق ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. دەتوانین بڵێین تا ماوەیەکی زۆر بە ڕێکوپێکی دەرچوو. بەڵام لە بەختی کورد هێلانەی لێ شێوا و لە دەربەدەرییشدا تووشی دەربەدەری بوو. ڕەنگە زۆر سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام ژمارەی ئەوتۆی "کوردستان"مان پێ شک دێ کە سێ چوار پایتەختی بێگانەی پشکنیون هەتا جێگایەکی دەست کەوتووە لێی چاپ بکرێ.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبەکەمان بۆ چەند مانگ لەو ئازادییە کە بە قیمەتی خوێن و فرمێسک وەدەست هاتبوو کەلکی وەرگرت و بە ئاشکرا دەستی بە خەباتی سیاسیی خۆی کرد. "کوردستان"یش هەر لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و چەند ژمارەیەکی بە چاپی ئۆفسێت و بە ئاشکرا لە دەیان هەزار نوسخەدا بڵاو کردەوە. بەڵام کە هێرشی بێ پەردەی ڕێژیمی خومەینی بۆ سەر هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان دەستی پێکرا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناچار دەستی دایە چەک و «لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت» و "کوردستان"یش وەک یاریکی بەوەفای حیزب کەوتە شاخ و لە خانووی قوڕماوی و ئەشکەوتی برشاویدا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. لەوساوەش تا ئێستا ژیانی لەگەڵ ژیانی حیزبەکەمان تێکەڵە و لە تاڵی و شیرینی و سەرکەوتن و تێشکانیدا شەریکە.

ئەوەی گرینگە " کوردستان" ڕۆژنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا زمانحاڵی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. "کوردستان" ئەو (٨٠٠) ژمارەیەی بە چەندین ساڵ و لە چەند شکڵی جۆراوجۆردا لێدەرچووە. بەڵام بە شاهیدی دۆست و دوژمن و بەتایبەتی خوێنەرە بەڕێزەکانی هەموو کاتێک مینبەری ئازادی خەڵکی کوردستانی ئێران بووە و ویستەکانی ئەوانی بە ڕوونی هێناوەتە گۆڕێ.

"کوردستان" هەموو شتێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچێ و شتێکی زۆریش سروشتییە. ئەو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە و ئەرک و سەڵاحییەتی خۆیەتی کە ئاوێنەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانیدا بێ. "کوردستان"یش هەروەک حیزبەکەمان:

- سەربەخۆیە. لە سیاسەت و ڕێباز و بۆچوون و لێکدانەوەدا، تەنیا شتێک کە دارولەلە بۆ "کوردستان" دادەنێ قازانج و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هیچ هێزێک شتی پێ دیکتە ناکا و خەت و ڕێبازی نیشان نادا. لاپەڕەکانی (٨٠٠)ی ژمارەی "کوردستان" شاهیدێکی زیندووی ئەو ڕاستییەن کە ئۆرگانی حیزبەکەمان هەرگیز لە کێشە و ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکان و قودرەتە جیهانییەکاندا دەرگیر نەبووە و بە هیچ نرخێک سەربەخۆیی ڕێبازی خۆی لە دەست نەداوە.

- ڕاستگۆیە. ڕەنگە زۆر جار "کوردستان" بە سەڵاحی نەزانیبێ هەموو حەقیقەتێک بخاتە پێش چاوی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ ماوەیەک هێندێ شتی لە دڵی خۆیدا ڕاگرتبێ، بەڵام هیچ کاتێک درۆی لەگەڵ خەڵک نەکردووە و شتی پێچەوانەی حەقیقەتی پێ نەگوتوون. هەربۆیەش "کوردستان" جێگای متمانەی خەڵکی کوردستانە و ئەوان نووسراوەکانی لەبارەی هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و...وە بە سەنەد و بەڵگە دادەنێن.

- پێشکەوتوویە. دژی هەموو بیروباوەڕێکی دواکەوتووانەی سیاسی خەبات دەکا. بۆ بەرپابوونی ئاڵوگۆڕێکی قووڵی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی کۆنەپەرستترین توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێتە دەرێ و بدرێتە دەستی ئەو چین و توێژانە کە لایەنگری ئازادی و بەرامبەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین.

- هەر لە بەر ئەوانەی سەرەوەش خۆشەویستە. "کوردستان" جێگای خۆی لە دڵی خوێنەرانی کوردا کردووەتەوە. وەک بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ، ڕاستگۆ و پێشکەوتنخواز ناسراوە و خوێنەرانی هەموو کاتێک چاوەڕوانی ژمارە تازەکانی دەکەن.
- خۆش ئەوەیە جگە لە هەمووی ئەمانە لە شتێکی دیکەشدا چارەنووسی "کوردستان" وەک چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەر وەک دەزانین حیزبەکەمان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیدا چەند جار تووشی لەتبوون و دوودەستەیی

هـاتوە و قوتابیـانی یەک مەدرەسـە و ڕێبـوارانی یەک ڕێبـاز لە دووسـەنگەردا و تەنـانەت (بەداخەوە) لە سـەنگەری دژ بەیەکیشدا تێکۆشاون.

بۆ "کوردستان"یش ڕێ کەوتوە کە بۆ ماوەی چەند ساڵ بە دوو جێگا و کەموزۆر بە دوو زمانی سیاسی (و دیسان بەداخەوە) تەنانەت دژ بەیەک بڵاو بۆتەوە و زۆرجار داخوکەسەر و تەنـانەت تـووڕەیی و نـاڕەزایەتیی خەڵکی کوردستانی بـۆڵای خـۆی ڕاکێشاوە. لەوەش گەڕێ کە برێکجار لە خۆشەویستیی ئەم ناوە بۆ شیرینکردنی بڵاوکراوەی ناحیزبی کەلک وەرگیـراوە. هەر ئێستا کە ژمارە (٨٠٠)ی «کوردستان» بڵاو دەبێتەوە بۆ ١٥ ساڵ دەچێ کە هەم حیزبی دێموکڕات دوو حیزبە و هەم ئۆرگـانە ناسراوەکەی بە دوو جێگا دەردەچێ، شتێک کە هیچکات بە دڵی خەڵکی دێموکڕاتپەروەری کوردستان نەبـووە و نییە و نـابێ. زۆر خۆشە کە ئەم بەینانە هەوڵێکی بەردەوام بـۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکـانی حیزبـی دێموکڕات لەئـارادایە و هەموو دڵسۆزان ئـارەزووی سـەرکەوتنی بـۆ دەکەن. سروشـتییە کە بە «وەسـەریەککەوتـنەوەی بنەمـاڵەی گەورەی حیزبـی دێمـوکڕات»، «کوردستان»یش دەبێتەوە یەک و هەردووک لا دەبنەوە خۆشەویستە تاقانەکەی ساڵی ساڵان.

ئێستا گەلەکەمان و حیزبەکەمان یەکێک لە ناسکترین قۆناخەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕزگـاریخوازانەی خۆیـان بەڕێ دەکەن و "کوردستان"یش وەک زمانی حاڵی حیزبی دێموکرات و ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە سەنگەری دیفـاع لە ئازادیدا دەردەچێ، هەروا خۆشەویستە، هەروا سەربەخۆیە، هەروا ڕاستگۆیە و هەروا جێگـای بـڕوای خەڵکی حەقخوازی کوردستانە.

هیوادارین "کوردستان لە داهاتووشدا هەروا و باشتر لە جارانیش درێژە بە تێکۆشـانی خـۆی بـدا و هەروەک هەمیشە چـرای ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بـێ. ئارەزوومـان ئەوەیە لە دوارۆژێکی نیزیکدا کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران جێگـای خـۆی بـدا بە ڕێژیمێکـی دێمـوکراتی و گەلـی، حیزبـی دێمـوکرات بە یەکڕیـزی تێکۆشـانی ئاشکرای خـۆی لە ئێرانێکی فیدراڵ و کوردستانێکی خودموختاردا دەست پێ بکاتەوە و "کوردستان"یش لە فەزایەکی ئـازاددا وەک بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە لە دەیان هەزار نوسخەدا بڵاو بێتەوە.

***

تێبینـی: ئەم وتـارە کـاتی خـۆی بـۆ ژمـارە (١٠٠)ی «کوردسـتان» نووسـراوە و بە هێنـدێک دەسکارییەوە فارسی گـوتەنی: «بروز» کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## بۆ کاک مووسا بابەخانی



ئەمڕۆ شەممە ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی ڕێکەوتی ٧ی ئووتی ٢٠٢١ی زایینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێکی کورت ئاشکرای کرد کە ئەندامی لاو و بەوەجی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کاک مووسا بابەخانی ڕۆژی پێنجشەممەی رابردوو لەلایەن دوو تێرۆریستی سەر بەکۆماری ئیسلامییەوە ڕفێندراوە و دوای دوو ڕۆژ بێسەروشوێنبوون تەرمی بێگیانی لە هۆتێلێکی شاری هەولێر دۆزراوەتەوە کە شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی زۆر بە لەشیەوە دیار بووە.

هەروەک لە ڕاگەیەندراوی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتدا هاتوە مووسای جوانەمەرگ لاوێکی چل ساڵە بوو کە ٢٢ ساڵ لە گرانقیمەتترین ساتەکانی ژیانی لە پێناوی خەبات بۆ مافە ڕەواکانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان و لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەخت کردبوو. ڕادەی ئاگایی و وشیاریی مووسا بە هیچجۆر دەگەڵ ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی بەراورد نەدەکرا. چونکە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیانی پێشمەرگایەتییەوە بە ئۆگرییەکی کەم وێنەوە خەریکی خۆپێگەیاندن و بردنەسەری زانیاریی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆی بوو و بەحەق یەکێک لە ئاگاترین ڕێبەرانی لاوی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات بوو کە ئومێدی پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری لێدەکرا.

بۆیە لەدەستدانی کادرێکی وەک مووسای بابەخانی بۆ حیزبە خۆشەویستەکەی بە خەسارێکی گرنگ دادەنرێ و بەڕاستی کەلێنێکی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی دژوارە. لەکاتێکدا پڕبەدڵ بۆ لەدەستچوونی ئەو هاوڕێ خۆشەویست و

لێوەشاوەیەم بە پەرۆشم، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە کۆستکەوتووەکەی، لە ڕێبەرایەتی و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات و بەتایبەتی هاوڕێ و هاوکارە نیزیکەکانی و لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و دەگەڵ شەرمەزارکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە ئاواتەخوازم دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە زوویی تاوانبارەکان کە وادیارە ناسینیان زۆریش دژوار نیە، بدۆزنەوە و بیاندەنە دەستی عەداڵەت. ڕووحی تازەترین قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، شەهید مووسا بابەخانی شاد و سەرکەوتن بۆ ئامانجە ڕەواکانی .


تێرۆری کاک مووسا دەگەڵ هەموو تاڵییەکەیدا بەئاشکرا هەڵگری پەیامێکی گرنگ و ڕاشکاوانە بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات و هەموو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەلاتە. ئەویش ئەوەیە کە شەپۆلێکی تازە لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی ئازادیخوازانی کورد بەڕێوەیە و ئەم تێرۆرە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەیەکە کە ئەگەر هەموولا تاکتاک و بە کۆمەڵ بەرنامە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو نەخشە دژی ئینسانییە دانەنێن دەتوانێ سیناریۆیەکەی سالانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویمان لێ نوێ بێتەوە .

عەبدوڵڵا حەسەنزادە

١٦ - ٥ - ١٤٠٠

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ - ٨ - ٢٠٢١

## ئەو "هەژار"ەی من ناسیومە



(بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)

**ئەم کاتە باش!**

داوام لێکرا لە بەرنامەی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی هەژاردا بەشدار بم و بابەتێک پێشکێش بکەم. ئەوەی ڕاست بێ لەبەرم گران بوو، چونکە چەند ساڵێکە خۆم لە هەرجۆرە دەرکەوتنێکی دەنگی و ڕەنگی بواردوە و پێموایە نۆرەی بەرەی دوای منە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ هەژار و ڕێزم بۆ پێداگرتنی ئەوانەی داواکەیان لێکردم، ڕۆژووەکەی پێ شکاندم و ئەوە نەک بە لێکۆڵینەوە بەڵکوو بە هێندێ بیرەوەری و بۆچوونی خۆم لەسەر هەژار بەشدارییەکی هەژارانە دەکەم:

هیوادارم بە بێئەدەبی دانەنرێ کە بێ دانانی هیچ ناسناوێک ناوی ئەو کەسایەتییە گەورە ئەدەبییە دێنم. چونکە پێموایە ئەو جۆرە کەسانە لەوە گەورەترن بە لەقەب و عینوان گەورە بکرێن.

**گۆران بۆ مەرگی فایق بێکەسی شاعیر دەڵێ:**

"ئەی فریشتەی شێعری جوان!
کۆستی کەوتووی هەردووکمان

بۆ ئەمجارە بێکەسە
کە گوتمان بێکەس بەسە".
هێدی بۆ مەرگی هێمن دەڵێ:

"ئێوەش مەڵێن هێمن شێری پرچن بوو
هێمن هێندەی بەسە بڵێن هێمن بوو".

هێمنیش دەڵێ: "ئەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە دارێژێ
دەنا ئێستاش لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر"
یان: "من تەشی‌ڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە؟
کیژی ئازای چاوکراوەی فێرەزانینم دەوێ."

دەستخۆشیم بۆ ڕێکخراوی جیهانیی کورد و ئاکادێمیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (ناوەندی مێراو) کە ئەم دەرفەتەیان ڕەخساندوە، سڵاو بۆ هەموو بینەران و بیسەرانی ئەم بەرنامەیە و سڵاوێکی گەرم بۆ کۆڕگێڕانی ئەم یادە، بەڕێزان مامۆستا ماجید مەردۆخ ڕووحانی یار و هاوکاری وەفاداری هەژار لە دەیەکانی کۆتایی تەمەنی‌دا، ئەدیب و توێژەری وردبین مامۆستا عەبدولخالق یەعقووبی و ڕووناکبیری تیژهۆش کاک ناسر باباخانی و ئەوپەڕی خۆشەویستیشم بۆ کاک خانیی شەرەفکەندی کوڕی چووکە بەڵام غەمخۆری گەورەی هەژاری ئەمر.

وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی هەژار بۆ مامۆستاکان بەجێ دێڵم، چونکە کورد دەڵێ: "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب" و لەسەر ئیزنی هەمووان ئەمن باسی هەژار بەو جۆرەی ناسیومە، دەکەم:

پێش هەموو شتێک ئەوە دەڵێم کە هەژار پیاوێکی سادە و گەرم و خۆمانە بوو و لە هێندێ خۆشیرینی و ئەوەی پێی دەڵێن تەعاروف یان موجامەلە بەدوور بوو. باسی یەکەم دیدارمان دەگێڕمەوە: لەمێژ بوو ئەمن دووراودوور هەژارم دەناسی و تامەزرۆی دیتنی بووم، باسی منیشیان لای وی کردبوو کە مرید و موخلیسی ویم و زۆر لە شێعرەکانیم لەبەرن. ئاخرەکەی ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨) دەرفەتم بۆ ڕەخسا و دەگەڵ هاوڕێیەکم -کاک ئەمیری قازی- لە گوندی سوورەبانی باڵەکایەتی چوومە خزمەتی. هاوین و گەرما بوو. کە چووین لەبن کەپرێک لەسەر گازی پشتێ ڕاکشابوو و ئێخەی کراسەکەی کردبۆوە. سڵاومان کرد، لەجیاتی وەڵام و بەخێرهێنان بە کاک ئەمیری گوت: "هاتی؟"، گوتی "هاتم"، گوتی "چاکت کرد". کاک ئەمیر گوتی

"ئەوەش فڵانکەسە"، گوتی "هەوە؟". تەواوێک ترسام کە نەکا حەز لە چارەی من نەکا! دوای یەک دوو دەقیقە هەستا دانیشت و گوتی "ئێ!". ئیدی وەک چەند ساڵ بێ یەکتر بناسین خۆمانە لەگەڵم دوا و لە نیگەرانی دەرهاتم.

پێویستیی بە گوتن نییە کە هەژار زمانزانێکی گەورە بوو. لانی کەم ئەوەندەی بۆخۆم بزانم، هیچ زمانزانێکی کورد ئەوەندە شارەزای شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی نەبووە. دەربەدەری و ئاوارەیی و گەڕان بە مەڵبەندە زمانییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا و ژیان لە نێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵی کوردەواری ئەو دەرەتانەی بۆ هەژار پێکهێنابوو یان بڵێین ئەوی ناچار کردبوو زوربەی ڕاوێژەکان تێبگا و تەنانەت قسەشیان پێبکا. هەر بۆیە، فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"ی هەژار دەگەڵ ئەوەی لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە ڕەخنەی بەجێی لێگیراوە تا ئێرە بە دەوڵەمەندترین "وشەدان"ی کوردی دەژمێردرێ و بۆ ئەو دەزگا ئەکادیمیانەی لە دواڕۆژدا مشوور لە دانانی فەرهەنگێکی سەردەمییانەی زمانی کوردی دەخۆن سەرچاوەیەکی بەپیت و بەرەکەتە.

ئەگەر بێینە سەر باسی شێعر، ڕەنگە واقیعبینانە بڵێین لە باری سەنعەتی شێعرەوە هەژار لە ڕیزی یەکەمەکاندا دانانرێ و هەر لە بنەوپاڵی خۆی دەکەوێتە دوای هێمن. بەڵام هەژار و شێعری هەژار بە هێندێ تایبەتمەندی دەناسرێنەوە کە دەیانکەنە شێعر و شاعیری هەراوترین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بزانین چۆن:

شێعری هەژار بە زمانێکی خەڵکی و ئەوەندە ڕێک و ڕەوان نووسراوە کە تەنانەت کەسانی کەمسەواد و تەنانەت نەخوێندەواریش بەئاسانی لێی حاڵی دەبن و بگرە لەبەریشی دەکەن. لەوە گرنگتر، هەژار قسەی دڵی خەڵک دەکا و بێ سانسۆر و ڕووتووش نیازی چەوساوەترین توێژەکانی کۆمەڵ دەردەبڕێ. قەت لەبیرم ناچێ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستاندا (١٩٦١ تا ١٩٧٠) هەروەخت شێعرەکانی هەژار بە دەنگە ڕەوان و زوڵاڵەکەی خۆی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراقەوە بڵاو دەکرانەوە خەڵک بە تامەزرۆیی لە دەوری ڕادیۆکان کۆ دەبوونەوە و بێ ئەوەی متەقیان لێوە بێ گوێیان بۆ دەگرت و دەگەڵ هەر بابەتێکی دەریدەبڕی هەنیسکیان دەدا و دەمیان پێ دادەپچڕا و بەئاشکرا دیار بوو کە قسەی دڵی خۆیان لە زمانی هەژارەوە گوێ لێبووە و دەڵێن ئەمە ئەو داخەیە کە لەمێژە پێوەی دەناڵێنم و نەمزانیوە دەریببڕم.

هەژار شێعری بۆخۆی و بۆ بیروباوەڕی خۆی دەنووسی و قەت نەبوو بە ڕاسپاردە و بۆ ڕازیکردنی ئەم و ئەو شێعر دابنێ. لەوانەیە یەکێک بڵێ ئەدی ئەو هەموو شێعرە چ بوو بە ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانیی هەڵدەگوت. لەوبارەیەوە ڕەنگە ئەمنیش تێبینیم لەسەر نێوەرۆکی شێعرێکی بووبێ، بەڵام بە دڵنیایی دەڵێم ئەو شێعرانەشی لە ناخی باوەڕەوە گوتوون و

کەس پێی دیکتە نەکردوون. لەبیرمە پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە چۆمانی ناوچەی باڵەکایەتی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەناوی جەژنەکانی ئادار و نەورۆز بەڕێوە چوو. ڕێکخەرانی ڕێوڕەسمەکە چەند جار چوونە لای هەژار داوایان لێکرد شێعرێک بنووسێ و لە جەژنەکەدا بیخوێنێتەوە، قبووڵی نەکرد و گوتی ئەمن شێعر بە ڕاسپاردە ناڵێم و شێعرێکیشم بەو بۆنەیەوە بۆ نەهاتوە. ئاخرەکەی چوون داوایان لە هێمن کرد کە شێعرێکی زۆر جوانی بەو بۆنەیەوە نووسی:

"لەو دەمەیڕا کە کاوە کوتکی وەشاند
مێشکی زووحاکی کوردکوژی پرژاند

گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا
چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا
------
بە دەهۆی دوژمنان گەلێ ساڵ بوو
جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو

نەتەوی خاکی گرت و مڵکی بڕی
هەرکەسێ هات بەشێکی لێ‌پچڕی
--------
ڕاپەڕی کاوەییێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی وریاتر

مەزنی ئەم کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی

ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری

کوڕی دڵسۆزی کورد و شێری نەبەرد
دەستی دایە تفەنگ و چۆ بن بەرد

شۆڕشێکی بەهێزی بەرپا کرد

سەد زوحاکی لە ناخی ڕەشڕا کرد

-------

ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی

نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی

ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران

لە دڵی گەرمی میللەتا نێژران

--------

جێی باسە کە هەژار هەرگیز دانی بە ڕێککەوتنی ئاداردا نەنا و هەر پێی وابوو کورد کڵاوی چۆتە سەر. تەنانەت شێعرێکی توندیشی بە دژی ئەو بەرپرسانە نووسی کە پاش ڕێککەوتنی ئادار چوونەوە شار و پلەوپایەی دەوڵەتییان وەرگرت. بێسوود نابێ چەند چوارینەیەکی لێرەدا بێنینەوە. دیارە شێعرەکەی لە زمانی پێشمەرگە و ڕەشڕووتانەوە نووسیوە:

مامە گیان سڵاوی بۆندار

پیرۆز بێ قەنەفە و کورسی

گەر لە بچووکی خۆت دەپرسی

ماوم بەڵام بە لارەلار

مامە گیان ئەوکات لە چیا

پێکەوە دەژیاین لە ئەشکەوت

ڕانک شڕۆڵ و کڵاش چەوت

لە هیچ شتێک لێک نەبووین جیا

بەناو ئازادیمان وەرگرت

تۆ هاتیە شار و ئەفەندیت

کەس نازانێ چۆنی و چەندیت

**خانووی شەش حەو قاتت سەر گرت**

---------

ئەگەر باس لە کاری وەرگێڕانی هەژار بێ، دەزانین کە جگە لەوەی هەر نەبێ سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیی بە وردەکارییەوە دەزانین، توانایەکی گەورەشی لە هونەری وەرگێڕاندا هەبوو. ئەو زۆر بابەتی جۆربەجۆری وەرگێڕاون، شێعر، مێژوو، پزیشکی و فکری و ئایینی و تەنانەت قورئان. ئێستاشی لەگەڵ بێ پێم‌وایە نەدەبوو قورئان تەرجەمە بکا چونکە لەجێدا قورئان دەبێ تەفسیر بکرێ نەک تەرجەمە و جگە لەوەش عەرەبی‌زانین بۆ تەرجەمە و تەفسیری قورئان بەس نییە. بەوحاڵەش ئەگەر بەراوردی دەقەکان بکەین دەبینین کە وەرگێڕانەکەی هەژار بۆ قورئانی پیرۆز لە وەرگێڕانەکانی دیکە ڕەوانتر و سەحەتسووکترە. خۆ "قانوون"ەکەی هەر بەڕاستی کاری فەرهادی بوو. سەدان ساڵ بوو نە هیچ فارسێک ئەوەندەی عەرەبی زانیبوو نە هیچ عەرەبێک ئەوەندە فارسی زانیبوو کە بوێرن قەرە لە قەرەی وەرگێڕانی قانوونی ئیبنی سینا بدەن، بەڵام هەژاری کورد دەگژیڕاچوو و بەچۆکیدا هێنا.

ڕەخنە لە وەرگێڕانی هەژار دەگیرێ کە وەرگێڕانێکی "ئەمین" نییە و تاڕادەیەکیش بەجێیە. بەڵام ئەگەر بۆ وەرگێڕانی هێندێ دەقی وەک مێژوو ئەم ڕەخنەیە لەجێی خۆیدا بێ، بۆ وەرگێڕانی شێعر بەپێچەوانەیە. لەوە گەڕێ کە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەموو دەقێک دەشێوێنێ، وەرگێڕانی شێعر بە دەقاودەق هەر مومکین نییە و ڕوحی شێعر دەفەوتێنێ. شێعر دەبێ پەیامەکەی وەربگیرێ یان وەربگێڕدرێ. لەو بارەیەشەوە وا دەزانم کە هەموو کارەکانی سەرکەوتوون. هەرچەند هەژار لەبارەی خانییەوە بەحەق دەڵێ "ئەو باغی گوڵان و من بژارم/ بیر لەو دەکەم و دەڵێم هەژارم"، ئەمن پێم‌وایە ئەگەر خانی مەم‌وزینی هەژاری دیتبایە دەستخۆشیی لێدەکرد و ئەگەر خەییامیش چوارینەکانی هەژاری دیتبان ئافەرینی پێدەگوت، چونکە لە هەردووکیاندا لەباری شکڵەوە کێشەکەی پاراستوە و لەباری نێوەرۆکەوە پەیامەکەی گەیاندوە.

حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە هەژار هەم مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆش‌مەشرەف بوو، هەم چەندی بتەوێ ئازا و بەجەرگ بوو. سێکوچکەی هەژار و هێمن و خالیداغا (ئەودەم پێیان نەدەگوت هێدی) بەڕاستی لەو هەلومەرجە سەختە و لەژێر ڕەهێڵەی تۆپباران و بۆمباراندا فەزایەکی پێکهێنابوو کە هەرخۆش بوو بەختت یار بێ و لە نێویدا بژی. قسەی خۆش و گێڕانەوەی بیرەوەریی تاڵ و شیرین بەجێی خۆی، وەردەگەڕانە گۆڕین و یاریکردن بە شێعرەکانی یەکتر و چیی بە خەیاڵیاندا هاتبا هەڵیاندەڕشت. هێمن شێعرێکی هەبوو بە ناوی "ڕەق هەڵاتم" کە باسی ڕاکردن لە ئێران و پەنابردن بۆ نێو شۆڕشی کوردی دەکرد. هەژار تەخمیسی کردبوو بەڵام ناوی نابوو "تەخبیس(پیس‌کردن)"ی ئاغای هەژار لەسەر شێعری ئاغای هێمن"، هەر شیرن بوو گوێت لێبێ و چێژی لێوەرگری. حەیف کە بوار نیە هێندێکیان لێ بێنینەوە.

هەژار هیچوەخت لەکاتی بۆردوومانێدا نەدەچووە پەناگە و کونەتەیارە. چادری وی و خالیداغا لە "ناوپردانان" لێک نزیک بوون. ڕۆژێکیان پێکەوە یاری تاوڵە دەکەن کە فڕۆکە دێن و بەخەستی بۆمباران دەکەن، خالیداغا دەچێتە کونەتەیارەیەک کە هەر لە پەنای خێوەتەکانیان بوو. دوای تەواوبوونی بۆمبارانەکە دەچن بانگی دەکەنەوە و دەڵێن بۆمباران تەواو بوو. هەژار دەڵێ کورە لێیگەڕێن خۆ لەبەر بۆمباران نەڕۆیشتوە، تاوڵەکەی دۆڕاندوە بۆیە هەڵاتوە.


بۆ ئەوەی بە واقیعبینییەوە لە هەژار دوابم ئەوەش زیاد دەکەم کە لە هێندێ بارەوە جێی گلەیی بوو. بۆ وێنە لەگەڵ جیابیرانی (سیاسی یان ئەدەبی) زۆر بێبەزەیی و کەم ئەهلی مودارا بوو، کەمتر ئامادە بوو بۆچوونەکانی موناقەشە بکرێن و بە حەق و ناحەق زۆر لەسەر ڕایەکانی موکوڕ و پێداگر بوو. ئاخر شتیشم ئەوەیە کە لە چێشتی مجێوردا بێبەزەییانە لە هێندێ کەس و بابەت دواوە. کاک خانی لەبیریەتی کە پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە داوام لەو کرد وەک میراتگری مام هەژار هێندێ شت دەرهاوێ یان دەسکاری بکا. بەڵام وەڵامی دامەوە کە "ئەمن کتێبی بابم چاپ دەکەم و کتێبی بۆ نانووسم" و قسەکەشی حیسابی بوو.

بە هەموو حاڵ ناوی هەژار بۆ هەمیشە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە و بەرهەمەکانی لە بواری جۆربەجۆردا مایەی شانازی و شیاوی لێفێربوونن.

هەزار سڵاو لە گیان و ناوی و یادی هەمیشە بەخێر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیوێری ٢٠٢٢

## مەرگی کەریم شڵماشی کۆستێکی تازە




بەیانیی ئەمڕۆ شەممە ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی (٨ی ژانویەی ٢٠٢٢ی زایینی) کاک کەریم شڵماشی پێشمەرگەی بەوەفا و لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوای چەند مانگ ململانە دەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت لە نەخۆشخانەیەکی شاری کۆیەی هەرێمی کوردستان - عێراق کۆچی دوایی کرد و کۆڕی خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییە وەدینەهاتووەکانی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بەجێ هێشت.

کاک کەریم کە لە حەفتاکانی تەمەنیدا دەژیا ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. بەحوکمی ئەوەی خەڵکی گوندی «شڵماش»ی ناوچەی سەردەشت و لە دۆستە نیزیکەکانی بنەماڵەی شەهیدی سەربەرز مەلا ئەحمەدی شڵماشی ناسراو بە (مەلا ئاوارە) بوو، لە بزووتنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦دا بەشدارییەکی چالاکانەی هەبوو، و ماڵ و باغ و مەزرای بنەماڵەکەی هەمیشە پەناگا و جێحەسانەوەیەکی متمانەپێکراوی مەلا ئاوارە و شۆڕشگێڕەکانی بەشداری ئەم بزووتنەوەیە بوون.

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەسەر ڕێژیمی پادشایەتیدا و لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا پەیوەندیی دەگەڵ حیزبەکەی نوێ کردەوە و بوو بە پێشمەرگە و هەر زوو بوو بە

یەکێک لە پاریزەرانی جێباوەڕی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و سەرمەشقێک بۆ غەمخۆری و دیسیپلین و هەستکردن بە بەرپرسایەتیی پێشمەرگانە.

دڵسۆزی و ئەمانەت و نهێنیپارێزیی کاک کەریم وای کرد کە لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوییەوە بوو بە یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارێزەری گیانی دوکتور قاسملووی نەمر و هەموو سکرتێرەکانی حیزب هەتا ساڵی ١٣٨٥. لەو ماوەیەدا بەردەوام لە سکرتاریای حیزب خزمەتی کرد و بوو بە ئەمینداری جێی باوڕ و متمانەی تێکڕای ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرەکانی ڕیزی پێشەوەی حیزبی دێموکڕات.

جگە لەوانەش کەریم شڵماشی مرۆڤێ بێفیز و خاکەڕا، مێهرەبان و کۆمەڵایەتی بوو. دۆستی هەمووان بوو، لە کاتی پێویستیدا بە غەمی هەموانەوە بوو، و هەر بۆیەش خۆشەویست و جێمتمانەی هەموو هاوڕێیانی بوو.


بەشبەحاڵی خۆم لە یەکەم ڕۆژەکانی پێشمەرگایەتییەوە ناسیومە و پتر لە دە ساڵ لەنزیکەوە هاوکاری بووم. بۆ یەکجاریش بێمشووری، خۆبواردن لە بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبی و پێشمەرگایەتی و تەنانەت ماندووبوونیشم پێوە نەدی. سەرباری ئەمانە تا بتەوێ ئازا و بەجەرگ بوو، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە هیچ مەترسییەک نەدەپرینگایەوە، لە هیچ کەندوکۆسپێک نەدەسڵەمیەوە و چاوی نەدەترسا.

ئەگەر مەرگی کەریم شڵماشی بۆ هەموو هاوسەنگەرەکانی ڕوداوێکی تاڵ و ناخهەژێنە، بۆ منی هاوڕێ و هاوکاری دەیان ساڵەی بەڕاستی کارەستبارە. بەتایبەتی کە مەرگی کەریم شڵماشی برینێکی قەتماغەبەستووشمی کولاندەوە و ئازارەکەی لێ نوێ کردمەوە. ئاخر ئەمە دووەمین کۆستی گەورەی من لە ماوەی تەنیا هەشت مانگدا بوو. بەڵێ بەمەرگی شڵماشی برینی لەدەستدانی حەکیمیشم هاتەوە سۆ.

یادی گەورە تێکۆشەرانی وەک کەریم شەڵماشی لەلای هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکە مان نەمرە و ناویان بە خەتی زێڕین لە مێژووی کورددا تۆمار دەکرێ. ڕوحی شاد و ئازیزانی سلامەت. بە بۆنەی ئەم کۆستە بەژانەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی کاک کەریم بەتایبەتی جگەرگۆشەکانی و هاوسەرە وەفا دارەکەی و هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی و حیزبە خۆشەویستەکەی و لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. خوا سێبووریی هەمووان بدا و جێگای ویش بەهەشتی بەرین بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠٢٢

# عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو



**هەپەیڤین: دیاکۆ دانا**

**ئاماژە**: ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕۆژێکی هەرە مێژوویییە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. لەودا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە لە تێکۆشانی نهێنیی ئەو حیزبە ڕاگەیاندرا. ئەگەر ٣٢ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە لە چوارچرای مەهاباد نەمر قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات لە میتینگێکی هەزاران کەسیدا گوتاری سیاسیی کوردی بە گوێی هەمووان دادا و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمجارەیان دیسان هەر لە مەهاباد، ئەوە شەهید د. قاسملوو بوو لە میتینگێکی زیاتر لە سەت هەزار کەسیدا و لە مانیفێستێکی سیاسیدا دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.

"کوردستان" بۆ تیشک خستنەسەر بایەخی مێژوویی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسیی حیزب لەو ڕۆژەدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەباتکاری لەمێژینە و سیاسەتمەداری کورد کە یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو میتینگەش بووە، پێکهێناوە:

**دیاکۆ دانا**: بەڕێز مامۆستا ١١ ڕەشەممەی ئەمساڵ ٤٤ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاشکرای چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. ئامانجی حیزب لەو میتینگە چ بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێشدا سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. پیرۆز بێ یادی ڕووداوی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە بەهەق سەرەتایەک بوو بۆ زۆر پێشهاتی گەورەی مێژوویی لە کوردستانی خۆشەویست. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم:

پێکهێنانی ئەم میتینگە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئامانجی دیکە لە پشتەوەی ئەو ڕاگەیاندنە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی - ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە-، تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، بیروبۆچوونەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵک بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیەویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە. کورد دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ دەبوو بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەوتوو پێش ئەو ڕۆژە، هێندێ کەس داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە! کە هەر لەوێدا دوکتۆر گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو بە هەمووان نیشان بدەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی: هاوپێوەندی لەنێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی _ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لە واقیعدا بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی تەنانەت کۆمەڵەش بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانەویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵی دواییدا گرتوویەتە پێش، وەلا بنێ و یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی کۆمەڵی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو

ئەگەر ئێمە داوای موجەوویزی تێکۆشانی ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی بکەین، ڕەنگە بە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە و دووریش نەبوو جوابەکەمان مەنفی بێ و پێمان بڵێن نەخێر نابێ. بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە هەلومەرجی ئەوڕۆژەدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری خەڵکی دەستی بە کار کردووە؛ بەئاسانی ناتوانێ لە دژی بوەستێ. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقێکی قانوونیی خۆمان دەزانین و کەلکیشی لێوەردەگرین.

**دیاکۆ دانا**: ئەم ڕووداوە لەوکاتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش دانا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە کاتی خۆیدا بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو. چونکە بەڕاستی نیشانی دا کە ئەم حیزبە چ پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە و بێ لەخۆبایی‌بوون دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژەوە دێموکرات بووە حیزبی جێی هیوای خەڵک و تەنانەت مەرجەعێکی سیاسییش. وتاری دوکتۆر قاسملووش بوو بە مانیفێستی ئەم حیزبە کە هەتا ئێستاش لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆیدا هەر ئەو ئەسڵانە وەک سەرمەشق و ڕێنیشاندەر چاو لێ دەکا کە لەو میتینگەدا هاتوونە گۆڕێ.

**دیاکۆ دانا**: وەک ئاماژەتان پێ دا دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبدا وتاری سەرەکیی ئەو میتینگەی پێشکێش کرد. هێڵە گشتییەکانی ئەم وتارە چ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وتاری دوکتۆر قاسملوو کە لەڕاستیدا بە پەسندی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبیش گەیشتبوو، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێبازی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو. (ئەودەم وشەی ئێران بەشێک لە ناوی حیزب نەبوو) زۆر ئەسڵی گرنگ و سەرەکی لەو وتارەدا گونجابوون، لەوانە هەە وەک نموونە:

- دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بەرانبەر ڕێبەران و بنیاتنەرانی حیزب و هەموو ئەوانەی پێش ئەوکاتە نەخشێکیان لە بەرەوپێش‌بردنی کار و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا یاری کردبوو.

- خوێندنەوە و بە گرنگ‌زانینی نەخشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بانگهێشتنی هەمووان بۆ یەکگرتن و

هاوخەباتی لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

- پێداگرتن لە سەر هاوکاری و خەباتی هاوبەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان چ ئەوانەی ئەو کاتە لە مەیدان بوون و چ ئەوانەی دواتر پێیان نایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی.

- بانگهێشتنی هەمووان بۆ تەمرینی دێموکڕاسی و پێداگرتن لەسەر ئەوە کە کوردستان لە پاوانی هیچ گرووپێکدا نییە و هەمووان بۆیان هەیە لە فەزایەکی کراوەی دێموکراتیدا بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن.

- داوای نیزیکی و هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە تێیدا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن.

- داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دێموکراتیکی نیشتمانی و بەڕەسمیناسینی ماف و ئازادییەکان و وەلانانی سیاسەتی میلیتاریستی و بەدوورگرتنی سوپا لە دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی و تەرخانکردنی تواناکانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سنوورەکانی وڵات.

- هەروەها بانگهێشتکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی و بەدوور لە دەستەبەندییە نیزامییەکان.

- ڕەتکردنەوەی تۆمەتی بێبنەمای جیاوازیخوازی و ڕاگەیاندنی ئەم ئەسڵە کە ئەو جۆرە تۆمەتلێدانە ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بگێڕێتەوە.

**دیاکۆ دانا**: گرینگیی پەیامەکەی د. قاسملوو لە چیدا بوو؟ ئەو پەیامە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانگەی خەڵک بۆ حیزب و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕوانینی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دانا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گرنگیی ئەو وتارە پێش هەموو شتێک لەوەدا بوو کە پاش پتر لە سێ دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەمین جار بوو خەڵک گوێیان لە باسێکی ورد و جامیعی سیاسی دەبوو کە بە جۆرێک هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتی هاونیشتمانانی لەخۆ گرتبوو. کاریگەریی وتارەکە لەسەر بیروڕای خەڵکی کوردستان وا دەبینم کە پوختەی ویست و

داخوازەکانی گەلی کوردی بۆ هەمووان گەلاڵە کرد و بەش بەحاڵی خۆم شوێنەواری ئەو وتارە و لەویش زیاتر پەیامی حیزبی دێموکرات لە زوربەی بۆچوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەدی دەکەم. بۆ باسی کۆماری ئیسلامی وا بزانم ئەوەندە بەسە کە پاش ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژیم هەرگیز ڕێگای نەدا ئەم حیزبە لە ڕێگای ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنەوە سیاسەتەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باس بکا، چونکە دەیزانی کۆی ڕوانگە سیاسی و نیشتمانییەکانی حیزب لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێن و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بە دژی حیزب و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد پووچەڵ دەکەنەوە.

**دیاکۆ دانا**: بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی میللی-دێموکراتیک هەمیشە باوەڕی بە بەها و بایەخە نەتەوەییەکان هەبووە، حیزب دوای ١١ی ڕەشەممە چۆن توانی پێشەنگایەتیی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە کوردستاندا بکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ڕاستگۆیانە دەڵێم پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەموو هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورددا هەبووە و نەخشی حیزبە سیاسییەکان پتر لەوەدایە کە فۆڕمی هێنانەگۆڕ و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان داهێناوە و زیادیشم نەگوتوە ئەگەر بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی نەخشی بنەڕەتیی لەو بوارەدا گرتۆتە ئەستۆ. بەو حاڵە پێم باش نییە باسی پێشەنگایەتیی حیزب بکەم و لە نەخشی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە. باشترە قەزاوەت لەو بارەیەوە بۆ خەڵک بەجێ بێڵین.

**دیاکۆ دانا**: بەڕێز مامۆستا لە وتاریکدا کە چەند ساڵ لەوە پێش بەو بۆنەیە پێشکێشتان کرد، فەرمووتان کە وتارەکەی د. قاسملوو بۆ ئێستاش تازەیە؟ مەبەست چییە؟ مەبەست لە وەدینەهاتنی بەرنامە و داخوازەکانی کوردە، یان ئەوە کە دۆخی سیاسیی وڵات نەگۆڕاوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوە ڕاستە کە بەداخەوە هێشتا داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بەڕەسمی نەناسراون و وەدی نەهاتوون و بۆ بەدەستهێنانیان هێشتا خەباتێکی سەخت و ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەپێشە، بەڵام لەوێدا مەبەستم ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەگشتی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە کە پاش ٤٤ ساڵ و بگرە دوای ٧٧ ساڵ ئێستاش هەر ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار هاوشانن.


**دیاکۆ دانا**: ٤٤ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ئەگەر جەنابت بفەرمووی شتێکی زیادە بخەیە سەر ئەو بابەتە، یان قسەیەکی

نەگوتراوتان مابێت.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیچم نییە لێی زیاد بکەم و گرنگیی وتارەکەش هەر لەوەدایە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ پتری لەسەر بدوێم دەڵێم، دوو ڕێبەری زانای حیزبی دێموکرات - پێشەوا قازی محەممەد و دوکتۆر قاسملوو- زۆر میراتی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین کە یەکێک لە گرنگترینەکانیان واقیعبینی و تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی خەبات و پارسەنگی هێزەکانە. هیوادارم حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرەکانی لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتیدا بن قەدری ئەو میراتە بەنرخە بزانن و لە قسە و کردەوەدا بەکاری بەرن. دوکتۆری نەمر زۆرجار پێی دەگوتین هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ڕەوا پیرۆزە، بەڵام سیاسەت لەسەر بناخەی ئارەزوو ناکرێ و سەروکاری لەگەڵ واقیعییەتەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## مەرگی عەبدولکەریم شێخانی: خەسارێکی گەورە



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ - ٨ - ٢٠٢٣ نووسەر و وەرگێڕ و تێکۆشەری گەورەی کورد مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی پاش دەیان ساڵ خزمەت بە زمان و ئەدەب و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد تێکەڵ بە کۆمەڵی نەمران بوو و هەزاران خەون و ئاواتی وەدینەهاتوو بۆ گەل و نیشتمانی دەگەڵ خۆی بردە بن گڵ. بەپێی ئەو هەواڵانەی بڵاو بوونەوە تەرمی مامۆستا شێخانی کە دواڕۆژ و ساتەکانی ژیانی لە شاری هەولێر بەڕێ کردبوون لە گۆڕستانی کەسنەزانی ئەو شارە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا. ئەگەرچی دەنگدانەوەی مەرگی کەریم شێخانی بە هیچ جۆر بارتەقای ژیان و خزمەتەکانی ئەو پیاوە دڵسۆز و خۆنەویستە نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ لەدەستچوونی بووە مایەی داخ و کەسەری کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکان و بەگشتی دڵسۆزانی نەتەوەی کورد و هاوسۆزیکردن لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکارەکەی.

مامۆستا شێخانی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا کەسێک نیە پێویستیی بە ناساندن هەبێ و زۆربەی ئەوانەی لەو کۆستەدا لەسەریان نووسی یان لەسەریان نەنووسی لەمن شارەزاتر لە ڕابردووی و ئاشناتر بە کار و بەرهەمەکانی ئەو سەرمایە لەدەستچووەن. بەو پێیە ئەمن لە بەرهەمەکانی نادوێم و بە قەڵەمە تا سەر بەبڕشتەکەی هەڵنائێم. حەز دەکەم ئەگەر بەکورتییش بووە باسی ئەو کەریم شێخانییە بکەم کە بۆخۆم دەمناسی:

- کاک کەریم شێخانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیی بە وردەکاری و بە ڕێنووس و ڕێزمانەوە دەزانین. ئەوەندەی بۆخۆم بزانم لەگەڵ ئەوەی تێبینیی وردی لەسەر زمان و لێدوانی تەنانەت نووسەر و ئەدیبانی عەرەبیش زۆر بوو، بەڵام غەمی ئەو بەشەی بۆ غەمخۆرانی ئەو زمانە بەجێ هێشتبوو کە هەرچی لە ئیمکانات پێویستە لەبەردەستیاندا هەبوو. خەمی گەورەی مامۆستا شێخانی خەمی زمانی کوردی بوو کە بە هەموو کەموکوڕییەکی جەرگی دەهاتە ژان و دەگەڵ هەر هەڵەبەکارهێنانێکی دەکەوتە هەژان. ڕاستە وەک هەموو شارەزایانی ئەو بوارە خەفەتی دەخوارد و لەبەرخۆیەوە دەیناڵاند، بەڵام زۆر جار بەوەندە ڕازی نەدەبوو و هاواری لێ هەڵدەستا. لە زۆر بۆنەدا و هەر جارەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیدا دەنگی هەڵدەبڕی و بێ ئەوەی قامک لەسەر خەتابار دابنێ خەتای دەستنیشان دەکرد و هەڵەی ڕاست دەکردەوە. بەداخەوە کەمیش وابوو گوێی لێ بگیرێ و تێبینییە وردەکانی لەبەرچاو بگیرێن. لەوحاڵەتانەدا پتر خۆی دەخواردەوە و تەنانەت هێندێ جار بێدەنگەی لێدەکرد و بەردی لەسەر دادەنا. کەچی پاش ماوەیەک دیسان بێدەنگیی دەشکاند و هاواری لێ هەڵدەستایەوە.

- خەسڵەتێکی بەرزی مامۆستا بێفیزی و خاکەڕایی بوو و دەگەڵ ئەو هەموو زانایی و شارەزاییەکە هەیبوو خۆی بەسەر کەسەوە ڕانەدەنا و فیزی بە کەس نەدەفرۆشت. دەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆشی و هەموو نەوە (جیل)ەکانی دوای خۆش برادەر بوو، و لە زانیارییەکانیشیدا چەندی بتەوێ بەخشندە بوو.

- مامۆستا وەک هەمووومان ڕۆڵەی کوردستانێکی دابەشکراو و بەو پێیە سەر بە بەشێکی کوردستان بوو. دەزانین کە ڕابردوویەکی بەردرێژی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی باشوور و تەنانەت ئەندامەتی لە حیزبەکانی ئەم بەشەی کوردستانیشدا هەبوو، بەڵام لە ویژدانی کوردانەی خۆیدا هیچ وەخت ئەو دابەشکردنەی قبووڵ نەکرد و دەگەڵ ئازاری هەموو پارچەکانی کوردستان دەژیا. ئەمەشی زۆر جار بە نووسین و تەنانەت بە شێعریش دەردەبڕی. ئەوەی من بزانم مامۆستا لەمەش بەولاوەتر دەڕۆیشت و دڵی دەگەڵ دڵی زۆرلێکراوانی هەموو گەلان یان بڵێین هەموو گەلانی زۆرلێکراو لێی دەدا. نازانم بڵاو بوونەوە یان نا، بەڵام بۆخۆم شێعری عەرەبیم لە هاودەردی لەگەڵ خەڵکی فەلەستیندا لێ بیستوە.

شتێک کە وا بزانم قەت بۆخۆی باسی نەکردوە و کەس لێی نەبیستوە و بە ئەمەگناسییەوە باسی دەکەم ئەوەیە کە مامۆستا کەریم شێخانی بۆخۆم وەک کەسێک کە کەمتاکورتێک سەروکاری لەگەڵ وشەی کوردی هەیە سەرچاوە و پەناگەیەک بوو. هەروەخت بۆ وشەیەک یان دەربڕینێکی کوردی یان عەرەبی دادەمام هاوارم تێ دەبەست و هەرخۆم و خۆشی دەمانزانی بە چ خەمخۆرییەکەوە بەهانام دەگەیشت. ئەگەر ڕێ کەوتایە کاتی پرسیارکردنم وەڵامی پێویستی لەلا نەبێ، کۆڵی نەدەدا و بەدوایدا دەگەڕا هەتا دەگەیشتە جوابێک کە بەدڵی هەردووکمان بێ و ئاگاداری دەکردمەوە.

شتێک کە ناتوانم نەیڵێم ئەوەیە کە ئەم پیاوە ناسراو و پڕبەهرە و خزمەتە بۆ وا بە بێدەنگی مرد و وەک گەوهەرێکی قیمەتی بە نهێنی ژێرخاک کرا. دەگەڵ شانازیم بە هەموو بستەخاکێکی کوردستان بۆچی دووگەز لە خاکی شاری لەدایکبوون و پەروەردەبوونی خۆی پێ ڕەوا نەبینرا تا ببێتە دراوسێی دەیان نووسەر و شاعیری هاوشار و هاودیار و هاوکاری خۆی؟

بەبۆنەی ئەم کۆستە گەورەیەوە پڕبەدڵ سەرخۆشی و هاودەردی پێشکەشی هەموو خزم و کەسوکاری مامۆستا شێخانی، کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکانی کورد و خەڵکی شارە بەهرەدارەکەی کۆیە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. ڕووحی مامۆستا کەریم شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و کەسوکار و ئازیزانی خۆش بن. یادی هەمیشە بەرێز بێ.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە

١٤ - ٨ - ٢٠٢٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

# بیست ساڵەی ماڵپەڕی گیاڕەنگ.




٢٢ی ئاوریلی ٢٠٢٣ی زایینی (٢ی بانەمەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی) بیست ساڵی تەواو بە سەر دامەزرانی ماڵپەڕی چالاک و ڕەنگاوڕەنگی گیاڕەنگ بە سەرپەرستیی تێکۆشەرانی دێموکرات خاتو شلێری حەسەنپوور و کاک حەمەڕەسووڵی کەریمیدا تێدەپەڕێ. بۆ کەسی ناشارەزا لە کاروباری میدیایی ئەم ڕووداوە شتێکی ئاساییە و ئەو بیست ساڵە وەک بەسەر هەموو تەمەنێکدا تێپەڕیوە لە تەمەنی پڕبەرهەمی ئەو ماڵپەڕەش گوزەراوە. بەڵام ئەوانەی ئەهلی دڵن و ڕۆژگارێک بە غەمی بەڕێوەبردنی دەزگایەکی میدیایی (ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ تەلەڤیزیۆن و...)وە تلاونەوە باش دەزانن ئیدارەی دەزگایەکی لەوبابەتە بۆ تەنیا دوو کەس و ئەویش بەبەر هەموو ئەرکەکانی ژیان و خەباتەوە و بەداخەوە زۆرجار دەگەڵ زۆر گیروگرفتی نەخۆشی و لەدەستدانی ئازیزان و هی دیکە چ ڕەنجێکی فەرهاد و چ لەخۆبووردوویی و شەو و شەونخوونییەکی لەگەڵ بووە.

دەزانین ئەو کچ و کوڕە بۆخۆیان هەموو ئەرکە ماددی و فکرییەکانی بەڕێوەبردنی ماڵپەڕیان بەتەنیا و بێ کۆمەگ و هاوکاریی هیچ حیزب و ڕێکخراو و دامودەزگایەک خستۆتە سەر شانیان و بە ڕووسووری و سەرکەوتوویی گەیاندوویانەتە ئەو تەمەنە کە هەر ئەمە خۆی جێگەی ئافەرین و دەستخۆشی و تەنانەت قەدرزانیی دڵسۆزانی گەلەکەیانە. بەڵام گیاڕەنگ و گیاڕەنگییەکان لەبەر هێندێ خەسڵەت و سروشتی جوانی دیکەش جێگای تەقدیر و پێزانینن. بزانین چۆن و لەبەر چی؟

- گیارەنگ بە قەدەر توانای خۆی دەزگایەکی خەبەرگەیاندن بووە و ئەوەندەی دەستی پێڕاگەیشتبێ خوێنەرانی خۆی لە دەنگوباس و ئاڵوگۆڕەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کۆ کردۆتەوە و بە ئەمانەتەوە بۆ خوێنەران و ئۆگرانی خۆی گوازتۆتەوە.

- دەگەڵ ئەوەی هەڵسووڕێنەرانی گیارەنگ سەر بە حیزبێکی سیاسی و لە تێکۆشەرانی چالاکی حیزبی خۆیان بوون، دەنگوباس و زانیارییان لەبارەی هەموو حیزب و رێکخراوەکانەوە -ئەوەندەی دەستیان پێڕاگەیشتبێ- گوازتۆتەوە و نەیانهێشتوە دەمارگرژیی حیزبی بە کارەکانیانەوە دیار بێ.

- گیارەنگ هیچ وەخت نەبۆتە مەیدانی شەرەدندووکەی کەسەکان و حورمەت و خاوێنیی قەڵەمی بەرادەیەکی بەرچاو پاراستوە، کە ئەمە بەڕاستی شیاوی ئافەرین و دەستخۆشییە.

- زمانی گیارەنگ کوردییەکی پاراو بووە و لەباری رێنووس و رێزمانەوە یەکێک لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییە سەرکەوتووەکانە. دیارە بەداخەوە نووسینی کوردی هێشتا شێوەیەکی یەکگرتووی نیە و رەنگە بەتایبەتی ئەوکاتەی بابەتی خوێنەرانی بڵاو کردۆتە تووشی جیاوازیی رێنووس بووبێ. بەڵام ئەوەندەی کاری بەرێوەبەران خۆیان بووە دەکرێ بڵێین بە وردی یەکرەنگی بە بابەتەکانیەوە دیار بووە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی جێی خۆشحاڵییە.


زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئارشیڤی گیارەنگ سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە کە دەکرێ لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی و خەبەرییەوە سەردانی بکرێ و بەهرەی باشی لێوەربگیرێ.

بەو بۆنەیەوە سڵاو و رێز و دەستخۆشی و ماندوونەبوونیم پێشکەشی بەرێوەبەرانی گیارەنگ دەکەم و بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوزم. بیست ساڵەی دامەزرانی گیارەنگ لە بەرێوەبەران و خوێنەران و هەموو دڵسۆزانی کورد پیرۆز بێ و سەرکەوتن بۆ خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمان.

عبدالله حسنزاده

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٣

# پەیامی مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە بە بیانووی بەخشینی خەڵاتی زێڕینی «بلە» بە مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان




حەوتووی ڕابردوو لە سلێمانی پێتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان خەڵاتی ساڵانەی «بلە» (ابراهیم احمد) درایە ژمارەیەک لە داهێنەرانی کورد لە بوارە جۆراوجۆرەکان و لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا کە یەکێک لەوان فەرهەنگنووس و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی بلیمەتی کوردی کرماشانی ئاکۆ جەلیلیان بوو. لەگەڵ دەستخۆشی لە بەخشەری خەڵاتی «بلە» و پیرۆزبایی لە هەموو ئەو داهێنەرە بەڕێزانەی لەم خولەدا ئاوڕیان لێدراوەتەوە و ڕێزیان لێگیراوە، حەز دەکەم لەسەر یەک لەو ئازیزانە هەستی ئەمەگ و قەدرزانیم دەرببڕم، بێئەوەی خوا نەکردە لە قەدری هیچکام لەوانی دیکە کەم بکەمەوە.

چەند ساڵێکە لەگەڵ ناوی عەبباس، ئاکۆ جەلیلیان ئاشنام. زۆر بەداخەوە تا ئێستا ئەو بەختەوەرییەم نەبووە لە نیزیکەوە ببیینم، چاوی و لاچاوی و ئەگەر ڕێگەم بدا قەڵەم و دەستی قەڵەمی ماچ بکەم، ئافەرینی پێ بڵێم و شانازیم بە بوونیەوە دەرببڕم. بۆیە دەمەوێ بەم هۆیەوە تا ئەو کاتەی عومری ئەمانەتی دەرفەتی دیتنی ڕاستەوخۆم بۆ دەڕەخسێنێ چەند دێڕێکی بە باڵا ببڕم کە دەزانم چەندیش خۆ هەڵدەن ناتوانن بە بەژنی بەرزی تواناکانی هەڵزنێن. شێعرێکی حافزی شیرازی دەڵێ «طی مکان ببین و زمان در سلوک شعر کاین طفل، یکشبه ره صد ساله میرود» لەتی دووەمی بەیتەکە دەڵێ ئەم منداڵە بە شەوێک ڕێگای سەد ساڵ دەبڕێ. زۆرمان نەگوتوە و خاترمان نەگرتوە ئەگەر بڵێین ئاکۆی جەلیلیان نموونەی زیندووی ئەم جۆرە منداڵانەیە. ئەو ڕێگا پڕکەندولەند و هەوراز و نشێوەی خزمەت بە زمان و

ئەدەبی کوردی ئەگەر گەورە نووسەرانی ڕابردوومان بە چل ساڵ و پەنجا ساڵ و زیاتر بڕیویانە ئاکۆی جەلیلیان و - بەخۆشیەوە تەنیاش نیە- سەلاحی پایانیانی بە بیست ساڵ بڕیویانە و تەنانەت تێشیان پەڕاندوە.

ئەگەر سەلاحی پایانیانی قسە لە فەرهەنگی زارەکیی موکوریان دەکا و بەکردەوە خزمەتی بە هەموو بنزاراوەکانی کرمانجیی خواروو کردوە و شاکاریشی خوڵقاندوە، ئاکۆی جەلیلیان بێئەوەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان گەڕابێ ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی هەموو شێوەزار و بنزاراوەکانی زمانی کوردیدا تاو داوە و بە چیرۆک و ڕۆمان و فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا بەرهەمگەلێکی خوڵقاندوە کە بۆ زمانی کوردی چەپی لەبەر فەرهەنگی دێهخودای فارسیدا نیە و دەکرێ بڵێین شان لە شانی لارووسی فەڕانسەییش دەدا. لەوانە گرنگتر، ئاکۆ زاراوە و بنزاراوە بێناز و لەبیرکراوەکانی باشووری کوردستانی خۆرهەڵاتی بۆ زیندوو کردووینەوە کە ئەگەر کەسانی وەک ئەو بە فریایان نەگەیشتبان مەترسیی ئەوە هەبوو لەنێو تابڵەمەی زمانی فارسیدا بتوێنەوە و تەنانەت لە مەودای دووردا ئاخێوەرانیشیان لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی خۆیان داببڕێن.


شایانی باسە کە ئاکۆ جەلیلیانیش هەر وەک زارا موحەممەدی و زۆری دیکە لە دڵسۆزانی کورد هەر بە «تاوان»ی خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردی کەوتۆتە بەر «مەرحەمەت»ی کاربەدەستانی دەوڵەت و ماوەی نیزیک لە ساڵێکیش تامی تاڵی چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی چاشتوە. لە هەمووی شەرماویتر، سەفەر بۆ هەرێمی کوردستان-عێراق و بەشداریی کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەو بەشەی کوردستانی بە «جاسووسی و خزمەت بە بێگانە» لەسەر نووسراوە.

ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم بەداخەوە وا دیارە ئاکۆش وەک زۆر نووسەر بەهرەوەری دیکەی کورد دەگەڵ گیروگرفتی ماڵی بۆ چاپی بەرهەمەکانی بەرەوڕوویە و بەشێکی زۆری کارەکانی چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بۆ چاپ و بڵاو بوونەوەن. ئارەزوو دەکەم هەم دەوڵەمەند و خواپێداوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەو بارەیەوە کۆمەگ بکەن و هەم دامودەزگا فەرهەنگییەکانی هەرێمی کوردستان - کە لە ڕابردووشدا کۆمەگیان بەم بوارانە کردوە- ئاوڕ لەوکارە بەنرخەی ئەو لاوە بلیمەتە بدەنەوە. سڵاو و ڕێز و سوپاسم بۆ کاک ئاکۆ. تەمەنی درێژ و خەرمانی بەرهەمی پڕپیت و بەرەکەت بێ.

عبدالله حسنزاده

٢ - ٣ - ١٤٠٢ = ٢٣ - ٥ - ٢٠٢٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٢٣




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**